بەشێک لە پەیامەکانی نوور

رابەری خوشکان

٧



بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق رەسوول یەحیا

کردوویە بە کوردی

بسم الله الرحمن الرحیم

رابه‌ری خوشکان

ئەم کتێبە:

* چەند نامیلکە و وردە باسێکن کە مامۆستا (**بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسـی**) لە (پەیامەکانی نوور)دا بە زمانی تورکی داینـاون و، بە تایبەتی ئاراستەی (خوشکان)ی کردوون. پاشان لەم کتێبەدا کۆی کردوونەتەوە.
* مامۆستا (**ئیحسان قاسم صالحی**) لە زمانی تورکی‌یەوە کردوویەتی بە عەرەبی.
* (**فاارووق ڕەسووڵ یەحیا**) لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی.
* مامۆستا (**حسـەین حەسـەن کـەریم**) بەم کوردی‌یەدا ڕۆشتووەتەوە و لەگەڵ دەقی عەرەبی‌یەکەدا بەراوردی کردووە.
* مامۆستا (**عەبدولـکەریم عەبدوڵلا ڕەفعەت**) پیایدا ڕۆشـتووەتەوە و لەگەڵ دەقە تورکی‌یەکەدا بەرامبەری کردووە.
* چاپی یەکەم: هەولێر ١٤١٦ك - ١٩٩٦ز
* چاپی (شەرعی و بژارکراوی) سێهەم: بەیرووت ١٤٣٣ك - ٢٠١١ز
* لەسەر ئەرکی وەرگێڕ لە چاپ دراوە.
* (ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا) نەخشەی بەرگی کێشاوە و سەرپەرشتیی چاپی کردووە.
* هەموو مافێکی چاپ و، لەبەرگرتنەوە و، بڵاوکردنەوە و، هەر چەشنە دەست تێوەردانێك، بە پێی شەرع و یاسا و بەها ئایینی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتی‌یەکان، پارێزراوە بۆ وەرگێڕ.
* ژمارەی سپاردنی (١٤٣)ی ساڵی (١٩٩٦)ی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان پێ دراوە.

بەشێك لـە پەیامەكانی نوور

ڕابەری خوێشكان

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

كردوویە بە كوردی

تێبینی‌یه‌ك:

ئـه‌م كتێبـه‌ی به‌رده‌ستـی خوێنـه‌ری به‌ڕێز، له‌ چه‌ند نامیلكه‌ و كورته‌ باسێكی "په‌یامـه‌كانی نـوور" پێكـهاتووه‌، كـه‌ ئاراسـته‌ی (خوشـكان) كـراون، چ ئه‌وانـه‌یان لاون و چ ئه‌وانـه‌ش كـه‌ ته‌مه‌نێكیان هه‌یه‌. مامۆستا نوورسی بۆ خۆی له‌و په‌یامانه‌ هه‌ڵی بژاردوون و، به‌م شێوه‌یه‌ بلاَوی كردوونه‌ته‌وه‌. (وه‌رگێڕ)

لە بریسکەی بیست و چوارەم:

گفتوگۆیەك لەگەڵ خوشکانی دوارۆژمدا

باسمه سبحانه

لە چەند "پارێزگایەك"دا دەمبینی ئافرەتان بایەخێکی گەلێ گەرموگوڕ و خاوێن بە "پەیامەکانی نوور" دەدەن. کاتێکیش بۆ جاری سێهەم هاتم بۆ ئەم قوتابخانەی زەهرای مەعنەوی‌یە، کە شاری پیرۆزی "ئیسپارتە"یە، بیستم ئەو ئافرەتە پاك و پیرۆزانەی خوشکانی دوارۆژم چاوەڕوانی ئەوەن دەرسێکیان پێ بڵێم بە چەشنی ئەو دەرسانەی لە مزگەوتەکاندا بۆ پەند و ئامۆژگاری دەوترێنەوە. چونکە بۆم دەرکەوت ئەو خوشکانە گەلێ پشت بەو دەرسانەم دەبەستن کە تایبەتن بە نوورەوە بە ڕادەیەك کە لە سەرووی وزە و توانای منەوەیە.

بەڵام من دووچاری چەندین نەخۆشیم و لەوپەڕی لاوازی و ماندوویی‌دام، تەنانەت توانای قسە و بیرکردنەوەشم نەماوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم شەو "ختوورە"یەکی بەهێزم بە دڵدا هات، کە ئەمەی خوارەوەیە:

(تۆ، پازدە ساڵ پێش ئێستا، لەسەر داخوازیی لاوان پەیامی "ڕابەری لاوان"ت نووسی و، کەسانێکی زۆریش سوودیان لەو پەیامە وەرگرت. کەچی ئافرەتان پێویستیی زیاتریان بەو چەشنە "ڕابەرە" هەیە لەم سەردەمەدا).

جا هەرچەندە من گیرۆدەی کۆڵەواری و لاوازیم، بەڵام لەبەر ئەم "ختوورە"یە، بەوپەڕی پوختی و لە نێوان "سێ سەرنج"دا هەندێ مەسەلەم بۆ

ئەو خوشکە پیرۆز و کیژە لاوانەی خۆم نووسی لەو مەسەلانەی کە پێویستیان پێیان دەبێت.

□ سەرنجی یەکەم:

لەبەر ئەوەی گرنگترین بناغەی پەیامەکانی نوور "شەفەقەت"ە و، ئافرەتانیش ڕابەران و پێشەوایانی شەفەقەت و پاڵەوانانی میهرەبانین، ئەوا بەپێی سروشتی خۆیان لە هەموو کەسێك زیاتر پەیوەستەی پەیامەکانی نوورن. سوپاس بۆ خوای گەورە، لە زۆر شوێندا هەست بەم پەیوەندییە سروشتییە دەکرێت.

"خۆبەخت کردن"یش کە لە شەفەقەت و میهرەبانیدایە، گرنگییەکی گەلێ مەزنی لەم سەردەمەی خۆماندا هەیە، چونکە ئیخلاسی ڕاستەقینە و فیداکاریی بێ بەرامبەر دەگەیەنێت.

بەڵێ، کە دایك بۆ ڕزگارکردنی جگەرگۆشەکەی و، بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێك بکات و بەپێی فەرمانبەریی سروشتیی خۆی و بە ئیخلاسێکی ڕاستەقینە، خۆی و گیانی بۆ منداڵەکانی بەخت دەکات.. ئەم کارە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پاڵەوانێتییەکی بەرز و بلند و بێ وێنە لە ئافرەتاندا هەیە، بە چەشنێ کە دەتوانن بە دۆزینەوە و دەرخستنی ئەم پاڵەوانێتییەی دەروونیان ژیانی دنیا و قیامەتیان ڕزگار بکەن.

بەڵام چەند تەوژمێکی خراپکار هەن نایەڵن ئەم ڕەوشتە بەنرخ و بەرزەی ئافرەتان دەربکەوێت، یان لە غەیری شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا دەیخەنە کار و، بەم پێیە لە ڕێ و شوێنی خۆی لایدەدەن و بە شێوەیەکی نابەجێ بەکاری دەهێنن.

وا لە نێوان سەدان نموونەی ئەمەدا، تەنها یەك نموونە دەهێنینەوە:

دایكی میهرەبان هەردەم ئامادەیە بۆ هەموو فیداكاری و خۆبەختكردنێك، تاكو بەڵا و گیروگرفت و تیاچوون لە منالەكەی دوور بخاتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی لە دنیادا سوودی پێ بگات. ئیتر منالەكەی لەسەر ئەم بناغەیە پەروەردە دەكات و، هەموو سامانێكیشی لە پێناوی ئەوەدا خەرج دەكات كە كورەكەی ببێت بە مرۆڤێكی مەزن و فەرماندەیەكی گەورە. دەبینیت لەم پێناوەدا لە قوتابخانەی زانستە ئایینی‌یەكان دەری دەهێنێت و بۆ ئەورووپای دەنێرێت، بێ ئەوەی بیرێك لەوە بكاتەوە كە بەم كارەی ژیانی هەمیشەیی ئەو كورەی خستووەتە مەترسی‌یەوە!

ئەم دایكە لە كاتێكدا هەوڵ دەدات كورەكەی لە بەندیخانەی دنیا رزگار بكات، گوێ نادات بەوەی بیخاتە بەندیخانەی هەمیشەیی دۆزەخەوە. كەواتە هەڵسوكەوتێك دەكات ئەوپەڕی پێچەوانەی سروشتی خۆیەتی. ئەوەتا لە بریی ئەوەی كورەكەی بە جۆرێك پێ بگەیەنێت كە لە دوارۆژدا شەفاعەتی بۆ بكات، كەچی وا پێی‌دەگەیەنێت كە لەودنیادا سكاڵای لەدەست بكات، چونكە كوڕێك كە بەو چەشنە پەروەردە كرابێت، لەودنیادا سكاڵا لەدەست دایكی دەكات و پێی دەڵێت:

(بۆچی لە دنیادا ئیمانت بەهێز نەكردم تاكو بوویت بەهۆی ئەم تیاچوونەی ئێرەم)؟!

ئنجا لەبەر ئەوەش بە تەواوی و بەپێی پەروەردەی ئاینی ئیسلام پەروەردە نەكراوە، ئەوا – هەر لەم دنیایەدا – گوێ بە شەفەقەتە بێ وێنە و ناوازەكەی دایكی نادات، بەڵكو لەوانەیە قسوور و كەمتەرخەمیی زۆریشی لە ڕوودا بنوێنێت!

بەڵام ئەگەر ئەو دایكە هەوڵ بدات ئەو شەفەقەتەی كە پێی بەخشراوە، بە باشی و لە جێی خۆیدا بەكاربهێنێت و، لە ڕێی شەفەقەتەوە كوڕە لاوازەكەی

خۆی لە بەندیخانەی هەمیشەیی - کە دۆزەخە - و لە ئیعدامی هەتاهەتایی - کە مردنە لە گومڕاییدا - ڕزگار بکات، ئەوا دوای وەفاتی خۆی ئەو کوڕەی هەمیشە نوور و ڕووناکی بۆ گیانی دایکی میهرەبانی دەنێرێت. چونکە بە ئەندازە و چەشنی ئەو کردەوە چاکانەی کە ئەو کوڕەی لە دنیادا ئەنجامیان دەدات، کردەوەی چاك لە لاپەڕەی کردەوەکانی ئەو دایکەشدا تۆمار دەکرێن. هەروەك بۆی دەبێت بە کوڕێکی پاك و دڵسۆز و، پێکەوە ژیانێکی هەمیشەیی بەسەر دەبەن و، لای خوای گەورەش شەفاعەتی بۆ دەکات و، سکاڵاشی لەدەست دەرنابڕێت.

بەڵێ، یەکەم مامۆستای مرۆڤ، کە لە هەموو کەسێك زیاتر کاریگەریی تێدا هەیە، دایکیەتی!

وا بەم بۆنەیەوە ئەم واتایە ڕوون دەکەمەوە کە بە تەواوی و بێ گومانی لە خۆمدا هەستی پێ دەکەم:

سوێند بە خوای گەورە، قووڵترین و دامەزراوترین وانەیەك وەرم گرتووە و هەمیشە لە دەروونمدا نوێ دەبێتەوە: ئامۆژگاری و وانە مەعنەوییەکانی دایکمن - خوا لێی خۆش بێت - بە چەشنێ کە لە ناخی سروشتمدا ئەو دەرسانەی ئەو جێگیر بوون و، لە جەستەشمدا وەك "تۆو"یان لێ هات لە درێژایی ماوەی تەمەنمدا کە خۆی لە هەشتا ساڵ دەدات، هەرچەندەش دەرسم لە هەشتا هەزار کەس وەرگرتووە. تەنانەت لەو دڵنیاییەشدام کە دەرسەکانی تر لەسەر بناغەی ئەو تۆوانە سەوز بوون و بنیات نراون.

واتە: ئامۆژگاری و دەرسەکانی دایکم کە لە ساڵانی یەکەمی تەمەنمدا ئاراستەی سروشت و گیانی منی کردن، من بە چەند تۆوێکی بنەڕەتییان دەزانم لە نێوان ئەو ڕاستییە مەزنانەی کە ئێستا لە تەمەنی هەشتا ساڵیمدا دەیانبینم.

نموونەی ئەمە:

"شەفەقەت" كە گرنگترینی چوار بناغەكانی ڕێبازی ژیانمە، هەروەها "میهرەبانی و بەزەیی" كە ڕاستییەكی مەزنی پەیامەكانی نوورە، بەوپەڕی دڵنیایی دەبینم كە هەردووكیان هەڵقوڵاوی كردارەكانی ئەو دایكە میهرەبانە و حاڵەتە بەشەفەقەتەكانی و، دەرسە مەعنەوییەكانی ئەون.

بەڵێ، ئەو شەفەقەت و میهرەبانییەی كە بە ئیخلاسی ڕاستەقینە و خۆ بەختكردن و فیداكارییەوە لە دایكایەتیدا هەن، لەم سەردەمەی ئێستادا بە جۆرێكی ناڕەوا و هەڵە و نابەجێ بەكارهێنراون و دەهێنرێن، چونكە دایك لەمڕۆدا بیر لەو گەنجینانە ناكاتەوە كە لە ئەڵماس بەنرخترن و كوڕەكەی لە دوارۆژدا بەدەستیان دەهێنێت، بەڵكو ڕووی ئەو كوڕەی ڕووەو ئەم دنیایە وەردەچەرخێنێت كە چەند وردە شووشەیەكی فانی و لەناوچووش ناهێنێت.
ئیتر تەنها لەم لایەنەوە شەفەقەت و میهرەبانیی خۆی بۆ كوڕەكەی دەنوێنێت.

ئەمەش - لە ڕاستیدا - بەكارهێنانی چەوت و نابەجێی ئەو شەفەقەتەیە كە هەیەتی.

ئەو شتەی پاڵەوانێتیی ئافرەتان دەچەسپێنێت لە خۆ بەخت كردنیاندا، كە بێ هیچ پاداشت و سوودێك بۆ خۆیان و بە بێ ڕیاكاری و خۆدەرخستن دەیكەن، بریتییە لەو نموونە بچووكەی شەفەقەت و میهرەبانیی دایكایەتی كە لە مریشكدا دەیبینین، ئەوەتا هێرش بۆ سەر شێر دەبات و، گیانی خۆی بۆ پارێزگاریی بێچووەكانی بەخت دەكات!

لەم كاتەی ئێستادا، پێویست ترین كار و گرنگترین بناغەی پەروەردەی ئیسلامی و كرداری دوارۆژ: "ئیخلاس"ە.

جا ئەم پاڵەوانییە بێ وێنەیەی "شەفەقەت" بێ هیچ گومانێك ئەو "ئیخلاسە ڕاستەقینە"یەی لە دووتوێدایە.

خۆ ئەگەر هەرکاتێ ئەم دوو خاڵە لەو کۆمەڵە پیرۆزەدا - کە پیڕ و کۆمەڵی ئافرەتانە - دەرکەوتن، ئەوا دەبن بە خولگە و جەمسەری بەختەوەرییەکی گەلێ مەزن لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

بەڵام خۆبەختکاریی باوکان هەرگیز بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر نییە، بەڵکو لە چەندین لایەنەوە، کە دەگەنە سەد، داخوازی پاداشت و بەرامبەر دەبێت. بەلای کەمەوە ناوبانگ و شانازیی لە بەرامبەرەوە دەوێت!

بەڵام بە داخەوە ئافرەتە پیرۆز و پاکەکان، لە ئەنجامی لاوازی و کۆڵەوارییانەوە و، بۆ مەبەستی خۆدەربازکردنیان لە دەستی شەڕ و خۆسەپاندنی مێردە ستەمکارەکانیان، لە ڕێیەکی ترەوە خۆیان دووچاری ڕیا و مەرایی دەکەن.

❑ سەرنجی دووهەم:

ئەم ساڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتی گۆشەگیر و دوورە پەرێز بووم. بەڵام لەسەر داخوازیی هەندێ برا و خوشکانی نوور سەیرێکی دنیام کرد. زۆربەی ئەو برادەرانەی چاوم پێ کەوتن و هاتن بۆ لام سکاڵای ژیانی ناوخێزانم لێ دەبیستن.

لە ناخەوە گەلێ خەمم خوارد و لەبەر خۆمەوە وتم:

(بۆچی فەساد کەوتووەتە ناو ئەم ژیانەشەوە؟ خۆ ژیانی ناو خێزان قەڵای قایمی مرۆڤە - بە تایبەتی موسڵمان - چونکە خێزان بەهەشتە بچووك و دنیا خنجیلانەکەی ئەوە)!

بە دوای ئەو هۆیەدا گەڕام کە ژیانی خێزانی ئاوا تێکداوە. لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت چەندین ڕێکخراوی نهێنی و پەنهان هەن لە پێناوی لە ڕێ دەرکردن و تێکدانی ڕەوشتی لاواندا هەوڵ دەدەن و بە گەرمی تێدەکۆشن ڕێی ئارەزووبازییان بۆ ئاسان بکەن و، بەو پێیە بەرەو خراپکاری و

هەرزەیی دەیاندەنەبەر. تاكو كۆمەڵی موسڵمان لێك بترازێنن و لەم ڕێیەوە زیان بە ئایینی ئیسلام بگەیەنن.

هەروەك هەستم كرد كە چەندین ڕێكخراوی تر هەن بە پەنامەكی و نهێنی و بەوپەڕی لێبڕانەوە هەوڵ دەدەن ئافرەتانی بێ ئاگا و خۆش باوەڕ بۆ چەندین ڕێی تاوانكاری و گوناهباری هان بدەن و، تێگەیشتم كە لەم لایەنەوە مشتەكۆڵێكی توندوتیژ لەم نەتەوەی ئیسلامە دەوەشێنرێت.

دەسا ئەی خوشكانم و ئەی كچە مەعنەوی‌یە لاوەكانم!

وا من بە چەشنێكی بێ گومان ڕوونی دەكەمەوە بۆتان كە:

چارەسەری ڕاستەقینە و شیفابەخش بۆ ڕزگاركردنی ئافرەتان لە چنگی ئەو تەقالایانەی كە بۆ لە ڕێ دەركردنیان و تێكدانی ژیانی دنیا و قیامەتیان دەدرێت و، تاكە هۆی پارێزگاریی ڕەوشتە بەرزەكانی سروشتیان لە داوی فەساد و خراپكاری، تەنها لە پەروەردەكردنیاندایە بە پەروەردەیەكی ئیسلامی، كە هەموو لایەنەكانی ژیان دەگرێتەوە.

ئێوە ئەنجامی ئەو بارودۆخەتان بیستووە كە ئەو تاقمە پیرۆزە - ئافرەتان - لە ڕووسیادا دووچاری بوون!

لە بەشێكی پەیامەكانی نووردا وتراوە:

مێردی ژیر هەرگیز خۆشەویستیی هاوسەرەكەی لەسەر بناغەی جوانی‌یەكی ڕواڵەتی بنیات نانێت، كە دە ساڵ ناخایەنێت. بەڵكو دەبێ ئەو خۆشەویستی‌یەی لەسەر بناغەی "شەفەقەت"ەكەی بێت، كە جوانترین و بەردەوامترین جوانی‌یەكانی ئافرەتە..

ئەم خۆشەویستی‌یەشی بە ڕەوشت جوانیی ئەو هاوسەرەی ژیانی پتر بەهێز و توندوتۆڵ دەكات، ئەو ڕەوشت جوانی‌یەی كە تایبەتە بە سروشتی

ئافرەتەوە. بۆ ئەوەی ئەو هاوسەرە لاوازەی تا بەرەو پیری بڕوات ئەو خۆشەویستی‌یەش هەر بەردەوام بێت، چونکە ئەو هاوسەرەی تەنها هاوڕێی ژیانی کاتیی دنیای نی‌یە، بەڵکو هاوسەر و هاوڕێی خۆشەویستی ژیانی هەمیشەیی و نەمریشیەتی. ئیتر هەتا بەساڵدا بچن، ڕێز و میهرەبانیی نێوانیان پتر زیاد دەکات.

بەڵام ژیانی ناو ئەو چەشنە خێزانەی کە لە باوەشی شارستانێتیی نوێدا پەروەردە بوو بێت، ژیانێکە هەردەم لەوەدایە بڕووخێت و شیرازەی بپچڕێت، چونکە پەیوەندیی نێوان خێزانی وا لەسەر بناغەی هاوڕێیەتی‌یەکی کاتی‌یە کە جودایی هەمیشەیی بەدوادا دێت.

هەروەها لە بەشێکی پەیامەکانی نووردا وتراوە:

پیاوی بەختەوەر ئەو مێردەیە کە چاو لە ژنی خواناسی خۆی دەکات و ئەمیش – وەك ئەو – مرۆڤێکی باش و خواناس دەبێت، بۆ ئەوەی لە ژیانی هەمیشەیی و نەمریدا هاوسەرەکەی ژیانی لەدەست دەرنەکات.

هەروەها ئەو ژنەش چەندە بەختەوەرە کە دەبینێت مێردەکەی ئاییندارە و، ئەمیش وەك ئەو، دەست بە ئاییندارییەوە دەگرێت، تاکو هاوسەر و هاوەڵە هەمیشەییەکەی لەدەست دەرنەچێت. بەم چەشنە و لە نێوان بەختەوەریی دنیایدا بەختەوەریی هەمیشەییشی دەست دەکەوێت.

هەروەها ئەو مێردە چەندە بەدبەختە شوێن ژنێك دەکەوێت کە خۆی هاویشتووەتە باوەشی هەرزەییەوە و ئەمیش هاوبەشیی دەکات و، بۆ ڕزگارکردنی تێناکۆشێت.

ئەو ژنەیش چەندە بەدبەختە کە خراپکاری و لە ڕێ لادانی مێردەکەی دەبینێت و، دەچێت بە جۆرێکی تر لاسایی دەکاتەوە.

"وەیل"یش بۆ ئەو ژن و مێردەی كە هەریەكەیان یاریدەی ئەوی تر دەدات لە پاڵ پێوەنانیدا بەرەو ئاگری دۆزەخ، واتە هەریەكەیان هانی ئەوی تر دەدات كە لە زرق و برقی شارستانێتیدا پتر ڕۆبچێت.

ناوەرۆكی ئەم ڕستانەش كە لە پەیامەكانی نووردا هاتوون، ئەمەیە كە:

لەم سەردەمەی ئێستادا جگە لە ڕێی پەروەردەبوون بە ئادابی ئیسلام، كە شەریعەتی پاك و خاوێن و پیرۆزی ئیسلام دەستنیشانیان دەكات، هەرگیز ناگونجێ مرۆڤ لەزەت لە ژیانی خێزانی ببینێت و، بەختەوەریی دنیا و قیامەتی دەست بكەوێت و، ڕەوشتە بەرزەكانی ئافرەتانیش ئاشكرا بن.

گرنگترین خاڵ و لایەنی ژیانی خێزان لەم سەردەمەدا بریتی‌یە لەوەی كە:

ئەگەر "ژن" خراپكاری و خیانەت و بێ وەفایی لە "مێرد"ەكەیەوە ببینێت، ئەویش - لە ڕقدا - واز لەئەرك و فەرمانبەری‌یە بەرزەكەی خۆی دەهێنێت كە وەفا و متمانەیە و، دەچێ تێكیاندەشكێنێت. ئەو كاتەش ڕێسای ئەو خێزانە بە تەواوی تێكدەچێت و بە خۆڕایی هەڵدەوەشێت و شیرازەی دەبچڕێت. بە چەشنی تێكدانی ڕێسا لەناو سوپادا.

كەواتە دەبێ "ژن" بە تەواوی لێ ببڕێت و تێبكۆشێت ناتەواویی مێردەكەی پڕ بكاتەوە و، قسووری چاك بكات، بۆ ئەوەی هاوسەرە هەمیشەییەكەی ڕزگار بكات..

دەنا ئەگەر خۆی دەربخات و، بەم خۆدەرخستن و ڕووتی‌یەشی بیەوێت خۆی لای خەڵكی خۆشەویست بكات، ئەوا لە هەموو لایەكەوە دووچاری زیان دەبێت، چونكە خیانەتكار هەر لەم دنیایەدا سزای خۆی دەچێژێت و، لەبەر ئەوەش ئەم لە سروشت لایداوە، چونكە ئافرەت بە سروشت توخنی نامەحرەم ناكەوێت و بێزیان لێ دەكاتەوە و، لە بیست كەسی نامەحرەمدا

خۆی لە هەژدەیان دەپارێزێت، کەچی لەوانەیە "پیاو" لە سەد ئافرەتدا بێز لە سەیر کردنی یەکێکیشیان نەکاتەوە.

جا هەروەك "ژن" لەم لایەنەوە دووچاری ئەشکەنجە دەبێت، بەم بێ وەفایی و نەهێشتنی متمانە و ئەمانەتەش خۆی تۆمەتبار دەکات. ئیتر بەم چەشنە، سەرباری لاوازیەکەی، ناشتوانێت پارێزگاریی مافەکانی خۆی بکات.

پوختەی ئەم قسانە ئەوەیە کە:

هەروەك لە ڕوانگەی شەفقەت و سۆز و میهرەبانییەوە خۆبەختکردن و ئیخلاسی ئافرەت لە هی پیاو گەلێ بەرزترە و، پیاوان لەوەدا هەرگیز بە ئافرەتان ناگەنەوە و بە هیچ جۆرێك لەوان ناچن.. بە هەمان جۆر ئافرەتانیش لە هەرزەیی و خراپکاریدا بە پیاوان ناگەنەوە!

لەبەر ئەوەشە کە ئافرەت هەر بە سروشت و بەدیهاتنی لاوازی خۆی، لە نامەحرەم دەترسێت و، خۆی بە ناچار دەزانێت پەنا بۆ (پۆشتەیی) ببات. چونکە ئەگەر پیاو لە پێناوی لەزەتێکی هەشت دەقیقەییدا تووشی کارێکی خراپ ببێت، ئەوا تەنها چەند لیرەیەك زیانی لێ دەکەوێت، بەڵام سزای لەزەتێکی هەشت دەقیقەیی ئافرەت کۆڵێکی قورسی هەشت مانگی و، ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵێکی بێ کەسە بۆ ماوەی هەشت ساڵ! واتە ئافرەت لە خراپکاریدا بە پیاو ناگاتەوە، بەڵام تۆڵەی خراپکارییەکەی چەندین جاری تۆڵە و سزای پیاوە.

ئەم ڕووداوانە دەگمەن نین و، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە:

"ئافرەتان" چەند بەدیهێنراوێکی پیرۆزن و، بۆ ئەوە بەدی هێنراون تاکو ببن بە سەرچاوە و کانگای ڕەوشتە بەرزەکان. چونکە دەتوانین بڵێین ئافرەتان

توانا و قابیلییەتی خراپكارییان بۆ چەشتنی تام و لەزەتی دنیا نزیكە هەر تێدا نەبێت. واتە ئافرەتان چەند بەدیهێنراوێكی پاك و پیرۆزن، بۆ ئەوە بەدی هێنراون تاكو لە چوارچێوەی پەروەردەی ئایینی ئیسلامدا ژیانێكی خێزانیی پڕ بەختەوەری بەسەر ببەن.

كەواتە ڕسوایی و سووكی و نەمان بۆ ئەو ڕێكخراوانەی كە بۆ لەڕێ دەركردنی ئەو پاك و خاوێنانە تێدەكۆشن و هەوڵ و تەقالایان دەخەنەكار!

لە خوای گەورە داواكارم خوشكانم لە شەڕی ئەو هەرزە و خراپكارانە بپارێزێت. ئامین.

خوشكەكانم! بە تایبەتی ئەم قسەیە بۆ ئێوە دەكەم:

خەرجی و نەفەقەی خۆتان بە دەستی خۆتان پەیدا بكەن، وەك ئافرەتە پاكەكانی لادێ. ئەمە باشترە لەوەی كە زیان لە خۆتان بدەن و بەهۆی خەم و خەفەتی ژیانەوە مل بۆ دەستەڵاتی مێردی خراپكاری بەدڕەوشتی چاولێكەری ئەورووپا كەچ بكەن.

خۆ ئەگەر بەش و چارەنووسی هەركامێكتان مێردێكی نەگونجاو بوو، با بەو بەش و چارەنووسەی خۆی ڕازی بێت و قەناعەت بكات، بەشكو خوای گەورە بەم قەناعەت و ڕازی بوونەی، مێردەكەشی بۆ چاك بكات. دەنا لە ئەنجامدا ناچار دەبێت بۆ تەڵاقدان ڕووەو دادگاكان بڕوات، وەك دەبیستم لەم كاتانەدا ئەم دیاردەیە ڕوودەدات. دیارە ئەمەش بە هیچ جۆرێك شایانی عیززەتی ئیسلام و شەرەفی نەتەوەی موسڵمان نییە.

❑ سەرنجی سێهەم:

خوشكە ئازیزەكانم! بێ هیچ گومانێك ئەوە بزانن كە:

ئەو تام و چێژانەی لە دەرەوەی بازنەی شەرعدان، چەندین ئەوەندەی تام و لەزەتەكانیان ئازار و گیروگرفتیان تێدایە. پەیامەكانی نوور ئەم

ڕاستی‌یەیان بە سـەدان بەڵگـەی بـەهێز و ڕووداوی بێ گومـان چەسپاندووە. دەتوانن بە درێژی لە پەیامەکانی نووردا ئـەو بەڵگانـە ببینـن. بـۆ نموونـە: وتـەی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمی "وتە بچووکەکان" و "ڕابـەری لاوان" لـە بریـی من ئەم ڕاستی‌یەیان بە تەواوی ڕوون کردووەتەوە.

کەواتە بەو چێژ و لەزەتانەی کە لە سنووری شەرعدان، دڵنیا و ڕازی بن، بـۆ نموونـە: یـاری و گەمـە و گاڵتـەکردن لەگـەڵ جگەرگۆشـە بێگـەرد و خاوێنـەکانتان و، دانیشتنتان لەگـەڵیان لـە ماڵی خۆتـاندا، تـام و لـەزەتێکی گەلـێ خاوێنە و، بە سەدان جار لە کەیف و شادیی سینەما باشتر و خۆشترە.

بەوپەڕی دڵنیاییەوە بزانن کە: لـەزەتی ڕاستەقینەی ئەم دنیایـە لـە ئیمـان و لەو شـتانەدایە کـە لـە سنووری ئیمـان دەرنـەچووبن و، هـەموو کردەوەیـەکی چاکیش لەزەتێکی مەعنـەویی تێدایـە. بـەڵام گومڕایی و تاوانکـاری هـەر لـەم دنیایەدا چەندین ئازاریان تێدایە کە لەزەتەکانیان دەشێوێنن و تاڵیـان دەکـەن. پەیامەکانی نوور ئەم ڕاستی‌یەیان بە سـەدان بەڵگـەی گومـانبڕ چەسپاندووە. من خۆم بە "عین الیقین" و لــە ڕێـی چـەندین تاقیکردنـەوە و ڕووداوی زۆرەوە بینیومە کە:

"ئیمـان" تـۆوی بەهەشـتی تێدایـە و، گومڕایـی و "هـەرزەیی"ش تـۆوی دۆزەخ!

ئەم ڕاستی‌یەم چەندین جار لە پەیامەکانی نووردا نووسیوە، بە چەشنێ کـە سەرسەخت‌ترینی ئینکاریکەران و یاخی بووان و، کارشناسە ڕەسمی‌یەکان و تەنانەت دادگاشی دەمکـوت و دەستەوسـان کـرد و، نـەیانتوانی ئـەم ڕاستی‌یە زامدار بکەن.

کەواتە ئەی خوشـکە پاك و پیرۆزەکـانم و، ئـەی ئەوانـەش کـە وەك کچـی بچووکی من وان!

با ئێستا لە پێش هەموو شتێكدا "پەیامی پۆشتەیی" و ئنجا "ڕابەری لاوان" و "وتە بچووكەكان" لە بریی من دەرس بە ئێوە بڵێن. چونكە بیستم حەز دەكەن لە مزگەوتدا دەرسێكتان پێ بڵێم. بەڵام نەخۆشی‌یە سەختەكەم و لاوازی‌یە لەڕادەبەدەرەكەم و چەندین هۆی تر دەرفەتی ئەوەم نادەن. لەبەر ئەوە – ئەی ئەو خوشكانەی كە ئەم وانەیەم بۆ نووسیون و ئەوانیش دەیخوێننەوە! – بڕیارم دا ئێوەش وەك قوتابیانی نوور بكەم بە هاوبەشی دەستكەوتەكانی دوارۆژم و هەموو دوعاكانم!

جا ئەگەر توانیتان پەیامەكانی نوورتان دەست بكەوێت و ئەو پەیامانەتان خوێندەوە یان گوێتان لێ ڕاگرتن، ئەوا ئێوەش وەك براكانتان (قوتابیانی نوور)تان لێ دێت، دەبن بە هاوبەشی هەموو دەستكەوتە مەعنەوی و دوعاكانیان، بەپێی دەستوورەكەی خۆمان.

دەمویست لەمە زیاترتان بۆ بنووسم، بەڵام لەبەر نەخۆشی و لاوازیی زۆر سەخت و توندوتیژ و پیریم و چەندین ئەركی زۆری تری وەك ڕاستكردنەوە و پێداچوونەوەی دەستنووسی پەیامەكان كە چاوەڕێم دەكەن، بەم ئەندازەیە وازم لە نووسین هێنا.

الباقي هو الباقي

برای موحتاجی دوعا و نزاتان

سەعیدی نوورسی

مژدە و بێدارکردنەوەیەك

(نامەیەکە تایبەتە بە "ئەرکان"ی ئێستای قوتابخانەی زەهراء)

مژدەیەکی گرنگە بۆ پیرەژنـــان و.. بێدارییەکیشـــە بـۆ ئـەو کیژانەی کە دەیانەوێت شوو نەکەن.

ناوەرۆکی فەرموودەی: "علیکم بدین العجائز" مـرۆڤ هـان دەدات چـاو لە پیرەژنان بکات. بەو واتایەی کە لـە ئـاخر زەمـاندا ئیمـانی دامـەزراو لای پیرەژنان دەبێت.

لەبەر ئەوەی یەکێك لـە چـوار بناغـەکانی پەیامـەکانی نـوور بریتییـە لـــە "شـەفەقەت" و.. ئافرەتـانیش ڕابـەر و پێشـەوای شـەفەقەت و میـــهرەبانین، بـە چەشنێ کە ترسنۆکترین کەسیان لە پێناوی ڕزگار کردنی منالەکـەیدا گیـانی خۆی بەخت دەکات و.. دایکان و خوشکانی بـەڕێزیش لـەم چەشـنە کـات و سەردەمەدا ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی گەورە گەورە دەبنەوە..

لەبەر ئەوە، ئەم بێدارییەی خوارەوە بۆ دڵم ئیلهام کرا کە:

پێویسـتە ڕاسـتییەکی سروشـتیی تایبـەت بـە کچـان ڕوون بکرێتـــەوە، هەرچـەندەش نـەدەبوو بـاس بکرایـە و بڵاوبکرایەتـەوە، چونکـە تایبەتـە بـەو ئافرەتانەی دەیانەوێت، یاخود ناچار بوون، شوونەکەن. لەبەر ئەوە، دەڵێم:

کچەکانم! خوشکەکانم!

ئەم زەمان و سەردەمەی ئێمە لە زەمان و سەردەمەکانی پێشوو ناچێت، چونکە وا ماوەی نیو سەدەیە پەروەردەی نوێی (ئەوروپایی) لە بریی پەروەردەی ئیسلامی جێی خۆی لە کۆمەڵدا کردووەتەوە..

دەبینیت ئەو کەسەی کە دەبوو - بەپێی پەروەردەی ئیسلام - ژنی بۆ ئەوە بهێنایە خۆی لە گوناهباری پێ بپارێزێت و، بیکات بە هاوەڵ و هاوسەری هەمیشەیی خۆی و، خولگەی بەختەوەریی ئەم دنیای، کەچی دەبینیت - بە کاریگەریی پەروەردەی ئەوروپایی - ئەو هاوسەرە لاواز و بەدبەختەی ژیانی دەکات بە ژێر دەستەی خۆسەپاندن و زاڵبوونی بەردەوامی خۆی و، تەنها لە تافی لاویەکەیدا خۆشی دەوێت، تەنانەت لەوانەشە گەلێ زیاتر لەو حەوانەوەیەی بۆی ئامادە کردووە، دووچاری ماندوویی و دەردیسەریی ژیانی بکات.

ئیتر ژیان لەو ئافرەتە بێچارەیە بە ئەشکەنجە و ئازار دەچێتە سەر، بە تایبەت ئەگەر بەپێی پێوەری شەرع هاوکووفی یەك نەبن، چونکە لەو چەشنە کاتەدا هیچ چاودێرییەکی مافە شەرعییەکان ناکرێت. خۆ ئەگەر مونافەسە و غیرەت و چاولێکەرییش تێکەڵ بەو ژیانە ببێت، ئەوا گیروگرفتەکە چەندین جار زیاد دەبێت.

تەنها سێ هۆکار هەن ئافرەت بۆ ئەم شووکردنە هان دەدەن:

❑ هۆکاری یەکەم:

دانایی خوای گەورە شەوق و ئارەزووی لە مرۆڤدا بۆ وەچەخستنەوە داناوە و، پاداشتێکیشی بۆ ئەنجامدانی ئەو فەرمانبەرییە سروشتییە پێ داوە کە "لەزەت"ە.

پیاو لەوانەیە لە پێناوی ئەو لەزەتەی کە (دە) خولەك دەخایەنێت تەنها ئازار و ماندوویی یەك سەعاتی بێتەڕێ، ئەگەر حەلاڵ بێت.

بەڵام ئافرەت بەرامبەر بەو تام و لەزەتەی کە (دە) خولەك دەخایەنێت. نزیکەی دە مانگ منالّ لە سکیدا هەڵدەگرێت، سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژایی دە ساڵیش ئەرکی دەردیسەری و ئازاری ژیانی منالەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. واتە ئەو لەزەتە (دە) خولەك خایەنە گرنگیی ئەو مەیل و شەوق و ئارەزووە سروشتی‌یە دەسڕێتەوە، چونکە ئەم ماندوویی و گیرو گرفتە یەکجار زۆر و بەردەوامانەی لێ دەبێتەوە.

کەواتە نابێت هەست و ئارەزووەکانی ئافرەت، ئەو مەیلە سروشتی‌یە بۆ شووکردن بزوێنن.

❑ هۆکاری دووهەم:

ئافرەت، هەر بە سروشت و لەبەر ئەو لاوازی‌یەی لە بەدیهاتنیدا هەیە، پێویستی بە یەکێکە لە کاروباری ژیاندا یارمەتیی بدات..

جا باشتر وایە - وەکو ئافرەتانی گوندنشین - هەوڵ بدات بە دەستی خۆی خەرجی و نەفەقەی خۆی پەیدا بکات. ئەمەی دەیان جار باشترە لەوەی کە ئەم پێویستی‌یە سروشتی‌یە ناچاری بکات ملکەچ بێت بۆ دەستەڵات و زەبر و زاڵی مێردێك کە - وەك باری ئێستامان - بە پەروەردەیەکی جگە لە پەروەردەی ئیسلام پێگەیشتبێت و، لەسەر زۆرلێکردن و فەساد ڕاهاتبێت. چونکە لەوانەیە ئەو ئافرەتە بە "ڕیاکاری و تێکدانی پەرستن و ڕەوشتەکانی خۆی" کە خولگەی ژیانی دنیا و قیامەتی ئەون، هەوڵ بدات ڕەزامەندیی ئەو مێردەی بەدەست بهێنێت. هەموو ئەمانەش لە پێناوی ئەو گوزەرانە ساکار و کەمەدا.

جا لەبەر ئەوەی بەدیهێنەری بەخشندە، بە چەشنی ئەو ڕۆزیەیەی لە مەمکاندا بۆ بێچووانی دەنێرێت، ئاوا ڕۆزیی ئەو ئافرەتانەش دەدات، ئەوا چاوگێڕان بۆ مێردی نوێژنەکەری بەدڕەوشت و ملکەچ بوون بۆی لە پێناوی ڕۆزیدا، کارێکە هەرگیز لە شان و شکۆی "ئافرەتە قوتابیەکانی نوور"دا نییە.

❑ **هۆکاری سێهەم:**

"خۆشویستن و گەمە و گاڵتەکردن لەگەڵ مناڵدا" لە سروشتی ئافرەتدا هەیە. ئەو شتەش کە ئەم مەیلە سروشتییەی ئافرەت بەهێز دەکات و بۆ شووکردن هانی دەدات ئەوەیە کە لە پاشاندا ئەو مناڵە لە دنیادا خزمەتی بکاتەوە و، لە قیامەتیشدا ببێت بە شەفاعەتکاری و، دوای مردنیشی چاکەی بۆ بنێرێت.

بەڵام ئەو پەروەردە ئەوروپاییەی کە ئێستا جێی پەروەردەی ئیسلامیی گرتووەتەوە، کارێکی کردووە کە مەگەر یەکێك یان دوو لەناو (دە) کوڕدا لەگەڵ دایکی خۆیدا باش بێت و، بە دوعا و کردەوەی باش "چاکە" لەسەر لاپەڕەی کردەوەکانی دایکیدا تۆمار بکات و، گەر پیاوچاك دەرچێت، لە قیامەتیشدا شەفاعەتکاری بێت و، بەو پێیە پاداشتی شەفقەتی دایکی بداتەوە.. بەڵام هەشت دانەکەی تر، هەموو ئەم شتانە پشتگوێ دەخەن.

کەواتە نابێت ئەم مەیلە سروشتی و تاسە دەروونییەی خۆشویستنی مناڵ و گەمە و گاڵتە لەگەڵیان، لەم کات و سەردەمەدا، ئافرەت گیرۆدەی گیروگرفتەکانی ئەم ژیانە سەختە بکات، ئەگەر بە تەواوی و بە چەشنێکی تەواو بێ گومان ناچار نەبێت.

جا لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییەی پێشوو، ڕوو دەکەمە کچانم لە قوتابیانی نوور، لەوانەی شوونەکردنیان پێ باشترە، پێیان دەڵێم:

دەبێ خۆیان ڕووت نەکەن و، جەستەیان دەرنەخەن و، بەو پێیە خۆیان هەرزان فرۆش نەکەن، هەتا مێردێکی ئیمانداری پیاوچاکی ڕەوشت جوانیان دەست دەکەوێت، کە بە تەواوی بۆ ئەوان بگونجێت. بەڵکو دەبێ بە کچی بمێننەوە، ئەگەر مێردێکی هاوکووفیان دەست نەکەوت، وەك پیاوە پاڵەوانەکانی قوتابیانی نوور کە ژنیان نەهێناوە. هەتا کەسێك داوای دەکات کە لەگەڵیدا بگونجێت، لەوانەی کە بە پەروەردەی ئیسلام پەروەردە بوون و، خاوەنی ویژدانی زیندوون. تاکو ئەو جۆرە مێردە ببێت بە هاوڕێی ژیانێکی هەمیشەیی کە شیاوی بێت و، لە پێناوی لەزەتێکی سەرپێیی دنیایدا بەختەوەریی دوارۆژی نەدۆڕێنێت و، لە خراپکاریەکانی شارستانێتیدا نوقم نەبێت.

سەعیدی نوورسی

ئاماژەیەكی كورت بۆ ڕاستی‌یەكی گرنگ

چەند فەرموودەیەكی پیرۆز ئاماژە دەكەن بۆ ئەوەی كە:

لە ئاخر زەماندا ڕاستی‌یەكانی ئیمان لە لای ئافرەتان ڕوونتر دەردەكەون، بە چەشنێ كە - تا ڕادەیەك - دەتوانن خۆیان لەو شتانە بپارێزن كە گومڕایی ئەو سەردەمە مرۆڤیان پێ لەناودەبات. هەروەها وەك لە فەرموودەی: "علیكم بدین العجائز"دا دەیبینین، هاندان هەیە بۆ چاولێكەریی پیرەژنان لە ئاخر زەماندا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە "ئیخلاس"ی هەڵقوڵاوی سۆز و شەفەقەتی ئافرەتان - كە پاڵەوان و پێشەوای سۆز و شەفەقەت و میهرەبانین - نایەڵێت دووچاری ئەو لەناوچوون و لەڕێ ترازانە بین كە لەم سەردەمەدا "گومڕایی" گەوزاوی ناو ڕیاكاری تووشی مرۆڤی دەكات. بەم چەشنە ئەوان دەست بە ئیسلامەتیی خۆیانەوە دەگرن و وازی لێ ناهێنن.

فەرموودەیەكی تر ئەمەی تێدایە كە دەفەرموێت: "إن أبا البنات مرزوق". واتە: لە ئاخر زەماندا منالی كچ زۆر دەبن و، ئەوانیش بێگەرد و خاوێن دەردەچن و، خوای گەورەش بەرەكەت دەخاتە ڕۆزی‌یانەوە.

زووتر نهێنیی ئەم فەرموودەیە و هاوچەشنیم نەدەزانی. بەڵام - سوپاس بۆ خوا - لەم دوایی‌یەدا شتێك لە نهێنی‌یەكانیان تێگەیشتم. وا بەوپەڕی كورتی ئاماژەی بۆ دەكەم:

منالّی مرۆڤ وەك بێچووی زیندەوەران نین، چونکە لە کاتێکدا ئەو بێچووانە لە ماوەی دوو یان سێ مانگدا دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، منالّی مرۆڤ پێویستی بە پارێزگاری و چاودێری‌یەکی بەسۆز و میهرەبانە کە (دە) سالّ یان زیاتر دەخایەنێت.

لەبەر ئەمە، دەبێ دایکان بەوپەڕی لێبڕانەوە پارێزگاری و شەفەقەتیان بۆ منالّەکانیان بەردەوام بێت، کە ئەمەش خوو و ڕەوشتێکە لە مرۆڤدا - بە پێچەوانەی زیندەوەرانی تر - پتر ڕەگی داکوتاوە.

بەلاّم دانایی خوای گەورە، خوو و ڕەوشتی "غیرەت و شەرەفمەندی"ی لە سروشتی پیاواندا داناوە، تاکو بتوانن یارمەتیی دایکانی لاواز و منداڵانی دەستەپاچە و کۆڵەوار بدەن.

لە ناوەندی ئەم خوو و ڕەوشتی غیرەت و شەرەفمەندی‌یەدا پاڵەوانی‌یەکی ناوازە و بێگەرد هەیە کە بێ هیچ بەرامبەر و پاداشتێکە، بەلاّم ئێستا هەتا ڕادەیەك تێکچووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەو پاڵەوانی‌یە لە زۆربەی خەڵکیدا لاواز بووە، کەچی ئەو خوو و ڕەوشتە سروشتی‌یەی ئافرەتان (کە شەفەقەت و میهرەبانی‌یە) وەك خۆی ماوەتەوە و تێك نەچووە.

ئافرەتان - بەم خوو و ڕەوشتە سروشتی‌یەیان - چەندین خزمەتگوزاریی مەزن لە نێوان موسڵمانانی ئاخر زەماندا ئەنجام دەدەن. ئەو فەرموودە پیرۆزانەش بە هێما ئاماژە دەکەن بۆ گرنگیی ئەم خوو و ڕەوشتە سروشتی‌یە و کاریگەریی لە کۆمەڵدا و، بۆ ئەوەی کە چۆن دەبن بە بناغە و پشتیوان بۆ موسڵمانان لە چوارچێوەی ئیسلامدا.

شوێنکەوتنی سوننەت لە ژن هێناندا

باسمه سبحانه

﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

ئەمە وەڵامی پرسیارێکە لە ڕۆژنامەی وڵاتە بیانییەکاندا بڵاوکراوەتەوە(1). ناوەرۆکی پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

---

(1) وا لە خوارەوە دەقی ئەو نامەیە دەهێنین کە کاتی خۆی یەکێك بۆ مامۆستا نوورسی ناردووە:

(چەند پەیامێکی نوور و مێژووی ژیانتم خوێندەوە. لە بەسەرهاتی ژیانتان بینیم یەکێك لە کارە تایبەتییەکانتان "ژن نەهێنان" و پەیدا نەکردنی هیچ پەیوەندییەکە بە دنیاوە. ئەمەش کاری لە قوتابیانی نوور کردووە و لەوانیشدا دەرکەوتووە.. جا مادەم ئەمە لەگەڵ ئەو ئایەتەی سوورەتی "النساء" کە دەفەرموێ: ﴿فَانْكِحُوا ما طابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ﴾ و، فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: "لا ترهب في الإسلام" و "تناكحوا تكثروا فإني أباهي بكم الأمم يوم القيامة"دا ناگونجێت، ئەوا وام بە باش زانی داوای ڕوونکردنەوەی ئەمەت لێ بکەم. لەو باوەڕەشدام وەڵامی ئەم پرسیارەم بەوە دەدرێتەوە گەر ڕوونی بکەنەوە کە قوتابیانی نوور - ژن و پیاویان - تا تەمەنێکی دیاریکراو دەبێ هاوسەر نەگرن، لەبەر لێبڕان بۆ خزمەتگوزاریی قورئان و ئیمان لە تەمەنی هەرزەکاریی و هەرەتی لاویدا. بە پێویستی دەزانم ئەمە باس بکەن لەگەڵ دەستنیشان کردنی ئەو تەمەنەی کە قوتابیانی نوور تیایدا دەتوانن ژن بهێنن.

بە هەرحاڵ، چاوەڕوانی وەڵامتان دەکەم، کە ئومێدەوارم - پشت بە خوا - وەڵامێك بێت لەگەڵ حەق و ڕاستیدا یەکاویەك بێت).

ئەمەی سەرەوە لە نامیلکەیەکی بچووکەوە هێنرا کە ساڵی ١٩٥٣ز لە بەغدا دەرچووە.

(وەرگێڕ)

"بۆچی بە پێچەوانەی سوننەتی پیرۆزت كردووە، تا ئێستا ژنت نەهێناوە"؟

وەڵام: نامەكەمان بۆ مامۆستامان خوێندەوە، كە لە سەختترین حاڵەتی نەخۆشیدایە. ئەویش پێی وتین:

ئەگەر لە نەخۆشی‌یەكی ئاوا سەختدا نەبوومایە، وەڵامێكی دوور و درێژم بۆ ئەو برا بەڕێز و خۆشەویستانەم دەنووسی. بەڵام باری ناهەمواری تەندروستیم بواری ئەوەم نادات..

كەواتە بەوپەڕی كورتی و، لە چەند خاڵێكدا، بۆ ئەو برا باش و دڵسۆزانە و، هاوڕێیانم لە خزمەتگوزاریی قورئاندا، بنووسن:

یەكەم:

لەو كاتەدا كە دەبێ بۆ بەرەنگاری كردنی هێرشی ئەو ئیلحادە سامناكەی ماوەی چل ساڵە پەلاماری ئیمان دەدات، چەندین فیداكاری وا هەبن هەرچی‌یەكیان هەیە بەختی بكەن، بڕیارم دا كە نەك تەنها بەختەوەریی دنیام بەڵكو گەر پێویست بێت بەختەوەریی دواڕۆژیشم لە پێناوی حەقیقەتی قورئانی پیرۆزدا بەخت بكەم.

جا لەبەر ئەوەی بتوانم بە تەواوی و بە ئیخلاسی ڕاستەقینەوە بۆ خزمەتی قورئان لێ ببڕێم، ناچار بووم واز لە ژن هێنانی كاتیی دنیا بهێنم - كە دەزانم سوننەتێكی پیرۆزی پێغەمبەرە ﷺ - تەنانەت گەر لەم دنیایەدا (دە) دانە "حور العین"ی بەهەشتیشم بدەنێ، هەر خۆم بە ناچار دەزانم واز لە هەموویان بهێنم، لە پێناوی ئەو ڕاستی‌یە(ڕاستیی قورئان)دا.

چونكە ئەو ڕێكخراوە سامناكانەی مولحیدان چەندین هێرشی سەروماڕ و توندوتیژ بۆ سەر ئەو ڕاستی‌یە دەبەن و، چەندەها پیلانی چەپەڵیشی لە دژ ساز دەكەن. كەواتە ئەوپەڕی خۆبەخت كردن و فیداكاری بۆ بەربەستی ئەو

هەولەی ئەوان پێویستە و، دەبێ هەر کارێك کە بۆ بلاوکردنەوەی ئایین ئەنجام دەدرێت خاوێن و بێگەرد و، تەنها بۆ ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت، بێ ئەوەی هۆیەك بێت بۆ هیچ شتێکی تر.

چەندەها زانای نەگبەت و کەسانی خوناس لە ئەنجامی خەمی ژیان و گوزەرانی خێزان و منالیان، فەتوایان بۆ بیدعەت دەرکرد، تەنانەت لە شێوەی پشتگیریی بیدعەت خوازانیشدا دەرکەوتن!

لەبەر ئەمە و لە بەرامبەر ئەو هێرشە سامناك و سەختەی دەکرێتە سەر ئایین، دەبێ پێویست نەبوون بە خەلکی و بەلکو بە هەموو شتێك، ئەنجام بدرێت. بە تایبەت دوای ماوە نەدان و نەهێشتنی وتنەوەی وانەی "ئایین" لە قوتابخانەکاندا و، گۆڕینی بانگی شەرعی.

لەبەر ئەوە، دەستم لە ژن هێنان هەلگرت، کە دەزانم "سوننەت"ێکی پێغەمبەرە ﷺ، بۆ ئەوەی تووشی "حەرام" نەبم و، بتوانم زۆر "واجب" و "فەرز"ی ئەستۆم جێبەجێ بکەم. چونکە ناکرێت لەبەر بەجێهێنانی "سوننەت"ێك مرۆڤ دووچاری چەندین کرداری "حەرام" ببێت.

زانای زۆر هەبوون کە لە ماوەی ئەم چل سالەدا ئەم سوننەتەیان بەجێ هێنا، بەلام ناچاریش بوون تووشی (دە) گوناهی کەبیرە و حەرام ببن و، واز لە بەشێکی فەرز و سوننەتەکان بهێنن!

دووهەم:

ئایەتی پیرۆزی: ﴿فانكِحُوا ما طابَ لكم...﴾ (النساء:٣) و، فەرموودەی پیرۆزی: "تناكحوا تكاثروا"[1]، هەروەها فەرمانەکانی تری هاوچەشنیان،

(١) تناكحوا تناسلوا فإني أباهي بكم الأمم يوم القيامة. رواه عبدالرزاق والبيهقي عن سعيد بن أبي هلال مرسلاً بلفظ: (تناكحوا تكثروا فإني أباهي بكم الأمم يوم القيامة). قال في المقاصد: جاء معناه عن جماعة من الصحابة، فأخرج أبو داود والنسائي والبيهقي وغيرهم عن معقل بن يسار مرفوعاً: تزوجوا الولود الودود فإني مكاثر بكم الأمم يوم القيامة، ولأحمد وسعيد بن

فەرمانی "واجب بوون" و هەمیشەیی نین، بەڵكو فەرمانی "سوننەت"ن. جگە لەوەش كە بەندن بە چەند مەرجێكەوە دەبێ بێنەدی. لەوانەیە هەموو ئەو مەرجانە بۆ هەموو كەسێك و لە هەموو كاتێكدا كۆنەبنەوە و نەیەنە دی.

پاشان فەرموودەی پیرۆزی: "لا رهبانية في الاسلام"[1] ئەوە ناگەیەنێت كە ژن نەهێنان و گۆشەگیری - وەك ئەوەی ڕاهیبەكان - حەرامن و نابێت بن. بەڵكو ئەم فەرموودەیە هاندانە بۆ خەڵكی تاكو لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا بەشدار بن، وەك لە ناوەڕۆكی ئەم فەرموودەیەدا هەیە كە دەفەرموێ: "خير الناس أنفعهم للناس"[2]، دەنا هەزاران كەس لە پیاوچاكانی پێشین، بە جۆرێكی كاتی، لە خەڵكی دوور كەوتوونەتەوە و، تا ماوەیەك حەزیان لە گۆشەگیری بووە و، دەستیان لە جوانیی دنیای فانی داشۆردووە و خۆیان لێ داماڵیوە، تاكو بتوانن بە تەواوی و ڕاستی ژیانی دواڕۆژی خۆیان بنیات بنێن.

جا مادەم كەسانێكی زۆری پیاوچاكانی پێشین، لەبەر گەیشتن بە كەماڵێكی نەبڕاوە و "تایبەت بە خۆیان" وازیان لە دنیا و هەموو ڕازاوەیی و جوانییەكی هێناوە، ئەوا دەبێ ئەو كەسەی كە بۆ "بەختەوەریی هەمیشەیی و نەبڕاوەی چەندەها لێقەوماو" لێ دەبڕێت و نایەڵێت بكەونە هەڵدێری

منصور والطبراني في الأوسط والبيهقي وآخرين عن أنس قال كان رسول الله ﷺ يأمر بالباءة وينهى عن التبتل نهيا شديداً، ويقول: تزوجوا الولود الودود فإني مكاثر بكم الأمم يوم القيامة، وصححه ابن حبان والحاكم.. الخ (باختصار عن كشف الخفاء للعجلوني ١٠٢١) والسيوطي في الجامع الصغير (٣٣٦٦). (وەرگێڕ - لە چاپی عەرەبیی "اللمعات"ەوە).

(١) قال ابن حجر: لم أره بهذا اللفظ، لكن حديث سعد بن أبي وقاص عند البيهقي: "إن الله أبدَلَنا بالرهبانيةِ الحنيفيةَ السمحةَ". كشف الخفاء: ٣١٥٤

(٢) حديث حسن أخرجه القضاعي في مسند الشهاب وابن عساكر في تاريخ دمشق ٢/٤٢٠/٢ وانظر الصحيحة ٤٢٦ وصحيح الجامع الصغير وزيادته برقم ٦٥٣٨.

گومڕاییەوە و، بۆ بەهێزکردنی ئیمانی ئەوان تێدە کۆشێت لە پێناوی خزمەت کردنی ڕاستەقینەی ئیمان و قورئاندا و، لە بەرامبەر هێرشە ناکامەکانی دەرەوە و شاڵاوە ئاشکراکانی ناوخۆدا خۆی ڕادە گرێت.. ئەو کەسەی ئەم کارە گشتییە ئەنجام دەدات - نەك کاری تایبەتی بۆ خۆی - ڕەفتاری پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ناکات، بەڵکو بەپێی حەقیقەتی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەنگاو دەنێت.

پاشان ئەوپەڕی ئاواتەخوازم کە بە ئەندازەی یەك گەردیلەم لەو فەرمایشتە ڕاستەی صیددیقی مەزن - خوا لێی ڕازی بێت - دەست بکەوێت کە دەفەرموێ:

"با جەستەم لە دۆزەخدا ئەوەندە گەورە بێت کە ئیتر جێی هیچ ئیماندارێکی تری تێدا نەبێتەوە"!

لەبەر ئەوەیە کە ئەم سەعیدە لاوازە "ژن نەهێنان" و پێویست نەبوونی بە خەڵکی، لە درێژایی ژیانیدا، بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

سێهەم:

ئێمە بە قوتابیانی نوورمان نەوتووە: "ژن مەهێنن و وازی لێ بهێنن بۆ خەڵکی". ناشبێ پێیان بوترێ..

بەڵام قوتابیان لەناو خۆیاندا چەند پلە و چینێکن، هی وایان هەیە دەبێ تا دەتوانێت، لە ماوەیەکی تەمەنیدا، خۆی بە پێداویستییەکانی دنیاوە نەبەستێت، تاکو بگات بە خۆبەخت کردن و دامەزراویی تەواوەتی و هەرە مەزن. خۆ ئەگەر ئافرەتێکی وەهای لێ هەڵکەوت لە خزمەتگوزاریی ئیمان و قورئاندا یارمەتیی بدات، ئەوە خێرێکە خوا داویەتی. چونکە ئەم چەشنە ژن هێنانە ڕێی کار و خزمەتگوزاریی قورئانی لێ ناگرێت.

سوپاس بۆ خوا، زۆر کەسی وا لەناو قوتابیانی نووردا هەن. هاوسەرەکانیشیان لە خزمەتگوزاریی قورئان و ئیماندا هیچیان لەوان کەمتر نییە. تەنانەت کاتی وا هەیە بە بۆنەی ئەو شەفەقەتە بێ بەرامبەر و بێ پاداشتەی لە سروشتیاندا هەیە، پێش مێردەکانیشیان دەکەون و، بەم پاڵەوانێتییەی پێیان بەخشراوە و بە ئیخلاسێکی تەواو کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

ئنجا زۆربەی قوتابییە پێشینەکانی نوور ژنیان هێناوە و، بە تەواوی و ڕێکوپێکی ئەم سوننەتەیان جێبەجێ کردووە. پەیامەکانی نووریش ڕوو دەکاتە ئەوانە و پێیان دەڵێت:

ماڵەکانتان بکەن بە قوتابخانەیەکی بچووکی نوور و، جێی وەرگرتنی زانست و فێربوونی خواناسی. تاکو ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی ئەنجامدانی ئەم سوننەتەن، لەسەر ئیمان پەروەردە ببن و، لە قیامەتدا شەفاعەتتان بۆ بکەن و، لە دنیاشدا کوڕ و منداڵ و جگەرگۆشەی باشتان بن. ئەو کاتە بە تەواوی ئەم سوننەتە پیرۆزەتان تێدا جێبەجێ دەبێت.

دەنا ئەگەر منداڵەکان لەسەر پەروەردەی ئەوروپایی گەشە بکەن و پێ بگەن - وەك لە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا ڕووی دا - ئەوا زۆربەی ئەو منداڵانە لە لایەکەوە سوودیان بۆ دنیاتان نابێت و، لەو لاشەوە لە قیامەتدا سکاڵاتان لە دەست دەکەن، چونکە لەوێ پێتان دەڵێن: "بۆچی ئیمانتان نەپاراستین"؟ ئێوەش بەم وتەیەی ئەوان پەژارە و پەشیمانی داتان دەگرێت، کاتێ کە پەشیمانی دادی مرۆڤ نادات و سوودی نابێت. ئەمەش پشتگوێ خستنی ئەو حیکمەتەیە کە لە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردایە ﷺ.

ئاونگی ئومێد و فێنکیی ئیمان

❑ ئومێدی یەکەم:

ئەی ئەو کەسانەی گەشتوونەتە تەمەنی کامڵی!
ئەی خوشك و برا ئازیز و بەڕێزە پیرەکانم!
منیش وەکو ئێوە پیرێکی بەساڵاچووم!

دەمەوێت هەندێ لەو حاڵەتانەی کە بەسەرمدا هاتوون و ئەو دەرگایانەی هیوا و ئومێدیش کە لە پیریدا لێم کراونەتەوە، بۆ ئێوەی بەڕێزیان بنووسم. تاکو ئێوەش لەگەڵ خۆمدا لەو دڵدانەوە نوورانی‌یانە بەشدار بکەم کە لەو هیوا و ئومێدانەوە تیشك دەدەن و دەبریسکێنەوە.

گومانی تێدا نی‌یە کە ئەو ڕووناکی‌یانەی من بینیمن و، ئەو دەرگا نوورانی‌یانەش کە لە من کرانەوە، بە گوێرەی توانا و لێهاتنی پەرێشان و ناتەواوی خۆم بوون، پشت بەخوا ئامادەیی پاك و بێگەردی ئێوەی بەڕێز ئەو ڕووناکی‌یەتان جوانتر و درەخشانتر پیشان دەدات و، ئومێد و هیواکانیشتان توندوتۆڵ و بەهێزتر دەخاتە بەردەم.

بێ گومان سەرچاوەی ئەو ڕووناکی‌یانە و، گەنجینەی ئەو هیوا و ئومێدانەی کە لەمەولا باسیان دەکەین، تەنها هەر "ئیمان"ە.

❑ ئومێدی دووهەم:

لە سەرەتای پیریم و لە ڕۆژێکی پایز و دەمی عەسردا، لەسەر لوتکەی چیایەکەوە دەمڕوانی‌یە دنیا. کتوپڕ لە ناخی دەروونمدا هەستم بە حاڵەتێکی یەکجار ناسك و خەماوی و تاریك کرد!

چونکە بینیم: وا مـن بەسالّدا چووم و، ئەمڕۆش پیر بووە و، سالّیش لـە کاملّیدایە و بەرەو پیری دەڕوات. تەنانەت دنیا خۆیشی پیر بووە!

لـە ڕاستیدا ئـەم پیری‌یـەی کـە هـەموو شـتێکی گرتووەتـەوە، بــە تـەواوی ڕایتە‌کاندم و تەزووی بە هەموو جەستەمدا هێنا. چونکە تێگەیشتم کـە وادەی جودایی دنیا و دووریی یارانی خۆشەویستم لـێ نزیك بووەتەوە!

لـەم کاتـەدا کـە مـن بـەم پـەژارە و نائومێدی‌یـەوە دەتلامـەوە، "میـهرەبانیی خواوەند"م لە ناکاودا لــێ دەرکـەوت و، ئـەو خـەم و خەفەتـە زۆر و جودایيـە ئازاربەخشانەی بـۆ گۆڕیـم بـە دلّخۆشـی و شـادمانی و نوورێکـی درەخشـانی ئەوتۆ کە هەموو سووچ و قوژبنێکی دەروونمی ڕووناك کردەوە.

بەلّێ هاوتەمەنە پیرەکانم!

ئەو خواوەندە گەورە و بالاّدەستەی کـە لـە سـەد شـوێن زیـاتر لـە قورئـانی پیرۆزدا بە سیفەتی "الرحمن الرحيم" خۆمان پێ دەناسێنێت..

ئــەو خوایــەی کــە هەمیشــە بــەو نیعمەتانــەی دەیانڕێژێتــە ســـەر زەوی، میهرەبانی‌یەکەی خۆی دەردەخـات و دەینــێرێت بــە هانــا و یارمــەتیی هــەر زیندەوەرێك کە پەنای پێ بردبێت و پێویستی بە سۆز و بەزەیی ئەو بێت..

ئەو میهرەبانەی کە لـە وەرزی بەهاری هـەموو سالّێکدا و لــە جیــهانی پەنـهانی "غـەیب"ەوە دیـاریی نیعمەتـە زۆر و لـە ژمـارە بەدەرەکانی خۆی بـۆ ئێمەی دەسـت کـورت و موحتـاجی ڕۆزی و بـە گوێرەی پلـەکانی لاوازی و دەستەوسـانیمان دەنێرێت و، بەمـەش میهرەبانی‌یـە گشـتی‌یەکەی خۆمـــان بــە ڕوونی و درەخشانی بۆ دەردەخات..

سۆز و بەزەیی ئەم بەدیهێنەرە میهرەبانەمان، مەزنترین ئومێـد و گـەورەترین هیوا و ڕووناکترین نووری سەردەمی پیریمانە!

هەست پێ کردن و دەستکەوتنی ئەو میهر و سۆز و بەزەییەش، تەنها بە پەیوەندی بوون دەبێت لەگەڵ ئەو "میهرەبان"ەدا بەهۆی: "ئیمان" و "گوێ ڕایەڵی" و "بەجێهێنانی فەرزەکان"ەوە.

☐ ئومێدی سێهەم:

کاتێ لە بەرەبەیانی پیریدا لە خەوی شەوگاری لاوی بێدار بومەوە، سەرنجم لە خودی خۆم دا، بینیم وا بە خێرایی لە لوتکەی بەرزاییەکەوە بەرەو دەرگای گۆڕەکەم بەردەبمەوە، وەك "نیازیی میسری"[(١)] لە وەسفی ئەم چەشنە حاڵەتەدا دەڵێت:

لە گەرمەی خەوی غەفڵەتی "گیان"م

ڕووخا بەرد بەردی کۆشکی "ژیان"م!

بەڵێ، ئەو جەستەیەی کە خانە و لانەی گیانمە، بە درێژایی ڕۆژگار یەك لە دوای یەکی بەردەکانی داکەوتن.. ئەو هیوا و ئاواتانەش کە بە توندی منیان بە دنیاوە بەستبوو، هەموویان پچڕان و لەت لەت بوون!

لەمەوە هەستم بە نزیکبوونەوەی وادەی جودایی و لێکدابڕانم کرد لەو هاوڕێ و خۆشەویستانەی کە لەژمارەنایەن.

لەبەر ئەوە، کەوتمە گەڕان بە دوای تیماری ئەم برینە مەعنەوی‌یە قووڵەی کە وا دیارە دەرمانی نی‌یە.

---

(١) نیازیی میسری (١٦١٨-١٦٩٤ز) شاعیرێکی سۆفی‌یە، لە گوندێکی سەر بە پارێزگەی "مەلاتییە"ی تورکیا لە دایك بووە. خوێندنی لە "ئەزهەر" تەواو کردووە، هەر لەبەر ئەوەش پێی وتراوە: "میسری". کە لە میسر گەڕاوەتەوە دەستی کردووە بە ڕێنمایی موسڵمانان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی ئەو کاتەی ئەستەمبوڵدا، هەر لەوێش تەریقەتی "خەلوەتی"ی دامەزراندووە کە پێیشی دەوترێت: "تەریقەتی نیازی" و "تەریقەتی میسری". جگە لە "دیوانی شیعر" و "مەکتووبات"ەکەی، چەند بەرهەمێکی تری هەیە وەك: "موائد العرفان"، "عوائد الاحسان"، "هدایة الاخوان". (وەرگێڕ)

بەڵام هیچ چارەسەرێکم دەستگیر نەبوو. لە ناچاریدا منیش وەك "نیازی" وتم:

"دانست" خوازیاری فەنای جەستەمە
"ئەبەد" ئاواتی دڵی خەستەمە
دەروونم کەیلی پەژارە و دەردە
لوقمان سەرسامە و تیمار ئەستەمە

لەم کاتەدا کە من بەم حاڵەوە دەتلامەوە، لە ناکاودا نووری ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەی ﷺ کە ئەمیندار و نموونە و بانگەوازکار و زمانی میهرەبانیی خوای گەورەیە، هاودەم لەگەڵ شەفاعەت و ئەو دیاری‌یەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە و بریتی‌یە لە ڕێنمایی کردنی مرۆڤایەتی، بوون بە مەڵهەم و دەرمانێکی سارێژکاری دەردە بێ دەرمانەکەم و، ئەو نائومێدی‌یە ڕەشەیان بۆ گۆڕیم بە ئومێدێکی ڕووناکی درەخشان!

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیرم و ئەی ئەوانەی کە وەك من هەست بە پیری دەکەن!

ئێمە کۆچ دەکەین و هیچ ڕێگا چارەیەکی ترمان نی‌یە و، هەرگیز ڕێی مانەوەمان نادرێت. کەواتە هیچ سوودێك لە خۆفریودان و چاونووقاندن وەرناگرین و، دەبێ بەرەو چارەنووسی دیاری کراوی خۆمان بڕۆین.

بەڵام دەبێ بزانین کە هەرگیز جیهانی بەرزەخ وەکو ئەو گومانە تاریکە نی‌یە کە "بێ ئاگایی" پیشانمان دەدات و "گومڕایان" دەیدەن بە گوێماندا..

جیهانی بەرزەخ جیهانی جودایی و شەوەزەنگ نی‌یە. نەخێر، بەڵکو جێی کۆبوونەوەی خۆشەویستان و جیهانی بەدیدار شادبوونەوەی یاران و خۆشەویستانە، کە لە پێشەنگیانەوە پێغەمبەری خۆشەویستی خوا و شەفاعەتکاری ڕۆژی دواییمانە، هەزاران دروودی خوای لەسەر بێت.

بەڵێ، ئەو کەسەی کە بە درێژایی هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵ لە هەموو چەرخێکدا سەرداری سێ سەد و پەنجا ملیۆن کەسە و، پەروەردەکاری گیان و ڕابەری ژیری و خۆشەویستی دڵیانە..

ئەو کەسەی کە بەپێی ناوەرۆکی: "السبب کالفاعل" هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی کردەوەی چاکی ڕۆژانەی نەتەوەکەی "چاکە" دەخرێتە سەر لاپەڕەی کردەوەکانی..

ئەو کەسەی کە خولگەی مەبەستە پەروەردگاری‌یەکان و تەوەرەی ئامانجە گەورە و بەرزەکانی خواوەندە لە گەردووندا..

ئەو کەسەی کە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بوونەوەرە، کە پێغەمبەری سەرداری ئیسلامە ﷺ..

هەروەك لە سەرەتای شەرەفدار بوونی جیهاندا بە پێغەمبەرایەتی‌یەکەی دەیفەرموو: "أمتي.. أمتي"، وەك لە هەندێ "ڕیوایەتی صەحیح" و لە چەندین "کەشفی" ڕاستی پیاوچاکانەوە دەرکەوتووە، هەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ لە حەشریشدا و لەو کاتەی کە هەرکەسەو لە هەوڵی خۆیدایە و دەڵێت: "نفسي.. نفسي" ئەو بۆ شەفاعەتی نەتەوەکەی لێ دەبڕێت و دەفەرموێ: "أمتي.. أمتي" و، بە گەورەترین و بەرزترین و خاوێنترین بەزەیی و لێبڕانەوە دەکەوێتە هەوڵ و کۆشش بۆ فریاکەوتنی نەتەوەکەی[(١)].

کەواتە ئێمە - ئەی برایانی پیرم! - بەرەو جیهانێك دەڕۆین کە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ کۆچی بۆ کردووە.. ڕووەو ئەو جیهانە دەگوێزینەوە کە بە نووری ئەو چرا ڕووناکە ﷺ و ڕۆشنایی ئەستێرەکانی دەوروبەری، لە ئەولیا و پیاوچاکە لە ژمارە بەدەرەکان، ڕووناك بووەتەوە.

---

(١) ئیمامی "بوخاری" و "موسلیم" لە ئەبووهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. (وەرگێڕ)

بەڵێ، هەر تەنها پـەیڕەوی کردنی "سوننەت"ە خـاوێن و پیرۆزەکـانی ئـەم پێغەمبەرە خۆشەویستەیە ﷺ کە مـرۆڤ دەخاتـە ژێـر ئـاڵای شـەفاعەتەکەی و، لەو نوورەی ئەوی بەش دەدات و، لە تاریکیی بەرزەخیش ڕزگاری دەکات.

❑ ئومێدی چوارەم:

کاتێ کە یەکەم هەنگاوم نایە ناو دەرگای پیریـیەوە، تەندروستیی جەستەم - کە درێژە بە خەوی "بێ ئاگایی" دەدات - تێکچوو بوو.

بەم جۆرە، "پیری" و "نەخۆشی" یـەکیان گـرت و پێکـەوە هێرشیان کـردە سـەرم و، تـا ئێستایش بـە دوو قۆڵـی لێـم ڕاسـت بوونەتـەوە و زللـەی یـەك لـە دوای یەکم تێ دەسرەوێنن. تا بە تەواوی خەوی "بێ ئاگایی"یان لـێ زڕاندم.

ئنجـا هیـچ شتێکی وەك مـاڵ و منداڵیشـم نـەبوو تـا بـە دنیـاوە بـمبەستنەوە. لەبەر ئەوە، کە سەیری ئەنجامی سەرمایەی تەمـەنی خۆمـم کـرد - کـە بـەهۆی بێ ئاگـایی سـەردەمی لاویـم لـە دەستم دەرچـوو - بینیـم هـەر تەنـها تـاوان و گوناهباریـیە!

لەم کاتەدا منیش وەکو "نیازیی میسری" هاوارم لـێ هەڵسا و، وتم:

به دەسـتی خـاڵی ڕێـگام گـرتـەبـەر
بـە بـێ ئاگایـی و ڕەنجـی بێ سـەمەر
لـە کاروان جێمـاو، نـامـۆ و ئـاوارە
سـەرمایەی ژینـم ڕۆیشـت بە هەدەر

* * *

تـەنهـا لافـاوی فـرمێسـکـی چـاوم
قـرچەی سـووتاویی تاسـەی هـەناوم
هـاودەمی گەشـتی تەنیایی مـن بوون
سەرباری "ژیری"ی سـەر لـێ‌شێواوم

لەو دەمەشدا لە نامۆییەکی سەختدا دەژیام. بۆیە هەستم بە پەژارە و نائومێدی دەکرد و، لە حەسرەت و پەشیمانیی ڕۆژانی ڕابوردووی تەمەنمدا بووم. لە تاوا بەدەم داد و هاوارەوە داوای یارمەتیم دەکرد و لە دووی ئومێدێکدا دەگەڕام کە دڵم ڕووناك بکاتەوە..

لە ناکاودا "قورئانی پیرۆز"ی خاوەن ئیعجاز ئاوڕی سۆزی لێ دامەوە و، دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردم و دەرگایەکی گەورەی هیوا و ئومێدی بۆ خستمە سەرپشت و، نوورێکی هێندە ئومێدبەخش و درەخشانی پێ بەخشیم کە ئەگەر ئەو نائومێدییەم سەد ئەوەندەش زیاتر و گەورەتر بوایە هەر هەمووی دەڕەواندەوە و دەوروبەرمی بۆ ڕووناك دەکردمەوە.

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیری بەڕێزم!

ئەی ئەو کەسانەی کە وەك من هەموو پەیوەندییەکتان لەگەڵ دنیادا پچڕاوە!

ئایا دەگونجێ: "کردگاری شکۆمەند" کە ئەم دنیایەی وەك شارێکی ڕێکوپێك و، چەشنی کۆشك و تەلارێکی ڕازاوە بنیات ناوە، لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی ئەم شار و کۆشکەی خۆیدا نەدوێت، یان ڕوویان تێ نەکات؟

خۆ مادەم خوای گەورە ئەم کۆشکەی بە زانیاریی خۆی بنیات ناوە و بە ویستی خۆیشی ڕێکی خستووە و ڕازاندوویەتیەوە، ئەوا دەبێ لەگەڵ دانیشتووانیدا بدوێت، چونکە هەروەك "وەستا زانایە" بە هەمان جۆر "زاناش گۆیایە"!

ئنجا مادەم ئەم کۆشکەی کردووە بە میوانخانەیەکی ڕەنگین و ئەم شارەش بە مەڵبەندێکی جوانی بازرگانی، ئەوا دەبێ هەر ئەو خوایە نامە و پرۆگرامی دانابێت بۆ ڕوونکردنەوەی داخوازییەکانی و جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵماندا.

گومان لەوەشدا نی‌یە کە پەسەندترین و ڕێکترینی ئەو نامە و کتێبانەی ناردوونی تەنها "قورئانی پیرۆز"ی خاوەن ئیعجازە کە بە چل شێوە ئیعجازەکەی چەسپاوە و سەلمێنراوە و[1]، بە لایَ کەمەوە لە هەموو خولەکێکدا بەسەر زاری سەد ملیۆن کەسەوە دەخوێنرێتەوە و، ڕووناکی پەخش دەکات و، ڕێی ڕاست پیشانی خەڵکی دەدات و، لە بەرامبەر خوێندنەوەی هەر پیتێکیەوە بە لای کەمەوە (دە) دانە چاکە و، لە هەندێ کاتدا (دە هەزار) و تەنانەت (سی هەزار) - وەك لە شەوی "قەدر"دا - بۆ خوێنەرەکەی دەنووسرێت.

بەم جۆرە "قورئانی پیرۆز" هەر لەم دنیایەدا بەروبوومی بەهەشت و ڕووناکیی بەرزەخمان پێ دەبەخشێت.

جا ئایا لە هەموو گەردووندا هیچ کتێبێك هەیە بەربەرەکانێی ئەم پلەیەی قورئان بکات و هیچ کەسێکیش هەیە بتوانێت ئەم لافە لێ بدات!

کەواتە مادەم ئەم قورئانە پیرۆزەی کە لە بەردەستماندایە "گوفتاری پەروەردگاری هەموو جیهانەکان"ە و.. فەرمانەکانی ئەون بە ئێمە ڕاگەیەنراون و.. سەرچاوەی میهرەبانی‌یە فراوانەکەیەتی کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و.. قورئانێکە لە ڕوانگەی ڕەهایی پەروەردگاریتی و گەورەیی خوایەتی و فراوانی و گشتگیریی میهرەبانیی بەدیهێنەری شکۆمەندی ئاسمانەکان و زەوی‌یەوە سەرچاوەی گرتووە..

مادەم وایە، ئەوا هەتا دەتوانیت دەستی پێوە بگرە و بەری مەدە. چونکە دەرمانی هەموو دەرد و ڕۆشنایی هەموو تاریکی و هیوای هەموو نائومێدی‌یەك تەنها لەودایە.

---

(١) نووسەر لێرەدا ئاماژە بۆ پەیامی "موعجیزاتی قورئانی" دەکات کە وتەی بیست و پێنجەمی پەیامەکانی نوورە. (وەرگێڕ)

کلیلی دەرگای ئەم گەنجینە هەمیشەییەش بریتی‌یە لە: ئیمان و، تەسلیم بوون و، گوێ بیستی و ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی و، لەزەت چەشتن لە خوێندنەوەی.

❑ ئومێدی پێنجەم:

لە سەرەتای پیریمدا حەزم لە گۆشەگیری و تەنیایی دەکرد لە سەر گردی "یووشەع"، کە بەسەر گەرووی "بسفۆڕ"دا دەڕوانێت و، "گیان"یشم بە دوای ئاسوودەیی گۆشەگیری و تەنیاییدا عەودالْ بوو..

ڕۆژێکیان لەسەر لوتکەی ئەو گردە ناوبراوە بەرزەوە سەیری ئاسۆکانی دنیام دەکرد.

لە ناکاودا هەڕەشەی "پیری" تابلۆیەکی ناسك و خەمناکی جودایی و نەمانی پیشاندام!

کە سەرنجی ئەو تابلۆیەم دا، بینیم هەر لە چڵەپۆپەی لقی چڵ و پێنجەمی درەختی ساڵەکانی تەمەنمەوە تا قووڵترین ڕەگ و ڕیشەی چینەکانی ژێرەوەی ژیانم، هەموویانم بە تەرمی ئەو دۆست و خۆشەویستانەم دەهاتە پێش چاو کە لە ژمارە نایەن و ئەوانەش کە لە ماوەی ژیانمدا پەیوەندیم لەگەڵیاندا بووە!

لە ناو حەسرەت و پەژارەی جودایی یاران و خۆشەویستاندا، ئەم ناڵەیەی "فزوولیی بەغدادی"م[1] لەبەر خۆمەوە وتەوە کە لە دەمی جودایی خۆشەویستانیدا وتویەتی:

---

(١) "فزوولیی بەغدادی" شاعیرێکی تورکە لە سەدەی شازدەهەمی زایینیدا ژیاوە و، ناوی "محەممەد"ە، ئەم شاعیرە دەورێکی کاریگەری بووە لە ئەدەبی تورکیدا و، بە دامەزرێنەری ئەدەبی ئازەریی تورکی دادەنرێت. بە زمانەکانی: تورکی و فارسی و عەرەبی شیعری وتووە. چەند بەرهەمێکی هەیە یەکێك لەوانە: "لەیلا و مەجنوون"ە، لە ساڵی ١٥٥٥زدا بە تاعوون کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

لەگەڵ یادی وەسڵی تۆدا
فرمێسکی گەش دەبارێنم
تا هەناسەی ژینم مابێت
بە یادی تۆ دەناڵێنم!

لە ناوەندی ئەو هەموو خەفەت و حەسرەتە قووڵانەدا بە دوای دەروویەکی ئومێد و کلاورۆژنەیەکی رووناکیدا دەگەڕام کە دڵی خۆمی پێ بدەمەوە. لەپڕ نووری "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" هات بە هانامەوە!

بەڵێ، ئەم ئیمانە نوورێکی ئەوتۆی پێ بەخشیم کە هەرگیز کوژانەوەی نییە و، ئومێدێکیشی خەڵات کردم کە هەرگیز خامۆش نابێت.

بەڵێ خوشك و برا پیرەکانم!

مادەم "ڕۆژی دوایی" هەیە و هەمیشەییە و لە دنیا جوانترە..

مادەم ئەو خوایەی کە ئێمەی بەدی هێناوە خوایەکی دانا و میهرەبانە..

ئەوا دەبێ سکاڵا لە دەست پیری نەکەین و لێیشی بێزار و وەڕس نەبین. چونکە ئەو پیرییەی کە ئاوێتەی "ئیمان" و "پەرستش"ە و مرۆڤ کامڵ دەکات، نیشانەی کۆتایی هاتنی فەرمانبەریتی و ئەرکەکانی ژیان و کۆچکردنی مرۆڤە بەرەو جیهانی پڕ لە میهرەبانی، بۆ پشوودان و حەوانەوە. کەواتە دەبێ زۆر پێی ڕازی بین و تەنانەت مایەی خۆشحاڵیمان بێت!

بەڵێ، سەد و بیست و چوار هەزار لە مرۆڤە هەڵبژاردەکانی گرۆی ئادەمیزاد کە پێغەمبەرانن - دروودی خوایان لەسەر بێت - (بەپێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ)[1] کە هەندێکیان پشت بە "شهود" دەبەستن و

(١) عن أبي أمامة، قال أبو ذر: "قلت: يا رسول الله كم وفاء عدة الأنبياء؟ قال: مائة ألف وأربعة وعشرون ألفاً، الرسل من ذلك ثلاثمائة وخمسة عشر جماً غفيراً". رواه الإمام أحمد (مشكاة المصابيح ١٢٢/٣ ت ٥٧٣٧ قال المحقق: حديث صحيح) وانظر زاد المعاد المحقق ٤٣/١. (وەرگێڕ)

هەندێکی تریشیان لە ڕوانگەی "حق الیقـین"ەوە دەدوێـن.. هـەموو ئەوانـە، بـە گشـتی و یـەکدەنگ هـەواڵی بوونـی ڕۆژی قیامـەتمان دەدەنـێ و ڕایدەگەیـەنن کە:

سەرجەمی خەڵکی دەدرێنە بەر بۆ ئەو ڕۆژەو، خوای باڵادەست هـەروەك بەڵێنی داوە بە بێ گومانیش ڕۆژی دوایی دەهێنێتە کایەوە..

ئنجا ئەم مژدە و هەواڵەی کە ئەو پێغەمبەرە سەروەرانە – درووودیان لـەسەر بێت – ڕایانگـەیاند، سـەد و بیسـت و چـوار ملیـۆن ئـەولیاش بـە "کەشـف" و "شـهوود" و "علـم الیقــین" بینیویانــە و، ڕاســتی‌یەکەیان دەرخســتووە و، شایەتی‌یان لـەسەر داوە. ئـەم شایەتیدانەشیان بەڵگـەیەکی گومـانبڕی بـەهێزە لەسەر بوونی "ڕۆژی دوایی"..

هەروەها درەوشـانەوەی نـاوە جوانـەکانی بەدیهێنـەری گـەردوون، کـە بـە سەرانسـەری جیهانــەوە دیــار و درەخشــانن، داخــوازی بوونــی جیــهانێکی هەمیشەیین و بەڵگەیەکی ئاشکرای ڕۆژی دوایین..

بەڵگەیـەکی تـری ڕۆژی دوایـی، ئـەو "توانـا ئـەزەلی" و "دانسـتە ڕەهـا ئەبەدی"یەی خوای گەورەیە کە هەموو ساڵێك لە وەرزی بەهاردا بە فـەرمانی "کن، فیکون" تەرمی ئەو درەختە لە ژمـارە بـەدەرە وشـك و مردووانـەی سـەر ڕووی زەوی زینـدوو دەکاتــەوە و، دەیانکــات بــە نیشــانە و بەڵگـــەی: "زیندووبوونـەوەی پـاش مـردن".. هـەروەهــا ســێ ســەد هــەزار جـۆر لــە زیندەوەر و ڕووەك زیندوو دەکاتەوە، بەمەش سەدان هەزار نموونـەی حەشـر و نەشر و بەڵگەی ئاخیرەتمان بۆ دەردەخات..

هەروەها ئەو "میهرەبانی"یە فراوانەی خوای گەورە کە درێژە بە ژیانی ئەو گیاندارانە دەدات پێویسـتیان بـە ڕۆزیـە و، بـە کـەماڵی میـهرەبانی و بـە شـێوەیەکی تـابلێی دەراسـا دەیـانژیێنێت.. هەروەهـا ئـەو "چـاودێری"یــە

بەردەوامەی خواوەندیش کە لە ماوەیەکی کەم و وەختێکی کورتی وەك وەرزی بەهاردا چەندەها جۆر جوانی و ئارایشتکاریی لەژمارەبەدەر و هەمەڕەنگمان پیشان دەدات. بێ گومان ئەم "میهرەبانی" و "چاودێری"یە، بە چەشنێکی بەڵگەنەویست، داخوازی "بوونی ڕۆژی دوایی"ن..

هەروەها "ئەوینی مانەوە" و، "تاسەی هەتاهەتایی" و، "ئاواتە هەمیشەییەکان" کە لە مرۆڤدا ڕەگیان داکوتاوە و بە تەواوی جێی خۆیان لە ناخی ئەم مرۆڤەدا کردووەتەوە، کە ڕێکوپێکترین بەروبوومی ئەم بوونەوەر و گەردوونەیە و، خۆشەویسترین بەدیهاتووی بەدیهێنەریەتی و، پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەمی بوونەوەرانی گەردووندا هەیە.

بێ گومان ئەم تاسە و ئەوین و ئاواتانە، ئاماژە بۆ بوونی جیهانێکی هەمیشەیی پاش ئەم جیهانە بڕاوەیە دەکەن و، بەڵگەی بوونی ڕۆژی دوایی و خانەی بەختەوەریی هەمیشەیین.

هەموو ئەو بەڵگانەی کە باس کران، تا ڕادەی باوەڕ پێ کردن و بە ئەندازەی ئاشکرایی و بەڵگەنەویستیی بوونی ئەم جیهانە بینراوە، بوونی "ڕۆژی دوایی" دەچەسپێنن و ئاشکرای دەکەن[1].

---

(١) ئاسانیی چەسپاندنی هەواڵێکی "ئیجابی" و دژواریی "نەفی" کردنیشی لەم نموونەیەوە دەردەکەوێت:

ئەگەر یەکێك وتی: (لە سەر زەویدا باخچەیەك هەیە بەروبوومەکانی وەك قوتووی شیر وایە)! یەکێکی تریش لە بەرپەرچیدا وتی: (شتی وا نییە)! ئەوا یەکەمیان دەتوانێت تەنها بە پیشاندانی جێی ئەو باخچەیە، یان بە پیشاندانی هەندێ لە بەروبوومەکەی، قسەکەی بە ئاسانی بچەسپێنێت. بەڵام دووهەمیان دەبێ هەموو سەرزەوی بگەڕێت و بیپشکنێت و، بەمەش بیچەسپێنێت کە باخچەی وا نییە! (دیارە ئەممەش کارێکی ئاسان نییە)..

هەروەها سەبارەت بەوانەش کە هەواڵی بوونی ڕۆژی دوایی و بەهەشتمان دەدەنێ، هەزاران بەڵگە و بەروبووم و ئەنجامی ئەو بەهەشتەمان پیشان دەدەن، لە کاتێکدا کە دوو شایەتی ڕاستگۆ سەروزیادە بۆ سەلماندنی قسەکەیان. بەڵام ئەوانەی کە ئەمە ناسەلمێنن، دەبێ ئەم بوونەوەر و زەمانە

جا مادەم وانەی "ئیمـان بە ڕۆژی دوایی" گرنگترین وانەیە کە قورئانی پیرۆز بە ئێمەی دەڵێتەوە و، ئەم ئیمانەش بەم چەشنە و تا ئەم ڕادەیە جێگیر و دامەزراوە و، خاوەنی بەڵگەی ئاوا بەرز و توندوتۆڵە.. ئنجا ئەو نوور و ئومێد و دڵدانەوانەش کە لە ئیماندان هێندە بەهێزن کە ئەگەر سەد هەزار "پیری" لە یەك کەسدا کۆببنەوە، هەر سەروزیادی پێ بەخشینی دڵنەوایی و ڕووناك کردنەوەی هەموویان دەبێت..

ئەوا دەبێ ئێمەی پیری بەساڵاچوو بە پیرییەکەمان دڵخۆش و شادمان بین و، هەمیشە بڵێین:

"الحمد لله على كمال الإيمان".

❏ ئومێدی شەشەم:

ئەو دەمەی لە شوێنی دوورخرانەوەم - کە دیلییەکی ئازاربەخش بوو - بە تەنیایی لەسەر لوتکەی چیای "چام" دەژیام، کە بە سەر سەوزەڵانیی "بارلا"دا دەڕوانێت.. لەو تەنیایی و گۆشەگیرییەدا بە شوێن نوورێکدا دەگەڕام کە دڵم ڕووناك بکاتەوە.

شەوێکیان لەو ژوورە بچکۆلە سەرنەگیراوە دانیشتبووم کە لەسەر درەختێکی سنەوبەری سەر لوتکەی ئەو چیایە (بە تەختە) دروست کرابوو..

کتوپڕ پیرییەکەم چەندین جۆری غەریبیی خستە پێش چاوی هەست و شعوورم، وەك ئەوەی کە لە مەکتووبی شەشەمدا بە ڕوونی باس کراوە. چونکە لە هێمنی و کپیی ئەو شەوەدا جگە لە زایەڵەی خەمناکی خشەی

یەکجار فراوانە بپشکنن و هەموویان بگەڕێن، لەوجا گەر بەهەشتیان نەدۆزییەوە، دەتوانن قسەکەیان بە بەڵگەوە بچەسپێنن!

جا برایانی پیرم! فەرموون سەیری گەورەیی هێزی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" بکەن و، بزانن چەندە پاڵپشتێکی پتەوی دامەزراوی چەسپاوە! (دانەر)

گەڵای دارەکان هیچ دەنگێکی تری تێدا نەدەبیسترا. هەستم کرد ئەو زایەڵەیە سەرجەمی هەست و نەستەکانم و نـاخی پیری و غـەریبیمی پێکـا و، بـە گوێـی دڵمدا چرپاندی و وتی:

(هەروەك ڕۆژی ڕووناك بوو بەم گۆڕە تاریکە و دنیا کفنی ڕەشـی پۆشـی، ڕۆژگاری تەمەنیشت - بە هەمان جۆر - شەوی بەسەردا دێت و، ڕۆژگـاری دنیاش دەگۆڕێت بە شەوگاری بـەرزەخ و، ڕۆژی هـاوینی ژیـانیش دەبێـت بـە شەوی زستانی مردن)!

"دەروون"یشم بە خەفەتەوە لە وەڵامدا وتی:

(ڕاستە، من لێرەدا نامۆ و دوور لە شار و نیشتمانی خۆمم. بـەڵام جودایـی خۆشەویستانی درێژایی تەمەنم کە لە پەنجا ساڵ تێپەڕ بووە و لە فرمێسك ڕشتن بـە دوایـاندا هیچـی تـر شـك نابـەم، نامۆییـەکی گەلـێ دژوارتـرە لـە نـامۆیی نیشتمان. تەنانەت ئەم شەو من هەست بـە غەریبیـەك دەکـەم کـە ئازارەکـەی گەلـێ زیاترە لەچاو غـەریبیی سـەر لوتکـەی ئـەم چیایـە کـە ئـەویش پۆشـاکی نـامۆیی و خەفـەتی پۆشیوە! چونکـە "پیری" هەڕەشـەی نزیکبوونـەوەی کـاتی جودایی تەواوەتی و کۆچی دوایـیم لـەم دنیایە لـێ دەکات).

لەتاوا، هەر لە نـاوەندی ئـەم نامۆییـەی کـە خەفـەت گـەمارۆی داوە و ئـەم خەفەتەش کە ئاوێتەی ئـازارە، بـە دوای تروسـکاییەکی نـوور و دەرگایـەکی هیوا و ئومێددا دەگەڕام..

لە ناکاودا "ئیمان بـە خـوا" هـات بـە فریامـەوە و دەسـتی گـرتم و، لـە پـاش هەستکردن بەو غەریبییە، ئاسـوودەیی و دڵنەواییـەکی گـەورەی ئـەوتۆی پـێ بەخشیم کە ئەگەر ئەو ئازار و نامۆییەم چەندان جار لەوەش زیـاتر بوایـە هـەر دەیڕەواندنەوە و ئاسوودەیی پێ دەبەخشیم.

بەڵێ خوشك و برایانی پیرم!

مادەم بەدیهێنەرێکی میهرەبانمان هەیە، ئەوا ئیتر ئێمە غەریب و نامۆ نیین.. مادەم خوای گەورە هەیە، ئەوا ئێمە هەموو شتێکمان هەیە.. مادەم خوا و فریشتەکانی هەن، ئەوا ئەم دنیایە چۆڵ نییە و، ئەم بیابان و هەردانەش کە بە چۆڵ دێنە بەرچاومان، لە ڕاستیدا پڕن لە مەلائیکەت و بەندە بەڕێزەکانی خوای گەورە.

بەڵێ، نووری ئیمان بەو خوایە و، ڕوانینە دنیا لەبەر خوای گەورە و لە ڕوانگەی ئەو ئیمانەوە، هەرچی درەخت و دار و بەرد هەیە، هاودەم لەگەڵ بەندە خاوەن هەست و شعوورەکانی، هەموویان دەکات بە خەمڕەوێن و هاوەڵ و ئاشنامان. چونکە دەگونجێ ئەو بوونەوەرانە بە زمانی حاڵیان لەگەڵماندا بدوێن و، دڵمان بدەنەوە و، بێ تاقەتیمان دەربکەن.

بەڵێ، بە ئەندازەی سەرجەمی بوونەوەرانی گەردوون و بە ژمارەی پیتەکانی کتێبی ئەم جیهانە گەورەیە، بەڵگە لەسەر "بوونی خوای گەورە" هەیە.

هەروەها بە ئەندازەی هەموو ئامێرەکانی سەرجەمی گیانداران و ژمارەی ئەو خۆراك و نیعمەتانەش کە بە تایبەتی پێی بەخشیون و، تەوەرەی ڕەحمەت و میهرەبانی و چاودێریی خوای گەورەن، بەڵگە بە دەستەوە هەیە کە هەر هەموویان ڕێنماییمان دەکەن و، دەمانگەیەننە دەرگای بەدیهێنەری بەخشندە و میهرەبان و پارێزەری خۆشەویستمان.

گومانیش لەوەدا نییە کە چاکترین و گیراترین تکاکار لەو دەرگانەیەدا: "دەستەوسانی" و "لاوازی"ن کە لە سەردەمی پیریماندا پەیدا دەبن و سەرهەڵدەدەن.

کەواتە لە بریی ئەوەی پشت لە پیری هەڵبکەین، دەبێ خۆشمان بوێت و ڕێزی بزانین. چونکە شەفاعەتکارێکی جێی ئومێدە لەو دەرگانە بەرزەی خواوەندا.

□ ئومێدی حەوتەم:

کاتێ کە لە سەرەتای پیریمدا خەندەی خۆشحاڵیی "سەعیدی کۆن" نەما و، جێی بۆ شین و گریانی "سەعیدی نوێ" چۆڵ کرد، دنیاخوازانی "ئەنقەرە" پێیان وابوو من وەك باری پێشووم ماومەتەوە و هەر "سەعیدی کۆن"ی جارانم. بۆیە بانگهێشتیان بۆ کردم کە بچم بۆ ئەوێ. منیش ڕۆشتم(١).

لە ڕۆژێکی کۆتایی پایزدا ڕۆشتمە سەر لوتکەی قەڵاکەی ئەنقەرە، کە لە من گەلێ زیاتر دووچاری پیری و پرتووکان بووبوو!

لەوێ ئەو قەڵایەم وەك ڕووداوە مێژووییە بەردبووەکان هاتە بەرچاو!

جا بەهۆی پیربوونی ساڵ لە وەرزی پایزدا و، پیریی خۆم و، پیریی قەڵاکە و، پیریی مرۆڤایەتی و، پیریی دەوڵەتی مەزنی عوسمانی و، مردنی خەلافەت و، پیربوونی دنیا بە گشتی، خەمێکی قووڵ، ناخی دەروونمی گرتەوە و تەزوویەکی بەتینیش بە جەستەمدا هات..

ئەو حاڵەتە، ناچاری کردم کە لەسەر لوتکەی ئەو قەڵایەوە چاو بەناو بەرزاییەکانی ئایندە و شیو و دۆڵەکانی ڕابوردوودا بگێڕم و، بە دوای نوور و ئومێد و شتێکی دڵخۆشکەردا بگەڕێم، تاکو شەوەزەنگی چڕ و تاریکی ئەو

(١) ئەمەش لە ١٩٢٢/٩/٩دا بووە، لەم سەفەرەی ئەنقەرەدا و لە ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٩دا بەیاننامەیەکی گرنگی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی مەبعووثان) نووسی کە (ژەنەڕاڵ کازم قەرەبەکر) لە ئەنجومەنەکەدا خوێندیەوە و سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (یا أیها المبعوثون! إنکم لمبعوثون لیوم عظیم)! لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم وتارەدا نزیکەی (شەست نوێنەر) ڕێگای خواپەرستی و بەجێهێنانی فەرزەکانیان گرتەبەر، پاش ئەوەی ئەو دەورووبەرەی کە لە ئەنقەرەدا تێی کەوتبوون لە سەرچاوەی ئیمان دووری خستبوونەوە. هەر لەم سەفەرەی ئەنقەرەشدا پەیامی (حوباب)ی چاپ کرد، لە بەرامبەر ئەو لە خوا دوورییەی کە لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدا بوو. (وەرگێڕ)

بارە ڕۆحی‌یەم بۆ ڕووناك بكاتەوە و، لە تاریكایی ئەو هەموو چەشنە پیری‌یە تێك ئالاوانەی دەورووبەرم، كە نوقمی بووە، دەری بهێنێت[1]!

بۆ مەبەستی چاوگێڕان بە دوای نوور و ئومێددا، ئاوڕێکم بە لای ڕاستدا - كە ڕابوردووە - دایەوە. ئەم لایەم لە دوورەوە لە شێوەی گۆڕستانی باوك و باپیرانم و تێکڕای مرۆڤایەتیدا هاتە پێش چاو. واتە لە بریی ئەوەی دڵم بداتەوە و نوورێکم پێ ببەخشێت، كەچی ئەوەندەی تر بێزاری كردم و دڵی داگرتم!

پاشان ئاوڕم بە لای چەپدا دایەوە - كە ئایندەیە - بەو نیازەی دەرمانێکم تێدا دەست بكەوێت. كەچی ئەم لایەم لە شێوەی گۆڕستانێکی گەورە و تاریكی خۆم و هاوچەشنەكانم و نەوەكانی داهاتوودا بینی! بەم جۆرە، ئەم لایەش دەردەكەی گرانتر كردم!

دوای ئەوەی كە دڵم لە "ڕابوردوو" و "ئایندە" هەڵكەندرا، سەیرێکی كاتی "ئێستا"م كرد. یەكسەر لە بەرچاوی ڕوانینی مێژووییمدا ئەم كاتەم لە شێوەی تابووتی تەرمی جەستەی تێکشكاوم و، بە وێنەی سەربڕاوێك لە نێوان ژیان و مردندا، هاتە پێش چاو!

كە دەستم لەم لایەش داشۆرد، سەرم بەرز كردەوە و بۆ چڵەپۆپەی درەختی تەمەنی خۆمم ڕوانی. بینیم تەنها یەك دانە بەری گرتووە، ئەویش تەرمەكەی خۆمە و بۆم دەڕوانێت!

لەتاوا سەرم داخست و ڕوانیمە ڕەگ و ڕیشەی درەختی تەمەنم. بینیم خاك و گڵی ژێر پێم، تێکڕا گڵی جەستە و ئێسكی پرتووكاوی منن كە تێكەڵی یەكتری بوون و خەڵكی بەسەریاندا دەڕۆن و پێی پێدا دەنێن!

---

(١) ئەم حاڵەتە ڕۆحی‌یە لە شێوەی موناجاتدا، بە زمانی فارسی هاتە دڵمەوە و نووسیم، پاشان لە پەیامی (حوباب)دا لە ئەنقەرە چاپ كرا. (دانەر)

بەم شێوەیە، ئەم دوو ڕوانینەش، لە بریی ئەوەی دەرمـانم بدەنێ و زامەکەم ساڕێژ بکەن، کەچی دەردەکەیان پتر بۆ گران کردم و هیچ دەرمانێکم تیایاندا بەدی نەکردا

لە ناچاریدا ئاوڕێکم بە لای "دوا"وە دایەوە. بینیـم ئـەم دنیا فانی‌یـە بـەرەو شیو و دۆڵـی بێـهوودەیی و ڕووەو تاریکستانی "نـەبوون" تلێر دەبێتـەوە! ئـەم سـەیرکردنە، ژەهـری بەسـەر زامەکـەمدا کـرد و، لـە بریـی ئـەوەی سـاڕێژ و تیماری بکات پتر کولاندیەوە و هێنایەوە سۆ.

کە لەم لایەش نائومێد بووم، سەیرێکی "بەردەم"ی خۆمـم کـرد و ڕوانیمـە دوور. دەبینم وا گۆڕەکەم لەسەر چەقی ڕێگادایە و دەمی لـێ کردووەتەوە و چـاوەڕێم دەکـات! لـــە پشـتیەوە ئـەو ڕێگــا دوور و درێــژە نەبڕاوەیــەش دەردەکەوێت کە چین لە دوای چینی کاروانەکانی گرۆی مرۆڤـی پێـدا تێپـەڕ دەبن!

منیش لە بەردەم ئەم هەموو گیرو گرفتە سەخت و سەرسووڕهێنەرانەی کـە لە هەر شەش لامەوە ڕووم تێدەکەن، بینیم هیچ پاڵپشتێکم نی‌یە کـە پشتی پێ ببەستم و، جگە لە بەشێکی بچووکی ئەو ویستە هەندەکی‌یە(الإرادة الجزئيـــة) نەبێت کە پێم بەخشراوە، هیچ چەکێکی ترم بە دەستەوە نی‌یە.

کەواتە لە بـەردەم هـەموو دوژمنـانی زۆر و شتانی زیانبـەخش و لـە ژمـارە نەهاتوودا تەنها ئەو چەکە مرۆڤانەیە نەبێت کە بریتی‌یە لە (جوزئی ئیختیـاری) هیچی تر شك نابەم.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چەکەش لە خۆیدا کۆڵەوار و ناتەواوە و، نـاتوانێت بڕواتـە نـاو کـاتی "ڕابوردوو" تـاکو خـەم و خەفەتـەکانی ئـەوێم نـەهێڵێت و، بیشـچێتە نـاو "ئاینده"وە تـاکو هـەر شتێکی سامناك لـە ڕێگامدایـە لـەناویان بیات، ئەوا دڵنیا بووم لـەوەی کـە نـە دەستەڵاتی چارەسـەرکردنی سـەرجەمی

ئازارەکانی خۆمم هەیە و، نە دەشتوانم گشت هیوا و ئاواتەکانی ڕابوردوو و داهاتووم بهێنمەدی. بۆیە لە ناچاریدا دەست لەئەژنۆ دانیشتم و دۆش دامام!

لەم کاتەدا کە لە هەر شەش لامەوە چەندین جۆری بێزاری و سەرسامی و نائومێدی و تاریکی دەورەیان دابووم، "نوورەکانی ئیمان"م بینی کە لە ڕووی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی بەیانەوە دەدرەوشانەوە! ئەم نوورانە بە هانامەوە هاتن و، هەر شەش لاکانیان بە چەندین نووری درەخشان بۆ ڕووناك کردمەوە، بە چەشنێك کە ئەگەر ئەو بێزاری و تاریکی‌یە زۆرانەی گەمارۆیان دابووم سەد جارەش ببوونایەتەوە، ئەو نوورانە سەروزیادی ڕووناککردنەوەی هەموویان دەبوون.

بەم جۆرە، ئەو نوورانەی ئیمان یەك بە یەکی ئەو زنجیرە سامناك و درێژانەیان گۆڕی بە دڵدانەوە و ئومێد و، سەرجەمی مەترسی‌یەکانیشیان کرد بە هیوای گیان و، ئارامی و ئاسوودەیی لە دڵ و دەروونداا

بەڵێ، "ئیمان" توانیی ئەو وێنە سامناکەی "ڕابوردوو" - کە گۆڕستانێکی گەورە بوو - بدڕێنێت و، بیگۆڕێت بە ئەنجومەنێکی نوورانی و کۆگای خۆشەویستان. ئەمەشی بە "عين اليقين" تەنانەت بە "حق اليقين" پیشان دام..

هەروەها ئەو "داهاتوو"ەی کە کاتێ بە چاوی بێ ئاگاییەوە سەیری دەکەین وەکو گۆڕێکی گەورە و فراوان دێتە پێش چاومان، "ئیمان" بە "علم اليقين" پیشانی دام کە لە ڕاستیدا ئەنجومەنی میوانداریی خوای گەورەی میهرەبانە، کە لە کۆشکەکانی بەختیاریی هەمیشەییدا بۆ میوانەکانی خۆی ئامادەی کردووە..

پاشان "ئیمان" ئەو دیمەنی تابووت و تەرمەی کاتی "ئێستا"ی تێکشکاند و، تێیگەیاندم کە کاتی ئێستام مەڵبەندێکی بازرگانی‌یە بۆ دوارۆژ و میوانخانەیەکی ڕازاوەی خواییە..

ئنجا ئەو تاقانە "بەر"ەی درەختی تەمەن، کە چاوی بێ ئاگایی لە شێوەی "تەرم"دا پیشانی دام، دەرکەوت بەو جۆرە نییە. چونکە "ئیمان" بە "علم الیقین" پیشانی دام کە ئەوە بریتییە لە دەربازبوونی "گیان"م - کە شیاوی ژیانی هەمیشەییە و دەستنیشان کراوی بەختیاریی هەتاهەتایە - لە هێلانە کۆنەکەی خۆی بەرەو ژیانی ناو ئاسۆی ئەستێرەکان و گەشتوگوزار لە ناویاندا..

پاشان رازە نهێنییەکانی "ئیمان" دەریانخست کە خاکی ئێسکی پرتووکاوم و خاکی سەرەتای دروستبوونم بەو شێوە کەم نرخە نییە کە پێی پێدا بنرێت، بەڵکو دەرگای میهرەبانیی خوای گەورە و پەردەی سەر رووی هۆڵەکانی بەهەشتە..

ئنجا کە یەکەم جار بە چاوی بێ ئاگایی دەمڕوانییە حاڵ و بارودۆخە داڕووخاوەکانی "دنیا" وا دەهاتنە پێش چاوم کە لە شیو و دۆڵی بێهوودەییەوە بکەونە ناو تاریکایی "نەبوون"ەوە. کەچی "ئیمان" پیشانی دام کە ئەم ئاڵوگۆڕانەی دنیا بریتین لە نامە و نووسراوە صەمەدانییەکانی خواوەند و، لاپەڕەکانی نەخشونیگاری ناوە جوانەکانی، کە ئەرکی سەرشانیان ئەنجام داوە و، واتاکانی خۆیان ڕاگەیاندووە و، بەرهەم و ئاکامی خۆیان لە بوونەوەردا بەجێ هێشتووە.

بەم جۆرە "ئیمان" هەتا پلەی "علم الیقین" بەها و چییەتی(ماهیة)ی دنیای پێ ناساندم..

پاشان ئەو "گۆڕ"ەی کە لەوەو پێش وامدەزانی بۆم دەڕوانێت و، لەسەر چەقی ڕێگا لە مەڵاسدایە و چاوەڕوانم دەکات، "ئیمان" بەهۆی نووری "قورئانی پیرۆز"ەوە دەری خست کە ئەو گۆڕە بیرێك نییە دەمی لێ پان

کردبێتمەوە، بەڵکو پیشانی دام کە ئەو گۆڕە لە ڕاستیدا بریتی‌یە لە دەرگای چوونەژوورەوە بۆ ناو "جیهانی ڕووناکی". ئەو ڕێگا دوور و درێژەش بە تاریکایی و نەبوون کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو ڕاستە شەقامێکە بەرەو جیهانی "ڕووناکی" و "بوون" و "بەختیاریی هەمیشەیی".

بەم جۆرە.. ئەم حاڵەتانە بوون بە دەرمانی دەرد و مەڵهەمی زامەکانم. ئەمانەشم بە شێوەیەکی هێندە ئاشکرا بەدی کرد کە گەیاندمیانە قەناعەتێکی تەواو بەو ئەنجامانە.

پاشان ئەم "جوزئی ئیختیاری"یە کەمەی کە تەنها دەستکەوتێکی تابلێیت هەندەکیی هەیە، "ئیمان" بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆی پێ بەخشی کە بەهۆیەوە پاڵ بە توانستێکی ڕەهاوە بداتەوە و، پەیوەندیی بە میهرەبانی‌یەکی فراوانیشەوە بکات لە دژی ئەو هەموو دوژمنە لەژمارەبەدەر و تاریکی‌یە زۆرانەی کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان داوە. تەنانەت هەر خودی "ئیمان" دەبێت بە بڕوانامەیەك بە دەست "جوزئی ئیختیاری"یەوە.

ئنجا هەرچەندەش ئەم جوزئە ئیختیاری‌یە - کە چەکی مرۆڤە - خۆی لە خۆیدا کۆڵەوار و، کەم و، کۆتا و، ناتەواوە، بەڵام ئەگەر بە ناوی خواوەندی حەق و لە پێناوی خوا و لە ڕێگای ئەودا بەکارهێنرا، ئەوا بە ناوی ئیمانەوە بەهەشتێکی هەمیشەیی و فراوان بە پانتایی پێنج سەد ساڵ ڕێ دەستی خاوەنەکەی دەخات..

ئیماندار لەمەدا وەك ئەو سەربازە وایە کە ئەگەر هێزە هەندەکی‌یەکەی خۆی بە ناوی دەوڵەتەوە بەکار بهێنێت، دەتوانێت بە ئاسانی چەند کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدات کە بە هەزاران جار لە هێزە تایبەتی‌یەکەی خۆی گەورەتر بێت.

ئنجا هەروەك "ئیمان" بەڵگەنامەیەك بە دەستی "جوزئی ئیختیاری" دەسپێرێت، لە هەمان کاتدا جڵەوی جوزئی ئیختیاریش لە دەست "جەستە" دەسێنێتەوە کە هیچ دەستەڵاتێکی بەسەر ئاینده ورابوردوودا نییەو، دەیداتە دەست "دڵ" و "گیان"!

جا لەبەر ئەوەی بازنەی "دڵ" و "گیان" بە وێنەی جەستە پابەندی "کاتی ئێستا" نییەو، چەند ساڵێکی ئاینده ورابوردووش لە سنووری بازنەی ژیانی دڵ و گیاندان، ئەوا ئەم جوزئە ئیختیارییە لە هەندەکییەوە دەردەچێت و دەبێت بە هەمەکی! ئیتر هەروەك بە "هێزی ئیمان" دەڕواتە ناو قووڵایی شیو و دۆڵەکانی "ڕابوردوو" و تاریکیی خەم و خەفەتەکانی ئەوێ لەناو دەبات، بە هەمان جۆر و بە "نووری ئیمان" سەردەکەوێت و دەفڕێت تا دەگاتە لوتکەی بەرزاییەکانی "ئاینده"ش و هەموو مەترسییەکانی تێدا لەناو دەبات!

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیرم و ئەی ئەو کەسانەی کە دەردیسەریی پیری ئازاریان دەدات!

سوپاس بۆ خوا! مادەم ئێمە لە ئیمانداراانین و، ئەم ئیمانەش گەنجینەی شیرین و، ڕووناکی و، خۆشەویستیی تا ئەم ڕادەیەی تێدایە..

مادەم ئەم پیرییەشمان زیاتر دەستمان دەگرێت و دەمانباتە بەردەرگای ئەو گەنجینانە..

ئەوا دەبێ هەزاران شوکر و ستایش پێشکەش بە خوای گەورە بکەین لەسەر ئەم پیرییەی کە ڕووناکیی "ئیمان"ی ئاراستە کراوە!

لە بریسکەی بیست و چوارەم:

پەیامی پۆشتەیی (الحجاب)

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿یا أَیُّهَا النَّبِیُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِینَ یُدْنِینَ عَلَیْهِنَّ مِنْ جَلابِیبِهِنَّ﴾

تا کۆتایی ئایەتەکە لە سوورەتی: (الأحزاب:٥٩)

ئەم ئایەتە پیرۆزە فەرمان بە شەرمکردن و پۆشتەیی دەدات. بەلاّم ڕای شارستانێتیی ساختە پێچەوانەی ئەم فەرمانە پەروەردگاری‌یەیە؛ شەرمکردن و پۆشتەیی بۆ ئافرەت بە کارێکی سروشتی نازانێت، بەڵکو بە کۆت و دیلیی دادەنێت بۆیان[1].

---

(١) ئەمە برگەیە کە لەو "لائیحە"یەی پێشکەش بە دادگای "تەمیز" کرا و، لە بەردەمی دادگادا خوێندرایەوە و دادگای بێ دەنگ کرد و، بوو بە پەراوێزی ئەم مەقامە:

(منیش بە دادگای بەڕێزی وەزارەتی دادگەری دەڵێم:

تاوانبارکردنی کەسێك کە بەرز و پیرۆزترین دەستووری خوایی تەفسیر دەکات، ئەو دەستوورەی کە حەقی ڕاستەقینەیە و لە هەموو سەردەمێکدا و لە ماوەی هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵدا سێ سەد و پەنجا ملیۆن موسڵمان لە کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتییاندا پرس و ڕایان پێیەتی و ڕەفتاری پێ دەکەن.. ئەو کەسەی کە لە تەفسیرەکەیدا پشت بەو شتانە دەبەستێت کە سێ سەد و پەنجا تەفسیرنووس تیایاندا یەکیان گرتووە و سەلماندوویانە و، شوێن ئەو بیروباوەڕە کەوتووە کە باپیرانی پێشوومان لە ماوەی هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵدا باوەڕیان پێی بووە..

تاوانبارکردنی ئەم تەفسیرنووسە، بڕیارێکی ستەمکارانەیە و، بێ هیچ گومانێك دادگەری - ئەگەر لە ڕووی زەویدا هەبێت - ڕەفزی دەکات و دەست بە ڕووی ئەو بڕیارەوە دەنێت و هەڵی دەوەشێنێتەوە). (دانەر)

وا ئێمەش لە نێوان چەندەها دانایی(حیکمەت) زۆر و زەبەندەدا لەوانەی کە بەڵگەی ئەوەن ئەم فەرمانە پیرۆزەی قورئان سروشتی ئافرەتان داخوازیەتی و، پێچەوانەی ئەم فەرمانەش دژی سروشتیانە، تەنها چوار دانایی باس دەکەین:

○ دانایی یەکەم:

شەرمنی و پۆشتەیی کارێکی سروشتی‌یە بۆ ئافرەتان و سروشتیان داخوازیەتی، چونکە ئافرەت نەرمی و لاوازی تێکەڵی بەدیهاتنیان بووە و، لە دەروونی خۆیاندا هەست دەکەن کە پێویستیان بە پیاوێك هەیە پارێزگاریی خۆیان و منالەکانیان بکات، کە لە خۆیان بەلایانەوە ئازیزترن. کەواتە ئافرەتان بە سروشت وا دروست کراون کە لای کەسانی تر خۆیان خۆشەویست بکەن و کاریَ نەکەن دوورەپەرێزی و نەفرەتیان لێ بکرێت، یان ڕەزایان لای ئەوان قورس ببێت.

پاشان، نزیکەی حەوت لە دەی ئافرەتان: یان بەساڵاچوون، یان ناشیرینن و حەزناکەن پیری و ناشیرینی‌یان دەربخەن، یان دارای غیرەتێکی توندوتیژن و مەترسیی ئەوەیان هەیە کە خەڵکی جوانەکان زیاتر پەسەند بکەن تا ئەوان، یاخود لەو مەترسی‌یەدان کە دەستدرێژی بکرێتە سەریان و تۆمەتیان بۆ ڕێك بخرێت..

ئەو ئافرەتانە - بە سروشت - حەزیان لە پۆشتەیی و خۆپاراستنە، نەوەك دەستدرێژی‌یان بکرێتە سەر و، تاکو لای مێردەکانیشیان جێی تۆمەت نەبن، تەنانەت بەتەمەنەکانیان پتر سوورن لەسەر خۆداپۆشین.

لەوانەیە تەنها دوو یان سێ لە دەی ئافرەتان جوان و لاو بن و، لە دەرخستنی جوانیی خۆیان وەڕس و بێزار نەبن!

ئاشکرایە کە مرۆڤ لە ڕوانینی ئەوانەی خۆشی ناوێن، بێزار دەبێت. خۆ ئەگەر وا دابنێین ئافرەتێکی جوان حەز بکات دووسێ کەسی نامەحرەم بیبینن، هەر ئەو ئافرەتە - بە بێ گومانی - لە سەیرکردنی حەوت هەشتێکی تری نامەحرەم وەڕس و بێزار دەبێت، بەڵکو نەفرەتیشیان لێ دەکات.

کەواتە ئافرەت، بە مەرجێك ڕەوشتی تێك نەچووبێت، بە بێ گومانی لەدەست ئەو بۆڕوانینە چەپەڵانە هەڵدێت کە وەك تاقی کراوەتەوە کاریگەریی ماددیی چەشنی ژەهریان هەیە. بە ڕادەیەك کە دەبیستین زۆربەی ئافرەتانی ئەورووپاش - کە مەڵبەندی ڕووتی و خۆدەرخستنی ئافرەتە - لەتاو ڕوانینی خەڵکی بۆیان سکاڵا بۆ لای پۆلیس دەبەن و دەڵێن:

ئەو بێ نرخانە لە بەندیخانەی ڕوانینیاندا بەندمان دەکەن!

لەمەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

ئەم کارەی شارستانێتیی هەرزەیی کردوویەتی و پۆشتەیی لەناودا لابردووە و ڕێی بۆ ڕووتیی ئافرەت والا کردووە، کارێکە دژ و پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە و، فەرمانەکەی قورئانی پیرۆزیش کە داوای شەرمنی و پۆشتەیی دەکات، سەرەڕای ئەوەی سروشتی ئافرەت داخوازیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت لە سووکایەتی و بەدڕەفتاری و زەلیلی و دیلیی مەعنەوی و نزمی دەپارێزێت، ئەو ئافرەتانەی کە سەرچاوەی میهرەبانی و شەفەقەتن و، هاوسەر و هاوڕێیەکی ئەمینی مێردەکانیانن لە دواڕۆژدا.

ئنجا سەرەڕای ئەمانەش، سروشتی ئافرەت مەترسیی لە پیاوانی بیانی تێدایە. جا ئەم مەترسییە داخوازی پاراستن و خۆدەرنەخستنە، چونکە لەوانەیە لەزەتێکی نارەوای نۆ دەقیقەیی، ئازاری هەڵگرتنی سکێکی نۆ مانگی و پاشان بەخێوکردنی منداڵێکی بێ کەسی بۆ ماوەی نۆ ساڵی لێ بیێتەوە کە ئەو لەزەتە بشێوێنێت.

لەبەر ڕوودانی زۆری ئەم چەشنە گریمانـە، ئافرەتـان بـەپێی سروشـتیان ترسێکی ڕاستەقینەیان لـە پیـاوانی نامـەحرەم هەیـە و، دوورەپەرێزی‌یان لـێ دەکەن.

کەواتـە بەدیـهاتنی لاوازی ئـەوان، بـە ڕاسـتی و تـەواوی، بـۆ خۆپاراسـتن بێداریان دەکاتەوە و، بۆ پۆشتەیی هانیـان دەدات، تـاکو ئارەزووی نامـەحرەم نەبزوێت و، ئەم پۆشتەییە نەهێڵێت دەستدرێژی بکرێتە سـەریان و، سروشتیان ڕێنماییان دەکات بۆ ئەوەی کە قەڵای مەحکەم و سەنگەری ئـەمین و بێ وەی بۆ ئەوان تەنها "پۆشتەیی"یە.

بیستمان کـە: ژنـی پیـاوێکی پلەوپایـە بـەرزی دنیـایی، شـوێنە سـەرنج ڕاکێشـەکانی جەسـتەی بـە دەرەوە بـووە و، بۆیاخچی‌یـەکی پێڵاویـش بـە ئاشکرا و ڕۆژی ڕۆشنا و لە ناوجەرگەی ئەنقەرەی پایتەختدا پەلاماری داوە!

جـا ئایـا ئـەم ڕووداوە "ناڕەوایـە" زللەیـەکی توندوتیـژ نی‌یـە لەسـەر ڕووی دوژمنانی داوێن پـاکی و پۆشتەیی، لەوانـەی کـە هیـچ ئاگایـەکیان لـە واتـا و ناوەرۆکی شەرم و حەیا نی‌یە؟!

○ دانایی دووهەم:

پەیوەندیی بـەهێز و، خۆشەویسـتیی قوولـی نێـوان ژن و مـێرد تەنـها لـە پێداویستی‌یە سروشتی‌یەکانی ژیانی دنیایانەوە پـەیدا نـەبووە، چونکـە ئـافرەت تەنها لە ژیانی دنیادا هاوەڵی مێردەکەی نی‌یـە، بـەڵکو لـە ژیـانی هەمیشـەیی و نەمریشدا هاوڕێ و هاوسەریەتی.

جـا مـادەم ئـافرەت هـاوڕێی ژیـانی هەمیشـەیی مێردەکەیـەتی، ئـەوا نـابێت سەرنجی غەیری هاوڕێ هەمیشەییەکەی بۆ لای جوانیی خۆی ڕابکێشـێت و، نابێت بەم کارە مێردەکەی بێزار و دووچاری غیرەت و تووڕەیی بکات.

ئنجا لەبەر ئەوەش کە مێردە ئیماندارەکەی - بە بۆنەی ئیمانەکەیەوە - تەنها بۆ ئەم دنیایە ئەوی خۆش ناوێت و خۆشەویستی‌یەکەشی ئاژەلانە و بۆ تەنها کاتی جوانیی ئەو نی‌یە، بەڵکو خۆشەویستی و ڕێزی هاوسەرەکەی بێگەردن و، تا کاتی پیری و نەمانی جوانی، تەنانەت هەتا ژیانی هەمیشەیی و نەمریش هەر بەردەوامن، ئەوا دەبێت بەرامبەر بەمە ئەو ئافرەتەش جوانیی خۆی تەنها بۆ مێردەکەی دەربخات و، هەر ئەوی خۆش بوێت، چونکە مرۆڤێتیی مرۆڤ داخوازی ئەمەیە. دەنا زۆری لەکیس دەچێت و کەمی دەست دەکەوێت.

پاشان یەکێك لە داخوازی‌یەکانی شەرع: هاوکوفیی مێردە بۆ ژنەکەی. واتە دەبێ وەك یەك و بۆ یەکتر گونجاو بن. گرنگترین لایەنەکانی هاوکوفییش - وەك زانراوە - هاوکوفی‌یە لە ئاییندارییدا.

ئەو مێردە چەندە بەختەوەرە کە ئاییندارییی ژنەکەی دەبینێت و چاوی لێ دەکات و، وەك ئەو دەبێت بە خاوەن ئایین، ئیتر لە ژیانی هەمیشەیی و نەمریدا هاوەڵە بەوەفاکەی لەدەست دەرناچێت.

ئەو ژنەش چەندە بەختەوەرە کە ئاییندارییی مێردەکەی دەبینێت و، دەترسێت لە ژیانی نەمریدا هاوەڵە ئەمینەکەی خۆی لەدەست دەربچێت. لەبەر ئەوە، دەست بە ئیمان و تەقواوە دەگرێت.

"وەیل" و جارێکی تریش "وەیل" بۆ ئەو مێردەی نوقمی نەفامی و هەرزەییەکی ئەوتۆ دەبێت کە هاوسەرە باش و خواناسەکەی لەدەست دەردەکات.

بەدبەختیش بۆ ئەو ئافرەتەی کە چاو لە مێردە خاوەن تەقوا و خواناسەکەی ناکات و، لە ئەنجامدا هاوەڵە بەڕێز و بەختەوەرە هەمیشەییەکەی خۆی لەدەست دەدات.

وەیل و ڕسوایش بۆ ئەو ژن و مێردە بەدبەختانەی کە لە گوناهباری و کرداری ناڕەوادا چاو لە یەکتر دەکەن و، لە پاڵ پێوەنانی یەکتریدا بەرەو ئاگری دۆزەخ پێشبڕکێ دەکەن!

○ دانایی سێهەم:

بەختەوەریی ژیانی خێزان و بەردەوامیی ئەو بەختەوەرییە، بە بەردەوامیی متمانە و باوەڕی چون یەکی نێوان ژن و مێرد و، بەردەوامیی ڕێزی شایان و خۆشەویستیی ڕاستەقینەی نێوانیان دەبێت. بەڵام ڕووت بوونی ئافرەت، ئەو متمانە و ڕێز و خۆشەویستییە چون یەکە تێك دەدات و نایهێڵێت.

لە دەوروبەرێکی ڕووتی وەك ئەمەدا، نۆ لە دەی ئافرەتە ڕووتەکان پیاوی جوانتر لە مێردەکانی خۆیان دەبینن، بەڵام مەگەر تەنها یەکێکیان هیچ کەسێك نەبینێت لە مێردەکەی خۆی جوانتر بێت. پیاوانیش بە هەمان جۆرن؛ مەگەر لە بیست کەسدا یەکێکیان ئافرەتێك ببینێت نەگاتە جوانیی ژنەکەی خۆی، بەڵام ئەوانی تر هەردەم لە ژنانی خۆیان جوانتر دەبینن.

ئەم دەوروبەرە تێکەڵ و ڕووتە لەوانەیە هەستێکی نزم و بێ نرخ و چەپەڵ لە دەروونـدا بـبزوێنێت، جگە لەوەش کە دەبێت بەهۆی ئەوەی ئەو خۆشەویستییە بێگەرد و ڕێزە خاوێنەی باسمان کرد نەمێنێت. چونکە ناگونجێ مرۆڤ - بە سروشت - هەستێکی نزمی ئاژەڵانەی بەرامبەر ئەو ئافرەتە مەحرەمانە تێدابێت کە وەك خوشکی خۆی سەیریان دەکات، چونکە "ڕوخسار"ی کەسانی مەحرەم هەستی بەزەیی و میهرەبانیی سیلەی ڕەحمی کەسوکار دەبزوێنێت.

جا ئەم هەستە بەرزە، مەیل و ئارەزووە شەهوانییەکانی دەروون کەم دەکاتەوە.

بەڵام دەرخستنی شتێك کە دروست نیيە دەربخرێت و پیشان بدرێت - وەك قاچ - لەوانەیە لەبەر نەمانی هەست بە مەحرەمیی نێوانیان، هەستێکی نزم لای دەروونە نزمەکان بورووژێنێت، چونکە تەنها "ڕوخسار"ی مەحرەمەکانە کە هەست بە خزمایەتی کردن و مەحرەمێتیی پێوە دیارە و، لەبەر چاودا جیایە لە کەسانی تر، بەڵام دەرخستنی شوێنەکانی تری جەستەی ئافرەت بۆ مەحرەم و نامەحرەم یەکسانە، چونکە هیچ کام لەو نیشانە جوداکەرەوانەی مەحرەمایەتی لەو شوێنانەدا هەستی پێ ناکرێت کە داخوازی سەیر نەکردنی حەرام بێت و، لەوانەیە ئارەزووی ڕوانینی ئاژەڵانە لای هەندێ مەحرەمی بەدخووی ڕەوشت نزم بیزوێنێت!

خۆ ئەم چەشنە ڕوانینە، کەوتنێکی هێندە سامناکە بۆ مرۆڤایەتی کە مرۆڤ لەتاوا تەزوو بە جەستەیدا دێت!

○ دانایی چوارەم:

ئاشکرایە کە "زۆریی وەچە" هەمیشە کارێکی باشە و، هیچ نەتەوە و دەوڵەتێك نیيە داوای زۆر کردنی وەچە نەکات. پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی:

"تناكحوا تكثروا فإني أباهي بكم الأمم يوم القيامة"[١].

نەهێشتنی پۆشتەیی و، بواردان بە دەرکەوتن و ڕووتیی ئافرەت، ڕێژەی ژن هێنان کەم دەکاتەوە و بەو پێیە وەچە خستنەوەش گەلێ کەم دەبێتەوە..

چونکە لاو هەرچەندە و بە هەر ئەندازەیەکیش لە ڕێ لادەر و بەدڕەفتار بێت، هێشتا هەر حەز دەکات هاوسەری ژیانی داوێن پاك و پارێزراو بێت و، نایەوێت ڕووت و - وەك خۆی - نزم و سووك بێت. لەبەر ئەوەیە دەبینیت

(١) تەخریجەکەی لە لاپەڕە (٢٧-٢٨)ی ئەم کتێبەدا ڕابورد. (وەرگێڕ)

گەر ئـەو ئافرەتـەی دەسـت نەکـەوێت کـە دەیـەوێت مـارەی بکـات، ئـەوا ژن نەهێنانی پێ باشتر دەبێت و، لەوانەشە لەمەوە سەربکاتە خراپکاری و لـە ڕێ بترازێت.

بەڵام ئافرەت لەمەدا وەك پیاو نی‌یە و ناتوانێت مێرد هەڵبژێرێت.

ئافرەت لەبەر ئەوەی ڕێکخەری کاروباری ناو ماڵە و، پارێزگاریی مـاڵ و منـاڵ و هـەموو شتێکی مێردەکـەی خراوەتـە ئەستۆ، ئـەوا گرنگـترین سیفەتی تێدایە کە: ئەمانەت و متمانە پێ بوونە.

بەڵام دەرکەوتن و ڕووت بوونی، ئەو ئەمانەتە تێکدەدات و متمانەکەش لە جێی خۆی دەلەقێنێت و، بەم کارە مێردەکەی دووچاری ئازاری مەعنـەوی و دەروونی دەکات.

بە ڕادەیەك "ئازایەتی" و "سەخاوەت" کە دوو ڕەوشتی باشی پیـاون، گـەر لە ئافرەتدا بن، بە ڕەوشتی باش لە قەڵەم نـادرێن. چونکـە ئەگـەر ئـافرەت ئـەو سیفەتانەی تێـدا بێـت، ئـەوا ئەمانـەت و متمانەکـەی تێکدەچێـت بـەوەی کـە ئەنجامەکەی "بێ شەرمی" و "ئیسراف" دەبێت.

جـا مـادەم ئـەرکی سەرشـانی پیـاو تەنـها پارێزگـاریی مـاڵ و سـامانی خێزانەکەی نی‌یە، بەڵکو جگە لەوەش پارێزگاری کردنـی ژنەکـەی و بـەزەیی پێدا هاتنەوە و ڕێزلێنانیشیەتی، ئەوا ئەو شتەی لەسەر ژن پێویستە لەسـەر پیـاو پێویست نی‌یە و، ڕێ لە پیاو ناگیرێت کە بە ویسـتی خـۆی چ ژنێـك دەهێنێـت دەتوانێت بیهێنێت و، جگە لەو ژنەی هی تریش مارە بکات.

وڵاتـانی ئێمـە وەك وڵاتـانی ئـەوروپا نین و بـە یـەك چـاو تەماشـا نـاکرێن، چونکە لەوێ تا ڕادەیـەك چـەندین هـۆی توندوتیـژی وەك شـەربازی(المبـارزة) هـەن کـە لـە نـاوەندێکی ئـاوا ڕووتـدا پارێزگـاریی شـەرەف و داوێـن پـاکی

دەکەن و، هەر کەسێك بە نیازی چەپەڵ بۆ هاوسەری هەر مرۆڤێکی "بەشەرەف" بڕوانێت، دەبێ لە پێشدا کفنەکەی خۆی بە دەستی خۆی ئامادە بکات! ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سروشتی ئەوروپاییەکان چەشنی کەشیان ساردوسڕە.

بەڵام جیهانی ئیسلامیی ئێمە لە چاو ئەوروپادا، بە وڵاتە گەرمەکان دادەنرێت. خۆ کاریگەریی ژینگەش لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا لای هەموان ئاشکرا و زانراوە.

ڕووتیی ئافرەتیش، کە هەست و ئارەزووی شەهوانیی ئاژەڵانە دەبزوێنێت، لەوانەیە لەو وڵات و خەڵکە ساردوسڕەدا دەستدرێژیی زۆر و خراپکاریی مەزنی لێ نەوەشێتەوە، وەك ئەو ئیسراف و زیادەڕەویيەی کە ئەم ڕووتی‌یە لە وڵاتە گەرمەکان و لەو کەسانەدا بە خێرایی و زوویی دەورووژێن، پەیدای دەکات.

جا خۆدەرخستن و پۆشتە نەبوونی ئافرەتیش کە ئارەزووی دەروون دەورووژێنێت و پەتی هەستە شەهوانی‌یەکان دەپچڕێنێت، لەم چەشنە ناوچانەدا، بە بێ گومانی زیادەڕەوی و ئیسراف و، سنوور شکاندن و، لاوازیی وەچە و، ڕووخانی هەموو هێزێك، بەرهەم دەهێنێت..

چونکە پیاو، کە دەتوانێت لە یەك مانگ یان بیست ڕۆژدا پێویستیی سروشتیی خۆی نەهێڵێت، لەم چەشنە شوێن و دەوروبەرانەدا پێی وایە کە ناچارە هەموو چەند ڕۆژێك جارێ ئەم پێویستی‌یە نەهێڵێت. ئنجا لەبەر ئەوەش کە چەند ڕێگرێکی شەرعیی چەشنی "بێ نوێژی" کە لەوانەیە پازدە ڕۆژ بخایەنێت، نایەڵن ئەو پیاوە توخنی خێزانەکەی بکەوێت، ئەوا ئەو پیاوە گەر بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵ نەبێت دووچاری داوێن پیسی دەبێت.

پاشان دەبێ دانیشتووانی شار لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا چاو لــە گوندنشـینان نەكەن و، پۆشتەیی نێوانیان لانەدەن. چونكە خەڵكی لادێ خەمی گـوزەران سـەرقاڵی كـردوون و ناچــارن توانــا و هــێزی جەسـتەیان بـۆ بەدەسـتهێنانی گوزەرانیـان بەكاربـهێنن و، زۆر جــار ئافرەتــان بەشــداریی چــەندین كــار و ئەركی قورس دەكەن. لەبەر ئەوە، ئەگەر لایەكی لەشــە زبرەكانیـان لــە كـاتی كاردا دەربكەوێت، ئارەزووی ئاژەڵانەی كەسانی تر نابزوێنێت..

جگە لەوەش، بە ئەندازەی شار هەرزە و بێ كـار لــە لادێكـاندا نیـیـە. ئیـتر خراپكاریی‌یەكانی لادێ ناگەنە یەك لە دەی خراپكاریی شار.

لەبەر ئەوەیە كە نابێ شار بە چاوی لادێ سەیر بكرێت.

مەسەلەیەکی گرنگ کتوپڕ بە دڵدا هات:

ئاشووبی فیتنەسازی ئافرەتان

ئاگاداری‌یەك:

ڕەویەی "پەیامەکانی نوور" بەزەیی و شەفەقەت و میهرەبانی‌یە. هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی دارای شەفەقەت و خاوەنی میهرەبانین پەیوەندییان بەم پەیامانەوە هەیە.

بەڵام ئەم باسە ئاراستەی ئەو ئافرەتانە کراوە کە بێ هیچ لێکدانەوەیەك لاسایی ئافرەتانی بیانی دەکەنەوە. لەبەر ئەوە، هەندێ توندوتیژیی تێدا بەدی دەکرێت، ئەوەش تەنها بۆ بێدارکردنەوەی بێ ئاگایانە.

تکام وایە ئەو خوشکانەی کە ڕابەری شەفەقەت و میهرەبانین، دڵیان لە توندوتیژیی ئەم باسە گەرد نەگرێت. (دانەر)

لە ڕیوایەتی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ دەردەکەوێ کە ئافرەتان و فیتنە و ئاشووبیان لە ئاخرزەماندا، سامناکترین و مەترسی ترین ڕۆڵ دەبینن.

بەڵێ، هەروەك کتێبەکانی مێژوو بۆمان دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە سەدەکانی پێشوودا کۆمەڵە ئافرەتێك بە ئازایەتی و چەك هەڵگرتن ناوبانگیان دەرکردووە و، بە "ئافرەتانی ئەمازۆن" ناسراون، تیپێکی سەربەرزیان لێ پێکهێنراوە و، لە چەندین جەنگی سەختدا بەشدارییان کردووە..

هەروەك كتێبەكانی مێژوو ئەمەمان بۆ دەگێڕنەوە، بە هەمان جۆر لەم سەردەمەی خۆیشماندا، كە گومڕایی زەندیقێتی بەرەنگاری ئیسلام بووەتەوە و لەگەڵیدا دەجەنگێت، سامناكترین تیپی هێرشبەری ئەوان بۆ سەر ئیسلام، كە بەپێی نەخشەكانی دەروونی بەدخواز كار دەكات و پێشەوایەتی‌یەكەی بە دەستی شەیتان سپێرراوە، دەستەیەك ئافرەتی "پۆشتە و ڕووت"ن كە قاچ و قولیان دەردەخەن و دەیانكەن بە چەكێكی توندوتیژ و، لە دژی ئیمانداران بەكاری دەهێنن..

بەم كارەشیان دەرگای خێزانداری و مارەبڕین دادەخەن و هی داوێن پیسی دەخەنە سەر پشت.. چونكە هانیان دەدەن كە دووچاری تاوانی گەورەیان بكەن و، بە كتوپڕی دەروونی چەندەها كەس دەكەنە دیلی خۆیان و، چەندین زام و برینی بە سۆ و قووڵ لە گیان و دڵیاندا دروست دەكەن. تەنانەت لەوانەیە هەندێ لەو دڵانە وەها بپێكن كە بە جارێ بیانكوژن و لەناویان ببەن.

كەواتە سزایەكی گەلێ دادگەرانەیە كە ئەو قاچ و قولانەی بەو جۆرە چەكی بریندارکەری فیتنەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، ببن بە سووتەمەنیی دۆزەخ و یەكەم شت دۆزەخ ئەوان بسووتێنێت. چونكە لە ماوەی چەند ساڵێكی كەم و لە بەردەم كەسانێكدا كە لێیان حەرام بوون، ڕووتیان كردوون و دەریانخستوون.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە (هەر لە دنیادا) مێردی گونجاویان لە دەست دەچێت، بگرە هەر دەستیشیان ناكەوێت، كە لە ڕاستیدا و بەپێی خواستی سروشتیان گەلێ پێویستیان پێیەتی. بەهۆی ئەوەی كە وەفا و باوەڕیان لە دنیادا لەدەست داوە. بەڵكو لە ئەنجامی گوێ نەدان بە شووكردن و بایەخ

نەدان بە مافەکانی، پشتگوێ دەخرێن و چاودێرییان لە کیس دەچێت، بە چەشنێ کە لە ئەنجامدا چل ئافرەت تەنها یەك پیاو سەپەرشتیکار و بەخێوکەریان دەبێت، وەك فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ڕایگەیاندووە[1].

جا مادەم "ڕاستی"بەم چەشنەیە..

مادەم هەموو جوانێك جوانیی خۆی خۆش دەوێت و، بە پێی توانا پارێزگاریی لێ دەکات و نایەوێ بە نیازی خراپ دەستی بۆ ببرێت..

مادەم "جوانی" نیعمەتێکی بەخشراوە و، نیعمەتیش ئەگەر شوکرانەی لەسەر بکرێت، زیاد دەکات و.. گەر ئینکاریش بکرێت، نامێنێ و دەگۆڕێت..

ئەوا بێ هیچ گومانێ ئەو ئافرەتەی خاوەنی ژیری بێت، بە هەموو توانایەکی خۆی هەڵدێت لەوەی کە جوانییەکەی بکات بەهۆی تاوانباری و گوناهکاری و، خەڵکی تریشی پێ بکات بە تەڵەی گوناهبارییەوە. هەروەها ڕادەکات لەوەی کە جوانییەکەی ببێت بە ناشیرینی و جوانییەکی زەهراویی شووم و، ئینکاریی ئەو نیعمەتەش بکات کە پێی بەخشراوە و، ئەمەشی بۆ ببێت بە مایەی ئەشکەنجە و ئازار.

کەواتە دەبێ ئافرەتی جوان، جوانییەکەی بە شێوەی ڕەوا بەکاربهێنێت، تاکو جوانییە کاتی و لەناوچووەکەی بۆ ببێت بە جوانییەکی هەمیشەیی و بەردەوام، لە بریی جوانییەکی وا کە چەند ساڵێك زیاتر ناخایەنێت. ئەو کاتەش بەم کارەی، شوکرانەی ئەو نیعمەتەی بەجێ هێناوە.

---

(١) عن أنس قال: لأحدثنكم حديثاً لا يحدثكم أحد بعدي، سمعت رسول الله ﷺ يقول: "من أشراط الساعة أنْ يقلَّ العلمُ ويظهرَ الزنا وتكثرَ النساء ويقلَّ الرجالُ حتى يكونَ لخمسين امـرأةً القيِّمُ الواحدُ". رواه البخارى، كتاب العلم، باب رفع العلم وظهور الجهل. (وەرگێڕ)

دەنا لە سەردەمی پیریدا ئەشكەنجە و ئازار دەچێژێت و، لـە تـاو ئـەوەی كـە ڕەزای لای خـەڵكی قـورس دەبێـت و پشتگـوێی دەخـەن، هـەتا دەتوانـێ دەگری و هەردەم بەدبەختیی خۆی دەلاوێنێتەوە!

بەڵام ئـەگەر ئـەو جـوانی‌یە بـە ئارایشـتی ئـەدەب و ڕەویـەی قورئـان برازێنێتەوە و، لە چوارچێوەی پەروەردەی ئیسلامیدا چاودێریی شایانی خۆی بكرێت، ئەوا ئەو جوانی‌یە لەناوچووە - لە ڕاستی و حەقیقـەتدا - دەبێت بە جوانی‌یەكی هەمیشەیی و لە بەهەشتدا جوانی‌یەكی گەلێ جوانتر و قەشەنگتر لە هی (الحور العين) بەو ئافرەتە دەبەخشرێت. وەك لە فەرموودەی پێغەمبـەردا ﷺ چەسپاوە[٢].

جا ئەگەر ئەو ئافرەتە دارای تۆزقاڵێك ژیری بێت، بە هیچ جۆرێ واز لەم ئەنجامە ڕوون و هەمیشەییە ناهێنێت و بەزایەی نادات.

---

(٢) لەم بارەیەوە فەرموودە زۆرە، ئەمە یەكێكیانە:
عن أم سلمة زوج النبي ﷺ قالت (في حديث طويل): قلتُ يا رسول الله! أنساءُ الدنيا أفضلُ أم الحورُ العين؟ قال: نساءُ الدنيا أفضلُ من الحور العين كفضلِ الظهارة على البطانة. قلت: يا رسول الله! وبِمَ ذالك؟ قال: بصلاتهن وصيامهن وعبادتهن لله عز وجلّ. ألبسَ اللهُ عز وجلّ وجوهَهُن النورَ وأجسادَهن الحريرَ. بيض الألوان، خضر الثياب، صفر الحلي.." الخ الحديث.
رواه الطبراني في الكبير والأوسط، وهذا لفظه.
بڕوانە: "الترغيب و الترهيب"٤/٥٣٧. (وەرگێڕ)

مەكتووبی حەوتەم:

﴿زَوَّجْنَاكَهَا﴾

باسمه سبحانه

﴿وَإِنْ مِنْ شَيءٍ إِلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

برا ئازيزەكانم!

يەكەم: گومڕايانی ئێستا - وەك دووڕووەكانی پێشين - لەو ژن هێنانەی پێغەمبەر ﷺ كە زەينەبی مارە كرد، ڕەخنە و بيانوو دەگرن، چونكە لايان وايە ئەو ژن هێنانە لەسەر بناغەی هاندەری دەروونی و ئارەزوو بووە!

وەڵام:

نەخێر، هەزار جار نەخێر.. دەستی ئارەزووە نزمەكان گەلێ لەوە كۆتاترە كە بە چمكێكی داوێنی ئەو پلە بەرز و بڵندە بگات..

بەڵێ، كەسێ خاوەنی هێندەی گەردیلەیەك ویژدان بێت، دەزانێت پێغەمبەر ﷺ لە تەمەنی پازدە ساڵیيەوە تا چل ساڵی، كە تەمەنێكە گەرمیی غەريزەی تێدا قوڵپ دەدات و ئارەزووی دەروونيشی تێدا گڕ دەگرێت، بە شايەتيی دۆست و دوژمنانی، ئەو بە خاوێنی و داوێن پاكيی تەواو ژياوە و، بە ژنێكی نيمچەپير - كە حەزرەتی خەديجەيە، خوای لێ ڕازی بێت - قايل بووە.

کەواتە شتێکی گەلێ ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە فرەژنیی ئەم مەردە بەڕێز و داوێن پاکە لە دوای تەمەنی چل ساڵی، واتە لە کاتی وەستانی گەرمیی غەریزە و ئارەزووەکاندا، هی داخوازیی دەروون نییە، بەڵکو لەسەر چەندین دانایی گرنگ بنیات نراوە، کە ئەمەی خوارەوە یەکێکیانە:

هەموو فەرموودە و کردار و حاڵەت و ڕەفتار و وەستان و جموجووڵەکانی پێغەمبەر ﷺ کانگای ئایین و سەرچاوەی ئەحکامەکانی شەریعەتن.

هاوەڵە بەڕێزەکان - خوایان لێ ڕازی بێت - ئەم ئەحکامانەیان گێڕاوەتەوە و، ئەرکی ڕاگەیاندنی لایەنی ئاشکرای ژیانی پێغەمبەریان ﷺ بە تەواوی خستووەتە ئەستۆ.

بەڵام ریوایەتکردن و هەڵگرتن و ڕاگەیاندنی ئایین و ئەو ئەحکامانەی شەریعەت کە سەرچاوەیان حاڵەت و بارە نادیارەکانی ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ و لە چوارچێوەی کاروبارە تایبەتی و کەسییەکانی ئەودان، تەنها خێزانە پاك و بێگەردەکانی ئەنجامیان داوە و ڕایان گەیاندووە. چونکە ئەم ئەرکەی ئەستۆیان بە ڕاستی و دروستی ئەنجام داوە و مافی خۆیان داوەتێ. تەنانەت نیوەی ئەحکام و نهێنییەکانی ئایین لە ڕێی ئەوانەوە وەردەگیرێن..

بەڵێ، ئەو فەرمانبەرییە مەزنە، پێویستی بە چەند خێزانێکی زۆر دەبێت کە مەشرەبیان لە یەکتر جیاواز بێت.

سەبارەت بە مارەبڕینی زەینەبیش لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ ئەوا لە تیشکی سێهەمی ڕۆشنایی یەکەمی "وتەی بیست و پێنجەم"دا[1] ، لە بارەی ئەم ئایەتەوە کە دەفەرموێ:

---

(١) مەبەست پەیامی "موعجیزاتی قورئانی"یە. (وەرگێڕ)

﴿ماكان محمَّدٌ أبا أحـــدٍ مـــن رجـالِكم ولكِـــنْ رســولَ اللهِ وخــاتَمَ النبيين﴾(الأحزاب: ٤٠)..

وتراوه كە:

تەنها یەك ئایەت چەندین واتای زۆر بە چەند ڕوویـەك و بـەپێی تێگەیشتنی چینە کانی خەڵکی، دە گەیەنێت..

ئەوەتا چینێکی خەڵك بەشیان لە تێگەیشتنی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەمەیە:

حەزرەتی زەیـد - خـوای لـێ ڕازی بێـت - کـە بـەندەی ئـازادکراوی پێغەمبەرە ﷺ و ، شەرەفمەندی ئەوە بووە کە پێغەمبـەر ﷺ بە: "کـوڕم" بـانگی کردووە.. ئەم زەیدە، هەستی کرد هاوشـانی ئـەو هاوسـەرەی ژیـانی نی‌یـە کـە بەلایەوە ئازیزە. ناچار تەڵاقی دا. وەك چەندین ڕیوایەتی صـەحیح لـەم ڕووەوە هەیە و، زەید خۆیشی دانی بەمەدا ناوە.

واتـە زەینـەب لـە ئاستێکی بـەرزتری خـوو و ڕەوشـتدا بـەدی هێـنرابوو، زەیدیـش بـە فیراسـەتی خـۆی هەسـتی بەمـە کـرد و، زانیـی شـایانی ئەوەیـە هاوسەری پێغەمبەرێك بێت نـەك ئـەو. چونکـە هەستی کـرد هاوشـانی نی‌یـە. ئەمـەش بـوو بـەهۆی پێکـەوە نـەگونجانی دەروون و ڕۆحـی هـەردوو کیان. ئەوەبوو زەید تەڵاقی دا و، پێغەمبەریش ﷺ بە فەرمانێکی خوای گەورە مارەی کرد.

ئاماژەی ئایەتی پیرۆزی: ﴿زوّجناکـــها﴾ بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە بـە عەقدێکی ئاسمانی لە پێغەمبەر ﷺ مارە بڕراوە. کەواتە عەقدێکی نائاساییە و لە سەرووی داب و عورف و مامەڵەی ڕواڵەتی‌یەوەیە، چونکە عەقدێکە تەنها بـە فەرمانی قەدەری خوای گەورە ئەنجام دراوە، بە ڕادەیەك کـە پێغەمبـەری ئـازیز ﷺ بە ناچاری ملی بۆ ئەو فەرمانەی خوای گەورە کەچ کرد، لە کاتێکدا کـە لە دەروونەوە حەزی لەو کارە نەبوو.

جا ئەم حوکمەی قەدەری خوای گەورە، فەرمانێکی شەرعیی گرنگ و، دانایی و بەرژەوەندی‌یەکی گشتیی تێدایە.

چونکە بەپێی ئاماژەی ئایەتی پیرۆزی:

﴿لكي لا يكون على المؤمنين حَرَجٌ في أزواجِ أدعيائِهِم﴾ (الأحزاب:٣٧)..

ئەگەر مرۆڤ کەسی لە خۆی بچووکتر بە: "کوڕم" بانگ بکات، ئەوا ئەم بانگکردنە ئەحکامەکانی شەرع ناگۆڕێت. چونکە ئەمە هاوچەشنی ئەوە نی‌یە کە یەکێك بە ژنی خۆی بلێت: "پشتی تۆ وەك هی دایکم وایە" کە بەوە ژنەکەی لێ حەرام دەبێت.

هەروەها پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - و گەورە پیاوان کاتێ لەگەڵ نەتەوەکان و میللەتانی خۆیاندا دەدوێن و بە چاوی باوکایەتی بۆیان دەڕوانن، تەنها لە ڕووی ئەرکی پێغەمبەرێتیی سەرشانیانەوەیە و، هەرگیز لە ڕوانگەی کەسێتیی مرۆڤانە و خزمایەتی‌یەوە نی‌یە، تاکو ژن هێنانیان لەوانە لێ حەرام بێت.

چینێکی تری خەڵك بەم جۆرە لە ئایەتەکە تێدەگەن کە:

سەرگەورەیەکی مەزن و فەرمانڕەوا، بە چاوی باوکایەتی‌یەوە بۆ میللەتەکەی خۆی دەڕوانێت، واتە: بە وێنەی باوك خاوەنی میهر و شەفقەتە بۆیان. جا ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایە دەستەڵاتدارێکی ڕۆحیی ئاشکرا و پەنهان بێت، ئەوا میهرەبانی‌یەکەی چەندین ئەوەندەی هی باوکان زیاتر دەبێت و، خەڵکەکەش وەك بۆ باوکیان بڕوانن ئاوا بۆ ئەو دەڕوانن، وەك بڵێی منالی ڕاستەقینەی ئەو بن..

جا لەبەر ئەوەی کە گەلێ زەحمەتە ڕوانینی باوکایەتی بگۆڕێت بۆ مێردایەتی و، ڕوانینی کچایەتیش بە ئاسانی ناگۆڕێت بۆ ڕوانینی ژنێتی، ئەوا

عاممەی خەڵکی بەلایانەوە زەحمەت بووە کە پێغەمبەر ﷺ یەکێك لە کچی ئیمانداران مارە بکات..

قورئانی پیرۆز ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەی ئەوان ڕاست دەکاتەوە، پێیان دەفەرموێ:

پێغەمبەر ﷺ گەلێ بەشەفەقەتە بۆ ئێوە و وەك باوك مامەڵەتان لەگەڵدا دەکات و، بە ڕوانینی میهرەبانیی خوای گەورە بۆتان دەڕوانێت. واتە سەبارەت بەو پەیامەی بۆی هێناون، ئێوە وەك کوڕی ئەو وان، بەڵام سەبارەت بە کەسێتیی مرۆڤانەی خۆی و لەو ڕووەوە، دیارە باوکی ئێوە نییە، تاکو ئەم ژن هێنانەی ئەوتان پێ زەحمەت بێت، هەرچەندە بە: (کچانم!.. کوڕانم!)یش لەگەڵتان بدوێت. چونکە ئێوە، بەپێی ئەحکامی شەرع، کوڕی ئەو نین. کەواتە نابن بە کوڕی ڕاستەقینەی.

الباقي هو الباقي

سەعیدی نوورسی

ڕەتدانەوەی گومانێك

پرسیار:

هەندێ کەسانی بیانی چەند گومانێك لەبارەی هەندێ مەسەلەی شەریعەتەوە دەهێنن، وەك "فرە ژنی" و "کۆیلایەتی". وەك بڵێن ئەمانە لەگەڵ شارستانێتیدا ناگونجێن. ئیتر لەم ڕێیەوە دوودڵی و گومان لەبارەی شەریعەتەوە بڵاو دەکەنەوە.

وەڵام:

وا بە پوختی دەستوورێکتان بۆ باس دەکەم، چونکە نیازم وایە بە درێژی لە پەیامێکی سەربەخۆدا بڵاوی بکەمەوە:

ئەحکامی ئیسلام دوو بەشن:

یەکەم:

ئەوەیە کە شەریعەتی لەسەر بنیات دەنرێت، کە خێر و جوانیی بێگەرد و ڕاستەقینەیە.

دووهەم:

شەریعەتی ڕاستێنەر(تەعدیل کار)ە. واتە: کاتێ شەریعەت دێ ئەو شتە لە شێوە ناشیرینە ستەمکارانەکەیەوە دەگۆڕێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ کات و دەوروبەردا گونجاو بێت و بەپێی سروشتی مرۆڤ شایانی جێبەجێ کردن بێت..

ئەم کارەی شەرع بۆ وەرگرتنی شێوە "تەعدیل کراوەکە" مەبەست هەڵبژاردنی ئەو یەکەیانە کە زیان و شەڕی کەمتری تێدایە، تاکو کاتێ دێتە پێشەوە کە هێنانەدیی جوانیی ڕاستەقینە بە تەواوی لە توانا دەبێ. چونکە لابردنی کتوپڕیی شتێ کە لە سروشتی مرۆڤدا ڕەگی داکوتابێت، داخوازی سەرەوژێر کردنی سروشتی مرۆڤە!

جا لەسەر بناغەی ئەم دەستوورە:

شەریعەت "کۆیلایەتی"ی دروست نەکردووە! بەڵکو تەنها شەریعەت بوو کە ڕێی بۆ ئەوە ئاسان کرد کۆیلایەتی لە توندترین و سەخت ترین و ناخۆشترین شێوەیەوە بگۆڕێت، هەتا وردە وردە بە ئاسانی دەتوانرێ بۆ "سەربەستی" و ئازادیی تەواو بگوێزرێنەوە. (هەروەك لە مێژوودا بەو جۆرە کۆتایی بە کۆیلایەتی هێنا).

واتە شەریعەت هات ئەو شێوە ناڕەوا و ناشیرینەی تەعدیل کرد و دیاردەکەشی کەم کردەوە.

پاشان "فرەژنی" تا ڕادەی چوار، هەرچەند کارێکە لەگەڵ سروشت و عەقڵ و داناییدا گونجاوە، لەگەڵ ئەوەشدا شەریعەت نەهاتووە لە یەکەوە بیگەیەنێتە چوار، بەڵکو لە هەشت و نۆوە کەمی کردووەتەوە بۆ چوار! بە تایبەت کە چەندین مەرجی ئەوتۆی داناوە کە ئەگەر ڕەچاو بکرێن زیانێکی ئەوتۆی تێدا نابێت. خۆ ئەگەر لە هەندێ خاڵێدا "شەڕ"ێك ڕوو بدات ئەوا شەڕێکی "سووکتر" و "کەمتر"ە. خۆ "شەڕی کەمتر" دادگەرییەکی نیسبییە، چونکە زۆر دوور و مەحاڵە خێری پەتی و بێگەرد لە هەموو حاڵەتێکی ئەم جیهانەدا دەست بکەوێت!!

هۆ و نهێنیی
بەدبەختیی گومڕایان و بەختەوەریی ئیمانداران

نوێنەر و بانگەوازکاری "گومڕایی" کاتێ هیچ شتێکی دەست ناکەوێت گومڕاییەکەی لەسەر بنیات بنێت و، قسەی نامێنێت و، بەڵگە دەبیەستێتەوە، دەڵێت:

من بەختەوەریی دنیا و، تام چەشتنی ژیان و، بەرزی و، شارستانێتیی و، پێشکەوتنی پیشەسازی لەوەدا دەبینم کە:

یادی دواڕۆژ نەکەمەوە و، باوەڕم بە خوا نەبێت و، دنیام خۆش بوێت و، لە هەموو جۆرە خۆبەستنەوەیەك سەربەست بم و، شانازی بە خۆمەوە بکەم و، لە خۆم ڕازی بم.. لەبەر ئەوە، تا ئێستا و لەمەولایش زۆربەی خەڵکم - بە هیممەتی شەیتان - بەرەو ئەم ڕێیە داوەتەبەر.

وەڵام:

ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە، بە ناوی قورئانی پیرۆزەوە دەڵێین:

ئەی مرۆڤی بێچارەی بەدبەخت!

بۆ لای ژیریت بگەڕێرەوە! گوێ بۆ جاڕدەری گومڕایان ڕامەگرە، چونکە گەر گوێی لێ ڕاگریت، ئەوەندە زیان دەکەیت کە دڵ و گیان و ژیری لە تەسەوورکردنیشیدا لەرزەیان بە جەستەدا دێت.

تۆ تەنها دوو ڕێگات لە بەردەمدایە:

یەکەم: ڕێیەکی پڕ لە دەردیسەرییە و، بانگەوازکاری گومڕایی پیشانتی دەدات.

دووهەم: ڕێی بەختەوەرییە، کە قورئانی پیرۆز ڕوونی دەکاتەوە بۆت.

لە بەشێکی زۆری "وتەکان" بە تایبەتی لە "وتە بچووکەکان"دا گەلێ بەراوردت لە نێوان ئەو دوو ڕێیەدا بینی، ئێستاش لەبەر گونجاویی ئەم باسە، فەرموو بیرێك لە تەنها یەك لە هەزاری ئەو بەراوردکارییانە بکەرەوە، کە ئەمەی خوارەوەیە:

ڕێی: شیرك و گومڕایی و هەرزەیی و خراپکاری، مرۆڤ دەهاوێتە نزمترین نزمی و، لە ناوەندی ئازارە لەژمارەبەدەرەکانیدا کۆڵێکی گەلێ قورسیش دەخاتە سەر ئەستۆی لاوازی بێ دەستەڵاتیەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ خوای گەورە نەناسێت و پشتی پێ نەبەستێت، وەك ئاژەڵێکی فانیی لێ دێت: هەمیشە لە خەم و ئازار و پەژارەدا دەبێت و، لەناو کۆڵەواری و لاوازییەکی بێ کۆتایی و، هەژاری و موحتاجییەکی نەبڕاوەدا دەتلێتەوە و، دووچاری چەندین گیروگرفتی بێ سنوور دەبێت و، هەردەم بە ئازاری جودایی ئەو کەس و شتانەی کە خۆشی ویستوون و پەیوەندی لەگەڵیاندا بەستووە، دەتلێتەوە..

ئیتر بە هەمیشەیی و بەردەوامی ئەم ئازارە دەچێژێت، تا لە ئەنجامدا خۆیشی ماڵئاوایی لە پاشماوەی خۆشەویستانی دەکات و، بە خەم و پەژارە و تەنیا و ئاوارەیی بەجێیان دەهێڵێت و بەرەو تاریکیی گۆڕ دەکەوێتە ڕێ.

ئنجا هەرچەندەش کە جگە لە ویستێکی جوزئی و، توانایەکی کەم و، ژیانێکی کورت و، بیرێکی کزی کوژاوە و، تەمەنێکی لەناوچوو هیچی تر شك نابات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، بە درێژایی تەمەنی، خۆی لە بەردەم چەندەها ئاوات و ئازاری بێ کۆتایی و لەژمارەبەدەردا دەبینێتەوە و، هەر

هەولێکیش بۆ ئارامکردنەوە و چارەسەریان و هێنانەدیی ئارەزووەکانی بدات، هەمووی بە فیڕۆ دەڕوات..

بەم پێیە ئەم مرۆڤە، بێ ئەوەی هیچ بەرێك لە درەختی ژیانی بچنێت، ژیانی تەواو دەبێت و ماڵئاوایی لە دنیاکەی دەکات.

ئەم مرۆڤە لە کاتێکدا کە ئەرکەکانی خۆی پێ هەڵناگیرێت، دەچێت کۆڵە قورسەکانی دنیاش دەخاتە ئەستۆی بێ هێز و لاوازی خۆیەوە! کەواتە پێش ئەوەی بگاتە دۆزەخ، هەر لە دنیادا بەدەست ئەشکەنجەیەکی سووتێنەری دۆزەخ ئاساوە دەسووتێت و ئازار دەچێژێت.

گومڕایان، لەبەر ئەوەی خۆیان دەخەنە باوەشی بێ ئاگایی، تاکو بەو مەستی‌یەی لە بێ ئاگاییدایە هەستەکانیان بە چەشنێکی کاتی لەکار بخەن و بەنجیان بکەن، ئەوا ڕاستەوخۆ هەست بەم ئازارە سەخت و گیانی‌یە سامناکە ناکەن. بەڵام هەر ئەوەندەی یەکێکیان لە لێواری گۆڕەکەی نزیك دەبێتەوە، یەکسەر هەستی ناسك دەبێت و بە چەندین قات - لە یەك کاتدا - هەست بەو هەموو ئازارانە دەکات.

چونکە ئەگەر خۆی بە بەندەی خوای گەورە نەزانێت، ئەوا پێی وا دەبێت کە خۆی خاوەنی خۆیەتی، کەچی دەبینێت لەگەڵ ئەو ویستە جوزئی و توانا بچووکەش کە هەیەتی ئەوەندە کۆڵەوار و دەستەپاچەیە لە بەردەم حاڵەتە سەختەکانی دنیادا کە تەنانەت خۆیشی بۆ بەڕێوەناچێت، چونکە دەبینێت جیهانی دەوروبەری هەر لە بچووکترین میکرۆبەوە تا دەگاتە بوومەلەرزە ڕووخێنەرەکان، هەموویان دوژمنایەتیی دەکەن و هەردەم ئامادەن پەلاماری بدەن و کۆتایی بە ژیانی بهێنن. ئیتر هەرکات گۆڕی بە ئەندێشەدا بێت و بیبینێت، یەکسەر ترسی لێ دەنیشێت و هەموو جەستە و دڵ و دەروونی بە جارێ لەرز دایدەگرێت!

ئەم مرۆڤە هەروەك بەم دەردەیەوە دەتلێتەوە، حاڵەتەكانی دنیاش كە ئەم پابەندیانە و ئەو كەسانەش پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەیە، هەردەم ماندوویی بۆ فەراهەم دەهێنن، چونكە گومانی وایە ئەو ڕووداوانە ئەنجامی گاڵتە و یاریی "سروشت" و "ڕێكەوت"ن و، كاری یەكێكی تاك و تەنیای دانا و زانا و، تەقدیری بەتوانایەكی میهرەبان و بەخشندە نین.

ئیتر بەم جۆرە، لەگەڵ ئازارەكانی خۆیدا، ئازاری خەڵكیش دەچێژێت و، بوومەلەرزە و، تاعوون و، لافاو و، قاتی و، گرانی و، نەمان و، لەناوچوون و هاوچەشنیان، لە بیری ئەمدا دەبن بە بەڵای ئازاربەخش و چەند گیروگرفتێكی ڕەش و تاریك.

جا ئەم مرۆڤەی كە ئەم بارە ناسۆرەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەزەیی هیچ كەسێك نابزوێنێت، چونكە ئەم لەم چەشنە بارودۆخەیدا وەكو ئەو كەسە وایە كە لە بەراوردی نێوان دوو براكەی وتەی "هەشتەم"دا باس كراوە كە:

پیاوێك بە چێژی لەزەتێكی خاوێن و، كەیف و شادییەكی شیرین و بەنرخ و حەڵاڵ، لە نێوان خۆشەویستە باشەكانی و لەناو باخچەیەكی دڵڕفێن و میوانداریەكی بەڕێزدا، ڕازی نەبوو.. پاشان بۆ ئەوەی لەزەتێكی ناڕەوای دەست بكەوێت، دەستی دایە خواردنەوەی مەی و شەرابی چەپەڵ، هەتا مەست بوو، ئنجا بە خەیاڵ لای وابوو كە لە شوێنێكی پیس و لە نێوان چەندین ئاژەڵی دڕندە و خوێنمژدایە و، وەك لە چلەی زستاندا بێت ئاوا لەرزی لێ دەهات و لەتاودا هاواری دەكرد..

بەڵام هیچ كەسێك بەزەیی پێدا نەهاتەوە. چونكە هاوەڵە باشەكانی خۆی بە ئاژەڵی دڕندە دادەنا و، بە سووكی ناوی دەهێنان و، لای وابوو خواردەمەنییە خۆش و قاپە خاوێنەكانی ناو هۆڵی میوانداریەكەش بەردی پیس و چڵكنن، لەبەر ئەوە دەستی بە شكاندنیان كرد و، گومانی وابوو كە كتێب و نامە بەنرخەكانی ناو كۆڕەكەش، چەند نەخش و نیگارێكی ئاسایی و

بێ نرخن و، لەبەر ئەم گومانەی هـەموویانی دڕی و پێشێلی کـردن و خستنیە بەرپێی خەڵکەوە.. ئیتر بۆ خۆی لەم چەشنە ڕەفتارانەدا بەردەوام بوو..

جا هەروەك ئـەم مرۆڤـە و هاوچەشـنی شـایانی بـەزەیی نـین، بـەڵکو دەبێ تەمێ و سەرزەنشت بکرێن.. ئەو کەسەش بە هەمان جۆرە کـە بـەهۆی ئـەوەی مەستیی کوفر و شێتیی گومڕایی هەڵبژاردووە، لای وایە:

ئەم دنیایە، کە میوانخانەی بەدیهێنـەری زانایـە، یـاری و گاڵتـەی ڕێکـەوتی کتوکوێـر و سروشـتی کەڕو کاسـە و.. نـوێ بوونـەوەی بەدیـهێنراوانیش، کـە درەوشـانەوەی نـاوە جوانـە کانی خـوای گـەورە نوێ دە کـەنەوە و لە گـەڵ تەوژم و لافاوی "کات"دا بەرەو جیهانی غەیب دەڕۆن، دوای ئـەوەی ئـەرکی سەرشانیان بەجێ هێنا و کاریان تەواوبوو، ئەو مرۆڤە لای وایە ئەوانە دەڕژێنـە دەریـای نـەبوون و شیوی لـەناودان و لـە لێـواری دەریـای لـەناوچووندا بـە یەکجارەکی ئاوا دەبن و.. دەنگەکانی تەسبیحات و ستایش کردنی خواوەنـد کە هەموو جیهـان و بوونەوەرانیان پڕ کردووە، ئەو بە خەیاڵی خۆی پێی وایە شیوەنی گریـانی شتە فـانی و لەناوچووەکانـە کـە لـەتاو جودایـی هەمیشـەیی دەری دەبڕن و.. لاپەڕەی ئەم بوونەوەرانەش، کە چەندەها نامـەی صەمـەدانیی خواوەندن، ئەو بە چەند شتێکی تێکەڵوپێکەڵی بـێ کـەڵك و بـێ ناوەڕۆکیـان دەزانێـت و.. دەرگـای گۆڕیـش، کـە ڕێـی جیـهانی فراوانـی میـهرەبانی دەکاتەوە، ئـەو بـە تونێلێکـی دەزانێـت کـە سـەری لـە تاریکستانی نەبوونـەوە دەردەچێـت.. ئەجـەلیش کـە بانگـەوازی بـە یـەك گەیشـتنەوەیە لەگـەڵ خۆشەویستە ڕاستەقینەکاندا، ئـەو بـە کـاتی جودایـی و دابڕانـی لـە هـەموو خۆشەویستانی دادەنێت.

بـەڵێ، ئـەو کەسـەی کـە لـە گێـژاوی ئـەم چەشـنە بۆچـوون و وەهـم و خەیاڵانەدا بژی، خۆی دەهاوێتە ناوەندی ئازارێکی سەختی دنیاییەوە!

ئەوەتا سەرەڕای ئەوەی کە شایانی هیچ بەزەییەك نابێت، شایستەی ئازار و ئەشکەنجەیەکی یەکجار سەختیش دەبێت، چونکە مادەم بوونەوەرانی بە بێ مەبەست داناوە، ئەوا نرخ و بەهای شایانی خۆیانی پێ نەداون و، ناوە جوانەکانی خوایشی بە ساختە لە قەڵەم داوە، لەبەر ئەوەی ئینکاریی درەوشانەوە ئاشکراکانی ئەو ناوانەی لە بوونەوەراندا و، ئینکاریی نامە پەروەردگاریەکانیشی کردووە، بەوەی کە گوێی خۆی لە ئاستی ئەو نامانەدا کەڕ کردووە کە شایەتی لەسەر یەکتایی خوای گەورە دەدەن.

دەسا ئەی گومڕا نەفامەکان! بەدبەختینە!

ئایا مەزنترین زانست و، بڵندترین کۆشکی شارستانی و، بەرزترین پلەکانی هەڵکەوتن و بلیمەتی و کارامەترین نەخشەکانی فرۆفێڵتان، بەرامبەر بەم نزمبوونەوە و داکەوتنە ترسناکەی مرۆڤ چ سوودێك دەگەیەنن؟

ئایا هەموو ئەو شتانەتان دەتوانن لە بەرامبەر ئەم نائومێدیە ڕووخێنەرەی گیانی مرۆڤەوە (ئەو گیانەی کە تاسەمەندی دڵنەواییە) خۆیان ڕابگرن؟

ئایا ئەو شتەی کە ناوی: "سروشت"ی لێ دەنێن و، ئەو "هۆکارانە"ی کە شوێنەوارەکانی توانستی خوایان دەدەنەپاڵ و، ئەو "هاوبەش"ەی کە بەخششەکانی پەروەردگار بە هی ئەو دەزانن و، ئەو دۆزینەوە نوێیانەی کە پێیانەوە دەنازن و، ئەو "نەتەوە"یەی کە شانازیی پێوە دەکەن و، ئەو "پەرستراو"ە ناڕەوایەی دەیپەرستن..

ئایا هەموو ئەمانە، دەتوانن لە تاریکیی ئەو مردنە ڕزگارتان بکەن کە ئێوە بە لەناودانی هەمیشەیی تێدەگەن؟ ئایا ئەوانە دەتوانن لە لێواری گۆڕ و سنووری بەرزەخ و مەیدانی حەشردا بە سەلامەتی و دڵنیایی بتانپەڕێننەوە و، یارمەتیتان بدەن تا بتوانن دانایانە بەسەر پردی "سیرات"دا بڕۆن و بتانکەن بە شایانی بەختەوەریی هەمیشەیی و ژیانی نەمری؟

خۆ ئێوە، بێ چەند و چۆن، بەم ڕێیەدا گوزەر دەکەن! چونکە ناتوانن دەرگای گۆڕ لە ڕووی کەسدا دابخەن. کەواتە بتانەوێت و نەتانەوێت ڕێبواری ئەم ڕێگایەن. ئەو کەسەش ئەم ڕێیە دەبڕێت دەبێ پشت بە یەکێك ببەستێت کە شارەزاییەکی تەواوی لە هەموو لاڕێ و توولە ڕێیەك و هەموو سنوورێکی ئەو ڕێیەدا بێت، تەنانەت دەبێ هەموو ئەو فەرمانگە مەزنانەشی لە ژێر فەرمان و دەستەڵاتدا بن.

ئەی گومڕایانی بێ ئاگا!

بەدیهێنەری مەزن لەبەر ئەوە لە سروشتی ئێوەدا ئامادەیی و لێهاتن و تواناکانی: "خۆشەویستی" و "ناسین" و، هۆکارەکانی "شوکرانەبژێری" و "پەرستن"ی داناوە، تاکو بۆ زاتی خوای گەورە بەکاربهێنرێن و، ڕوویان لە سیفەتە مەزن و ناوە خاوێن و جوانەکانی ئەو بێت..

کەچی ئێوە هەموو ئەمانەتان، بە جۆرێکی ناڕەوا، بۆ (خۆتان و دنیاکەتان) بەکار هێناوە.

وا ئێستاش بەپێی دەستووری: "ئەنجامی خۆشەویستی‌یەکی ناڕەوا، چەشتنی ئازارێکی سەختی بێ بەزەییە" بە دەست تۆڵەی ڕەوای ئەم کارەتانەوە دەتلێنەوە. چونکە ئەو خۆشەویستی‌یەی کە تایبەتە بە خوای گەورەوە ئێوە بەخشیتان بە دەروونی خۆتان، وا لە ئەنجامی ئەمەشدا ئازاری لەژمارەبەدەری ئەم خۆشەویستەتان دەچێژن، چونکە لە حەوانەوەی ڕاستەقینەی خۆی بێ بەشتان کرد..

هەروەها کاروباری ئەم خۆشەویستەتان (خۆتان و دنیاتان) لە ڕێی تەوەککولەوە بە دەستی خۆش ویستراوی ڕاستەقینەتان، کە خواوەندی خاوەن توانستی ڕەهایە، نەسپارد. لەبەر ئەوە، هەمیشە بەدەم ئازارەوە دەناڵێنن..

هەروەها ئەو خۆشەویستی‌یەی کە هـی نـاوە جوانـەکان و سیفەتە پیرۆز و مەزنەکانی خوای گەورەیە، ئێوە داتان بە دنیا..

شـوێنەوارەکانی سنعەتی نـاوازەی خـوای گەورەشـتان بەسـەر هۆکـارە ماددی‌یـەکاندا دابـەش کـرد، وا بـەم بۆنەیـەوە سـزای ئـەم کارەتـان دەچێـژن، چونکە بەشـێك لـە خۆشەویسـتە زۆرەکانتـان، بێ خواحـافیزی، پشـتتان لـێ هەڵدەکەن و دەڕۆن و، هی وایان تێدایـە کـە هـەر نایشـتان ناسـن! خۆ ئەگـەر بیشـتان ناسـن ئـەوا خۆشـیان نـاون، گـەر خۆشیشـیان بوێـن، سـوودتان پـێ ناگەیەنن..

بـەم چەشـنە و بـەردەوام لـەناو ئەشـکەنجەی ئـازارێکی بـێ سـنووری جودایـی و، نـەمانی شـتێکی ئومێدبـڕاو لـە گەڕانـەوەی، هـەر دەمێننـەوە و دەتلێنەوە!

ئەمەیە ڕاستیی لاف و گەزافی گومڕایان و، نـاوەرۆکی ئـەو "بەختـەوەریی ژیـان" و "کـەماڵاتی مـرۆڤ" و "چـاکیی شارسـتانی" و "چێـژ و لـەزەتی سەربەستی"یەی کە خەڵکی بۆ لا بانگ دەکەن!!

ئنجا بزانە کە پەردەی نـەفامی و مەستی چـەندە ئەسـتوورە، کـە هەسـت و شعووری مرۆڤ ئاوا بەنج دەکات!

دەسا تۆیش بڵێ: بەدبەختی بۆ عەقڵی ئەو گومڕایانە!

بەڵام ڕێی ڕاسـت و ڕوونـاکی قورئـانی پیرۆز، بـە "ڕاستی‌یەکانی ئیمـان" تیماری هەموو ئـەو زامانـە دەکـات کـە گومڕایـان بـە دەستیانەوە دەناڵێنن و، هەموو تاریکاییە ناوبراوەکانی ئەو ڕێیە دەڕەوێنێتەوە و، گشـت دەرگاکـانی گومڕایی و تیاچوونیش دادەخات. ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

ڕاستەشـەقامی قورئـان لـە ڕێی تـەوەککول و پشـت بەستنەوە بـە خـوای بەتوانای میهرەبان و بەوەی کە هەرچی کۆڵی قورسی "بوون" و "ژیان" هەن،

هەموویان بە دەستی توانست و میهرەبانیی فراوانی خوای گەورە دەسپێرێت، چارەسەری لاوازی و کۆڵەواری و هەژاری و موحتاجیی مرۆڤ دەکات و هیچ کۆلێك ناخاتە ئەستۆیەوە، بەڵکو وا لە مرۆڤ دەکات کە ببێت بە خاوەنی جڵەوی خۆی و ژیانی. بەمەش پلەیەکی باشی حەوانەوەی بۆ دەدۆزێتەوە و تێیدەگەیەنێت کە مرۆڤ ئاژەڵی گۆیا(حیوان ناطق) نییە، بەڵکو بە ڕاستی مرۆڤە و میوانێکی بەڕێز و ئازیزی پادشای میهرەبانە.

هەروەها ئەو زامانەی مرۆڤیش بە نەرمونیانی تیمار دەکات کە لە "نەمان"ی دنیا و، شتان و، "خۆشەویستیی" شمەکە فانییەکانەوە دروست بوون. بەوەی کە پیشانی دەدات دنیا خانەی میوانداریی خواوەندی میهرەبانە و، بەوەی کە ڕوونی دەکاتەوە: هەرچی لە دنیادا هەن هەموویان ئاوێنەی ناوە خاوێن و جوانەکانی خوای گەورەن و، دەری دەخات کە: بەدیهێنراوانی ناو دنیاش چەند نووسراوێکی پەروەردگاریی خواوەندن کە بە فەرمانی خۆی دەم بە دەم نوێیان دەکاتەوە. ئیتر مرۆڤ لە تاریکایی وەهم و ئەندێشەکان دەرباز دەکات.

هەروەها ئەو زامانەش سارێژ دەکات کە "مردن" لە بیری گومڕایاندا بەجێیان دەهێڵێت، چونکە "گومڕایی" مردنیان بە جودایی هەمیشەیی لە هەموو خۆشەویستانیان، پیشان دەدات. بەڵام "ئیمان" ئەم زامانە بەوە تیمار دەکات کە ڕوونی دەکاتەوە "مردن" پێشەکیی شادبوون و بەیەك گەیشتنەوەیە لەگەڵ ئەو ئازیز و خۆشەویستانەی کۆچیان بۆ جیهانی بەرزەخ کردووە و ئێستا لە جیهانی مانەوەدان. بە بەڵگەش دەیچەسپێنێت کە ئەو جیابوونەوەیە، لە ڕاستیدا، بە یەك شادبوونەوەیە.

هەروەها گەورەترین مەترسیی مرۆڤ ناهێڵێت، بەوەی کە دەیچەسپێنێت "گۆڕ" دەرگایەکە ڕووەو جیهانی میهرەبانیی فراوان و، خانەی بەختەوەریی هەمیشەیی و، باخچەکانی بەهەشت و، وڵاتی ڕووناکیی خواوەندی بەخشندەی میهرەبان، خراوەتە سەرپشت.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە گەشتی بەرزەخ - کە بە لای گومڕایانەوە سەختترین و ناخۆشترین گەشتی ڕێی مرۆڤە و، ڕێیەکی هەڵەت و بەردەڵانە دەیگرێتەبەر - خۆشترین و شادترین گەشتە، چونکە "گۆڕ" دەمی هەژدیهایەکی ترسناك نییە، بەڵکو دەرگایەکە لە ڕووی یەکێك لە باخچەکانی بەهەشتدا کراوەتەوە.

هەروەها بە ئیماندار دەڵێت :

ئەگەر ویست و ئیختیاری تۆ بڕەکی و هەندەکین، ئەوا فەرموو کارەکانت بە ویستی هەمەکیی خوای گەورە بسپێرە..

ئەگەر توانات لاوازە، فەرموو پشت بە توانای ڕەهای خواوەندی بە توانا ببەستە..

ئەگەر ژیانت کەم و فانییە، ئەوا بیر لە ژیانی مانەوەی هەمیشەیی بکەرەوە..

ئەگەر تەمەنت کورتە، خەمت نەبێت، تەمەنێکی درێژت لەڕێدایە..

ئەگەر بیرت کزە، ئەوا بچۆرە ژێر تیشکی ڕووناکیی خۆری قورئانی پیرۆزەوە و بە نووری ئیمان بڕوانە تاکو هەر یەکێك لە ئایەتەکانی قورئان ڕووناکییەکی درەخشانی چەشنی ئەستێرەت پێ ببەخشێت، لە بریی ڕووناکیی کزی بیرت کە وەك هی گوڵەستێرە وایە..

ئەگەر ئازار و ئاواتی لەژمارەبەدەرت هەن، ئەوا بزانە چەندین پاداشت و میهرەبانیی نەبڕاوەی بێ سنوور چاوەڕێتن..

ئەگەر هیوا و مەبەستەکانت ئەوەندە زۆرن سنووریێك نی‌یە کۆتاییان پێ بهێنێت، ئەوا بیریان لێ مەکەرەوە و خەمت نەبێت، چونکە لەم دنیایەدا هەرگیز جێیان نابێتەوە، بەڵکو شوێنی ئەوان چەند خانە و لانەیەکی ترە و، ئەو کەسەش دەیانبەخشێت سەخی و دەستڕەنگین و دارای بەخشندەیی یەکجار فراوانە.

هەروەها ڕوو لە مرۆڤ دەکات و پێی دەڵێت :

کاکی مرۆڤ! تۆ خاوەنی خۆت نییت! بەڵکو بەندە و موڵکی یەکێکی خاوەن توانست و میهرەبانیی ڕەهایت. کەواتە خۆت شەکەت و ماندوو مەکە و دەردیسەریی ژیانیشت مەخەرە ئەستۆی خۆتەوە. چونکە ئەو کەسەی ژیانی بەخشیوە هەر ئەویش بەڕێوەی دەبات.

ئنجا دنیاش بەرباد و بەرەڵا و بێ خاوەن نی‌یە، تاکو خەمی بۆ بخۆیت و کۆڵی ئەو لە ئەستۆی خۆت بنێیت و بیرت بە حاڵەت و بارودۆخەکانیەوە ماندوو بکەیت. چونکە خاوەنەکەی دانا و زانایە و، تۆیش تەنها میوانیت لە لای ئەو. کەواتە خۆت لە کاروبارەکانیدا هەڵمەقورتێنە و بێ تێگەیشتن لێیان، تێکەڵیان مەبە.

ئنجا وا نەزانی کە مرۆڤ و زیندەوەران بوونەوەرانێکی بەرەڵاکراون، نەخێر.. بەڵکو چەند فەرمانبەر و کار پێ سپێرراوێکن لە ژێر سایە و بە سەرپەرشتی و فەرمانڕەوایی دانایەکی میهرەباندا. کەواتە بە بیرکردنەوە لە دەردیسەری و ئازاری ئەوان، ئازار دەرخواردی "گیان"ی خۆت مەدە و، بەزەیی خۆت بەسەر بەزەیی بەدیهێنەری میهرەباندا پێش مەخە.

ئنجا جڵەوی ئەو شتانەش کە لە بەرامبەرتەوە چوونەتە سەنگەری دوژمنایەتی، هەر لە میکرۆبەکانەوە تا دەگاتە تاعوون و قاتی و بوومەلەرزە و

لافاوەکـان، تەنانـەت جلـەوی هـەموو شـتێك، بـە دەسـتی ئـەو بەخشـندە میهرەبانەوەیە. خۆ ئەویش دانایـە و، کـاری بێـهوودەی لــێ ناوەشـێتەوە و، خاوەنی میهرەبانیی فراوانـە، کەواتـە هەرچییـەك دەکـات جۆرێکـی چاکـە و میهرەبانیی تێدایە..

هەروەها دەڵێت :

هەرچەند ئەم دنیایە فانییە و لە ئەنجامدا تیادەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پێداویستییەکانی جیهانی هەمیشەیی ئامادە دەکات..

هەرچـەندەش کـاتی و لـەناوچووە، بـەڵام چـەندین بـەروبوومی تیانـەچوو پێدەگەیـەنێت و، چـەندین درەوشـانەوەی قەشـەنگ و دڵگیری نـاوە جـوان و نەمر و، هەمیشەییەکانی خواوەند دەردەخات..

هەرچەندەش چێژ و لەزەتەکانی کەمن و ئازارەکانی زۆرن، بەڵام لوتف و بەزەیی خواوەندی بەخشندەی میهرەبان و بەخششەکانی، لە خۆیـاندا، چـەند لەزەتێکی ڕاستەقینەی لەناونەچوون.

ئازارەکانیش لەو ڕووەوە کە پاداشتی دواڕۆژیان بە دوادا دێـت، چـەندین تام و لەزەتی مەعنەوی بەرهەم دەهێنن.

مادەم بازنـەی حەڵاڵ تابڵێی فراوانە و سەروزیادی ئەوەیـە کە هەریەکە لــە "گیــان" و "دڵ" و "دەروون" لــەزەت و خۆشــیی تــەواوی خۆیــانی لـــێ وەربگـرن، ئـەوا هیـچ پێویستییەك بـەوە نامێنێتــەوە کـە بڕۆیتـە نـاو بازنـەی حەرامەوە. چونکە تەنها یەك تام و لەزەتی ناو بازنەی حەرام لەوانەیە هـەزار و یەك ئازاری لـێ ببێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هۆی بێ بەش بوونیشە لــە تـام و لـەزەتی ڕێزلێنـانی خواوەنـدی بەخشـندەی میــهرەبان، کـە تـام و لــەزەتێکی بێگەرد و خاوێن و هەمیشەیی و بەردەوامە.

بەم جۆرە و بەپێی ئەمانەی پێشوو دەرکەوت کە:

ڕێی "گومڕایی" مرۆڤ دەهاوێتە نزمترینی پلە نزمەکانەوە، بە ڕادەیەك کە هیچ شارستانی و فەلسەفەیەك نەتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، تەنانەت پێشکەوتنی گرۆی مرۆڤ و ئەو پلە زانستییانەش کە بەدەستی هێناون، هێشتا ناتوانن دەستی بگرن و لەو تاریکستانە چڕەی گومڕایی دەری بهێنن.

بەڵام قورئانی پیرۆز بە "ئیمان" و "کردەوەی چاك" دەستی مرۆڤ دەگرێت و، لەو پلە هەرە نزمە دەری دەهێنێت و، بۆ بڵندترین پلەی "بەرزی" سەری دەخات. بە چەندەها بەڵگەی گومانبڕ و بەهێزیش ئەمەی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

کەواتە ئەو کەندەڵان و شیوە قووڵانەی بە چەندین پلەی بەرزبوونەوەی مەعنەوی و ئامێری "تەواوکاریی گیان" بۆ پڕ دەکاتەوە و، بەوپەڕی ئاسانی گەشتی درێژی پڕ لە ماندوویی ڕووەو هەمیشەیی بۆ ئاسان دەکات، ئەویش بە پیشاندان و بەرچاوخستنی ئەو هۆکارانەی کە دەتوانرێت لە ڕێیانەوە ماوەی هەزار ساڵ، تەنانەت پەنجا هەزار ساڵیش، لە یەك ڕۆژدا ببڕێت!

هەروەها پۆشاکی "بەندایەتی" بە بەری مرۆڤ دەپۆشێت و، "کارمەندی"ی دەخاتە ئەستۆ و، دەیکات بە "میوان" و "فەرمانبەر" لای زاتێکی مەزن..

ئەمەش لە ڕێی ئەوەی کە تێیدە گەیەنێت خوای گەورە خاوەنی ئەزەل و ئەبەدە، بەمەش حەوانەوەیەکی تەواوی لە گەشتی دنیای خانەخوێ و مەنزڵگاکانی بەرزەخی خانەی دواڕۆژدا بۆ مسۆگەر دەکات. بە چەشنی ئەوەی کە فەرمانبەری دڵسۆزی پادشا زۆر بە ئاسانی لەناو فەرمانگەکانی موڵکی پادشادا هاتوچۆ دەکات و، لە ڕێی هۆکارێکی گواستنەوەی خێرای

وەك فرۆكە و پاپۆڕ و شەمەندەفەرەوە هەموو سنوورێكی ولاتی پادشای دەگەڕێت..

جا هەروەك ئەم فەرمانبەرە ئاوایە، ئەو ئیماندارەش كە بەهۆی "ئیمان"ەوە پەیوەندی و نیسبەتی لەگەڵ خاوەنی مولكی ئەزەلیدا بەستووە، بە بۆنەی: "كردەوەی چاك"ەوە، بەناو مەنزڵگاكانی دنیای خانەخوێ و فەرمانگەكانی جیهانی بەرزەخ و حەشر و سنوورە فراوانەكانیاندا، بە خێرایی برووسكە و بوراق، دەڕوات تا دەگاتە بەختەوەریی هەمیشەیی.

قورئانی پیرۆز بە چەشنێكی گومانبڕ ئەم ڕاستییانە دەچەسپێنێت و، بە ئاشكرا بۆ ئەولیا و مرۆڤە خاوێن و بێگەردەكانیان دەردەخات.

حەقیقەتی ئەم ڕێبەی قورئان هەر لە گوفتارەكەیدا بەردەوامە و، دەڵێت :

كاكی ئیماندار! لێهاتن و توانای لەڕادەبەدەرت بۆ "خۆشەویستی"، لە دەروونی بەدخوازی خۆتدا، كە ناشیرین و ناتەواو و خراپكار و زەرەرمەندە، بەكار مەهێنە و ئەو دەروونە بەدخوازەت مەكە بە خۆشەویستی خۆت و، ئارەزووەكانی مەپەرستە. بەڵكو ئەو كەسە بكە بە خۆشەویستی خۆت كە شایانی خۆشەویستییەكی نەبڕاوەی بێكۆتاییە و، دەتوانێت بە بێ كۆتایی و بڕانەوە چاكەت لەگەڵدا بكات و بەختەوەریت پێ بدات..

تەنانەت بەوەش بەختەوەریت پێ دەبەخشێت كە چاكەكاری و بەخششەكانی خۆی خەلاتی ئەو كەسانەش دەكات كە تۆ پەیوەندیت لەگەڵیاندا هەیە، چونكە هەر ئەو كەسەیە كە خاوەنی كەماڵی ڕەها و جوانیی بێ عەیب و پاك لە هەموو ناتەواوی و قسوور و نەمان و تیاچوونێكە و، جوانیی ئەو بێ سنوورە و هەموو ناوەكانیشی جوان و ڕەنگینن.

بەڵێ، هەریەكە لە ناوە جوانەكانی ئەو، چەندەها ڕووناكیی بێ كۆتایی و سنووری جوانی تێدایە. "بەهەشت" بە هەموو نیانی و جوانی و ڕەنگینی و

ناز و نیعمەتەکانیەوە، تەنها یەکێکە لە درەوشانەوەی پیشاندانی "جوانیی میهرەبانی" و "میهرەبانیی جوانی"ی ئەو.. هەرچی جوانی و کەماڵاتی خۆش ویستراوی ناو گەردوون هەن، هەر هەموویان تەنها ئاماژەیەکن بۆ "جوانی" و بەڵگەیەکن لەسەر "کەماڵ"ی ئەو خواوەندە مەزنە.

هەروەها دەڵێت :

کاکی مرۆڤ! کانیاوەکانی "خۆشەویستی" کە لە ناخی تۆدا هەڵدەقوڵێن و ڕوویان لە خوای گەورەیە و شەیدای ناوە جوان و سیفەتە مەزنەکانی ئەون، تۆ ئاراستەی بوونەوەرە فانییەکانیان مەکە و، بەم کارە لە نرخ و بەهایان دامەگرە و، بێ سوود لەواندا مەیانفەوتێنە. چونکە هەرچەند شوێنەوارەکانی دەستەڵاتی خوای گەورە و بوونەوەرەکان لەناودەچن و نامێنن، بەڵام ناوە جوانەکان کە درەوشانەوە و جوانییان بەسەر ئەو شوێنەوار و بوونەوەرانەوە بە ئاشکرا دیارە، دەمێننەوە و هەمیشەیین و، هەریەکە لە ناوەجوانەکان و سیفەتە بەرز و پیرۆزەکان، هەزاران پلەی چاکەکاری و جوانی و هەزاران چینی کەماڵیان تێدایە.

تەنها سەیری ناوی "الرحمن" بکە، با بۆت دەربکەوێت کە بەهەشت یەکێکە لە درەوشانەوەکانی و، بەختەوەریی هەمیشەیی یەکێکە لە بریسکانەوەکانی و، هەموو ڕزق و ڕۆزی و نیعمەتە بڵاوەکانی ناو دنیاش یەکێکن لە دڵۆپەکانی!

بەوردی بیر بکەرەوە و سەیری ئەو ئایەتە پیرۆزانە بکە کە ئاماژە بۆ ئەم بەراوردکارییەی نێوان "گومڕایان" و "ئیمانداران" لە ڕووی ژیان و فەرمانبەرییەوە، دەکەن:

﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الإنسانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ۞ ثُمَّ رَدَدْنَاه أَسْفَلَ سَافِلِينَ ۞ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ (التين: ٤-٦).

ئایەتەکەی تریش:

﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّماءُ والأَرْضُ﴾ (الدخان:٢٩) کە هەردوو کیان ئاماژە بۆ پاشەڕۆژی هەردوو لا دەکەن.. سەرنجیان بدە تاکو مەودای بەرزیی ئیعجازی ئەو دوو ئایەتەت بۆ دەربکەوێت لەو بەراوردکاری‌یەدا کە بۆ ئەم دوو ڕێ‌یەمان داناوە.

ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی ئیعجازی کورت و پڕ واتای ئایەتی یەکەم "وتەی یازدەهەم" ڕوونی کردووەتەوە.

وا لەمەولا تەنها ئاماژە بۆ مەودای گەیاندنی ڕاستی‌یەکی بەرز دەکەین کە ئایەتی دووهەم گەیاندوویەتی، ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

ئەم ئایەتە ڕاستەوخۆ بە ڕاشکاوی دەفەرموێ: ئاسمانەکان و زەوی بۆ مردنی گومڕایان ناگرین. واتا پێچەوانەکەشی دەفەرموێ: ئاسمانەکان و زەوی بۆ کۆچی ماڵئاوایی ئیمانداران لە دنیا، دەگرین!

واتە لەبەر ئەوەی گومڕایان ئینکاریی کار و فرمانی ئاسمانەکان و زەوی دەکەن و، بە "بێ مەبەستی" تاوانباریان دەکەن و، لە واتا و ناوەرۆکی ئەو ئەرکانە تێناگەن کە ئاسمانەکان و زەوی ئەنجامیان دەدەن، ئەوا مافی خۆیان نادەنێ، تەنانەت نە بەدیهێنەرەکەیان دەناسن و نە دەشزانن کە ئەمانە دەبن بە بەڵگە لەسەر بەدیهێنەریان! ئیتر بە چاوی سووك بۆ ئەو ئاسمانانە و زەوی دەڕوانن و، دوژمنایەتی‌یان دەکەن.

دیارە ئاسمانەکان و زەویش تەنها بەمەندە وازناهێنن کە بۆیان نەگرین، بەڵکو دوعایان لێ دەکەن، تەنانەت خۆشحاڵیشن بە نەمانیان!

واتا پێچەوانەکەشی دەفەرموێت: ئاسمانەکان و زەوی بۆ مردنی ئیمانداران دەگرین و پەژارە دایاندەگرێت. چونکە ئیمانداران لە کار و

فرمانی ئەوان ئاگادارن و ڕێزی شایانیان لێ دەگرن و حەقیقەتە ڕاستەکانیان دەسەلمێنن و، بە بۆنەی ئیمانەکەیانەوە لەو واتایانە تێدەگەن کە لەو ئاسمانانە و زەویدا هەن. ئەوەتا ئەوان تاکو زیاتر لە ئاسمانەکان و زەوی بیربکەنەوە، پتر بە سەرسووڕمانەوە دەڵێن: "چەندە جوان بەدی هێنراون! چەندەش ڕێك و جوان کارەکانیان ڕادەپەڕێنن" بەمەش ڕێزی شایانی خۆیان پێ دەبەخشن، چونکە لەبەر خوا و لەو ڕوانگەیەوە خۆشیان دەوێن کە ئاسمانەکان و زەوی چەند ئاوێنەیەکن بۆ درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خوای گەورە.

لەبەر ئەوەیە کە کاتێك ئەهلی ئیمان دەمرن، ئاسمانەکان دەلەرێنەوە، وەك بڵێی بۆ کۆچی ماڵئاوایی ئەو ئیماندارانە بگرین ئاوا خەم دایاندەگرێت.

پرسیارێکی گرنگ

پرسیار دەکەن و دەڵێن:

"خۆشەویستی" بە دەست مرۆڤ نییە و لە ویستی خۆمان بەدەرە. ئەوەتا بەپێی داخوازیی سروشتی خۆم حەزم لە خۆراکی بەتام و لەزەت و میوەی خۆشە و، باوك و دایکم و منداڵەکانم و خێزانەکەم کە هاوسەری ژیانمە و، پێغەمبەرە بەڕێزەکان و، ئەولیا و پیاوچاکان و، لاوی و، ژیانی خۆم و، هەموو شتێکی جوانم خۆش دەوێت.

بە واتایەکی تر: من دنیام خۆش دەوێت و ناتوانم ئەم خۆشەویستییە پشتگوێ بخەم.

بەڵام ئایا چۆن بتوانم ئەم هەموو جۆرە خۆشەویستییانە پێشکەشی خوای گەورە بکەم و خۆشەویستییەکەم بۆ ناوە جوان و سیفەتە مەزنەکان و زاتی خاوێن و پیرۆزی خوای گەورە ئاراستە بکەم و؟ ئەم کارە چی دەگەیەنێت؟

وەڵام:

فەرموو گوێ لەم چوار سەرنجەی خوارەوە ڕابگرە:

❑ سەرنجی یەکەم:

هەرچەند خۆشەویستی بە دەست مرۆڤ نییە، بەڵام دەتوانرێت بە "ویست"ی خۆی ڕووی ئەو خۆشەویستییە بۆ خۆشەویستێکی تر وەربچەرخێنێت، وەك ئەوەی کە ناشیرینی و ناوەڕۆك و ڕاستیی خۆش ویستراوەکە ئاشکرا بکرێت و دەربخرێت. یان بزانرێت پەردەیەکە بەسەر ڕووی خۆش ویستراوێکی ڕاستەقینەدا دادراوەتەوە کە ئەو شایانی خۆشویستنە. یان بزانرێت ئاوێنەیەکە جوانیی ئەو خۆشەویستە ڕاستەقینەیەی تێدا دەردەکەوێت..

کاتێ کە ئەمە ڕوون دەبێتەوە، دەتوانرێت ڕووی خۆشەویستییەکە لە خۆش ویستراوی مەجازییەوە بۆ هی ڕاستەقینە ئاراستە بکرێت.

❑ سەرنجی دووهەم:

ئێمە نالێین: هیچ کام لەوانەت خۆش نەوێت کە ئێستا باست کردن، نەخێر. بەڵکو دەڵێین: هەموو ئەوانەت لە ڕێ و پێناوی خوادا خۆش بوێت..

بۆ نموونە: چەشتنی تامی خواردەمەنی و میوە بەلەزەت و خۆشەکان لەگەڵ یادکردنەوەی ئەوەدا کە چاکە و نیعمەتی خوای گەورەی بەخشندەی میهرەبانن، خۆشویستنی دوو ناوی جوانی: "الرحمن" و "المنعم"ی خوای گەورە دەگەیەنێت، سەرەڕای ئەوەی کە لە هەمان کاتیشدا بە شوکرانەبژێرییەکی مەعنەوی لەقەڵەم دەدرێت..

ئنجا بەوەشدا دەزانین کە ئەو خۆشەویستییە هی هەوا و ئارەزووی دەروون نەبووە و بۆ ناوی: "الرحمن"ی خوای گەورە بووە، کە مرۆڤ بۆ

ڕۆزیی حەڵاڵ تێبکۆشێت و بەدەستی بهێنێت و، لە بازنەی حەڵاڵدا دارای قەناعەتێکی تەواو بێت و، لە کاتی خواردنیدا بیر بکاتەوە کە نیعمەتی خوای گەورەیە و شوکرانەی لەسەر پێشکەش بکات.

پاشان خۆشویستنی دایك و باوکت و ڕێزگرتنیان، لە ڕاستیدا، بۆ خۆشەویستیی خوای گەورە دەگەڕێتەوە. چونکە هەر تەنها ئەو خوایە بوو کە سۆز و میهرەبانیی لە دڵی دایك و باوکتدا ڕواند و، ئەوانیش بەوپەڕی میهرەبانی و دانایی چاودێری و پەروەردەیان کردیت.

نیشانەی ئەوەش کە لەبەر خوای گەورە خۆشت دەون، ئەوەیە کە کاتێ ئەوان پیر دەبن و بەساڵا دەچن و بە تەمای هیچ شتێك نابیت لێیان، ئەوپەڕی ڕێزیان لێ بگریت و تا دەتوانیت خۆشت بوێن و، هەرچەندەش ئەوان گیروگرفتی زیاترت بۆ فەراهەم بهێنن و ئەرکی سەرشانت پتر قورس بکەن، تۆ میهرەبانی و شەفەقەتی زیاتریان بۆ بنوێنیت. چونکە ئەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلاتَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلاً كَرِيماً ۞ واخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً﴾ (الإسراء:٢٣-٢٤)..

داوا لە منداڵ و نەوەکان دەکات، لە پێنج پلەدا، چاودێریی دایك و باوکیان بکەن. هەروەها مەودای گرنگیی ڕێزلێنان و خراپی و ستەمیی گوێڕایەڵی نەکردنیان دەردەخات.

جا مادەم خوای گەورە سروشتی باوکانی وا بەدی هێناوە کە حەسوودییان بەرامبەر کوڕ و نەوەی خۆیان تێدا نەبێت و، بەم پێیە باوك جگە لە کوڕی خۆی حەز ناکات لە پێشبڕکێی ژیاندا کەسی تر پێشی بکەوێت.. ئەوا لەبەر ئەوە، هەرگیز ڕێ بە کوڕ نادرێت داوای ماف لە

باوکی خۆی بکات، چونکە هۆی ناکۆکیی نێوان دوو کەس یان حەسوودی و مونافەسەیە، یان پێشێل کردن و خواردنی مافی یەکێکیانە لە لایەن ئەوی تریانەوە، بەڵام خۆ هەر بە سروشت باوك ئەم دوو شتەی تێدا نییە بەرامبەر بە کوڕ و جگەرگۆشەی خۆی!

کەواتە کوڕ مافی ئەوەی نییە هیچ داوایەکی بەرامبەر باوکی خۆی بێت، تەنانەت ئەگەر باوکیشی ستەمی لێ بکات، هێشتا ئەم مافی ئەوەی نییە بە گوێی نەکات و هەڵوێستی نەشیاوی بەرامبەر بنوێنێت. واتە ئەو کەسەی بەرامبەر باوك و دایکی خۆی ڕەفتاری نالەبار دەنوێنێت و ئازاریان دەدات، لە مرۆڤێتی دەرچووە و بووە بە ئاژەڵێکی دڕندە.

خۆشویستنی منداڵیش، بە هەمان جۆر، بریتییە لە خۆشەویستیی خوای گەورە و لە ڕوویەکەوە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەوەی کە مادەم ئەوان دیاری و بەخششی خواوەندی میهرەبانی بەخشندەن، ئەوا دەبێ بەوپەڕی شەفەقەت و میهر و بەزەییەوە چاودێری بکرێن.

نیشانەی ئەوەی کە خۆشەویستیی ئەوان لە پێناوی خوادایە، ئارامگرتن و شوکرانەبژێرییە لە کاتی بەڵا و موسیبەت، بە تایبەتی "مردن"یاندا. هەروەها ئومێد نەبڕین و دوعا بۆکردنیانە و، تەسلیم بوون و شوکرانەبژێرییە لە کاتی قەزا و قەدەردا. وەك ئەوەی بڵێت: ئەم بەدیهێنراوە، خۆشەویست و بەندەی بەدیهێنەری بەخشندەیە، بۆ ماوەیەکی دیاری کراوی کەم پێی بەخشیبووم. وا ئێستا دانایی ئەو خواوەندە خواستی لەسەر ئەوەبوو کە لە منی وەربگرێتەوە و بیبات بۆ شوێنێکی تری باشتر و پڕ ئاسایشتر. خۆ ئەگەر یەك بەشی ڕواڵەتیی منی پێوە بێت، ئەوا هەزار بەشی ڕاستەقینەی خوای گەورەی تێدایە.

کەواتە چار نییە دەبێ تەسلیمی بڕیاری خوای گەورە بم.

خۆشویستنی برادەر و هاوەڵانیش، ئەگەر خاوەن ئیمان و تەقوا بن، مانای وایە ئەویش لە پێناوی خوادایە و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەپێی دەستووری: "الحبّ في الله"[١].

خۆشویستنی خێزانەکەیشت کە هاوسەری ژیانتە، با لەسەر ئەو بناغەیە بێت کە دیارییەکی "هاودەم و نەرمونیان"ی میهرەبانیی خوای گەورەیە.

نەکەی ئەو خۆشەویستییەت ببەستیتەوە بە جوانییە ڕواڵەتییەکەیەوە، کە بە زوویی تەواو دەبێت و نامێنێت!

بەڵکو بیبەستە بەو جوانییەی کە هەرگیز ناڕوات و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، ئەویش جوانیی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی پاك و بێگەردیەتی، کە لە ناخی نەرمونیانیی ئافرەتدا ڕەگی داکوتاوە.

بەرزترین و شیرینترین جوانیی ئافرەت لە سۆز و شەفەقەتە نوورانیی و بێگەردەکەیدایە. خۆ ئەم جوانیی شەفەقەت و ڕەوشتەش هەمیشەییە و هەتا کۆتایی تەمەن هەر لە زیاد بووندایە. تەنها بە خۆشویستنی ئەم دوو لایەنەشە کە مافەکانی ئەم بەدیهێنراوە لاواز و نەرمونیانە دەپارێزرێن. دەنا لە کاتێکدا کە جوانیی ڕواڵەتیی نامێنێت و لە هەموو وەختێك پتر پێویستی بە مافەکانی دەبێت، هەموو مافەکانی دەخورێن و پێشێل دەکرێن!

خۆشەویستیی پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت - و، ئەولیا و پیاوچاکانیش.. بە هەمان جۆر، لە ڕێی خوادایە. لەو ڕووەوە کە ئەوان چەند بەندەیەکی بێگەرد و وەرگیراوی لای خوای گەورەن. خۆشویستنی ئەوان، لەم گۆشەیەوە دەبێت بە خۆشویستنی خوای گەورە.

---

(١) الحب في الله والبغض في الله من الإيمان. صحيح البخاري، كتاب الإيمان، من كلام الإمام البخاري. (وەرگێڕ)

ئەو ژیانەش کە خوای گەورە بە تۆ و هەموو مرۆڤێکی تری بەخشیوە، سەرمایەیەکی هێندە گەورەیە کە دەتوانیت ژیانێکی نەبڕاوەی دوارۆژی پێ بەدەست بهێنیت و، گەنجینەیەکە چەندین ئامێر و کەمالاتی نەمری تێدایە. جا خۆشویستن و پارێزگاری کردنی ژیان لەم گۆشەیەوە و، ڕامکردن و بەکارهێنانی لە پێناوی خوادا، بە خۆشەویستیی خوای گەورە دادەنرێت.

پاشان خۆشویستنی لاوی و جوانی‌یەکەی و ڕێزلێنانی لەو ڕووەوە کە نیعمەتێکی نایاب و قەشەنگی پەروەردگارە و بەکارهێنانی بە باشی، خۆشەویستی‌یەکی ڕەوایە و شایانی ڕێزە.

پاشان خۆشویستنی بەهار، لەو ڕووەوە کە قەشەنگترین لاپەڕەی دەرکەوتنی نەخش و نیگارەکانی ناوە جوان و ڕووناکەکانی خوای گەورەیە و، مەزنترین پیشانگایە بۆ پیشاندانی وردەکاریی سنعەتی بێ وێنەی پەروەردگار.. بیرکردنەوە لە بەهار لەم ڕووەوە، ڕووی لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەیە و لە پێناوی خوادایە.

تەنانەت خۆشویستنی "دنیا"ش ئەگەر لەو گۆشەیەوە بێت کە کێڵگەی دوارۆژە و، ئاوێنەی ناوە جوانەکانی خوای گەورەیە و، چەند نامەیەکی پەروەردگارە بۆ "بوون"(الوجود)ی ناردووە، بە مەرجێك دەروونی بەدخواز خۆی لەو خۆشەویستی‌یەدا هەڵنەقورتێنێت، خۆشویستنی دنیا لەم گۆشەیەوە، ئەویش دەبێ بە خۆشەویستی‌یەك لە پێناوی خوای گەورەدا.

پوختەی ئەم قسانە:

هەموو دنیا و بەدیهێنراوانی ناو دنیات بە واتای "حەرفی" خۆش بوێت، نەك بە واتای "ئیسمی".

واتە: نەك لەبەر خۆیان، بەڵکو لەبەر ئەو واتایانەی ڕایاندەگەیەنن، خۆشت بوێن.

بە هیچ شتێك مەڵێ: "ئەمە چەندە جوانە"..

بەڵکو بڵێ: "چەندە جوان بەدی هێنراوە"!

نەکەی هیچ کەلێنێك بهێڵیتەوە کە خۆشەویستیی غەیری خوای لێ بڕواتە ناو دڵتەوە، چونکە ناوەوەی دڵت ئاوێنەی خواوەندی صەمەدە و تایبەتە بەو. هەردەم بڵێ:

(اللهم ارزقنا حبك وحبّ مايقربنا إليك)[1].

جا ئەو هەموو جۆرانەی "خۆشەویستی" ئەگەر بەو شێوەیەی باسمان کردن، بەرەو ڕووکاری ڕاستی خۆیان ئاراستە بکرێن.. واتە ئەگەر لەبەر خوا و لەپێناوی ئەودا بن، ئەوا لەزەتێکی ڕاستەقینەی بێ ئازار و، بە یەك شادبوونێکی بێ کۆتایی بەرهەم دەهێنن، تەنانەت خۆشویستنی خوای گەورەش زیاد دەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە خۆشەویستی‌یەکی ڕەوا و حەڵاڵە و لە هەمان کاتیشدا شوکرانەبژێریی خواوەندە و، بیرکردنەوەیە لە نیعمەتەکانی ئەو خوایە لە ناوەندی هەمان خۆشەویستیدا.

ئەمەش بە نموونەیەك ڕوون دەکەینەوە:

گەر پادشایەکی مەزن[2] سێوێکی پێشکەش کردیت، ئەوا بە دوو جۆر حەز لەو سێوە دەکەیت و، بە دوو شێوە لەزەتی لێ دەبەیت:

حەز و خۆشویستنی یەکەمیان هی سێوەکەیە، کە میوەیەکی خۆشە و، بە ئەندازەی تایبەتکاری‌یەکانی پێکهاتنی، لەزەتی لێ دەبەیت..

---

(١) فەرموودە لە بارەی دوعاکردن بۆ دەستکەوتنی خۆشەویستیی خوا زۆرە. وەك ئەمە:
"عن عبدالله بن يزيد الخطمي الأنصاري عن رسول الله ﷺ إنه كان يقول في دعائـه: اللهم ارزقني حبك وحب من ينفعني حبه عندك". أخرجه الترمذي وقال: حسن غريب.

(٢) ئەم ڕووداوە، کاتی خۆی لە ڕاستیدا ڕووی داوە کە جارێکیان دوو سەرۆك هۆز پێکەوە ڕۆشتوونەتە کۆڕی پادشایەکی مەزن و ئەو ڕەفتارانەی سەرەوەیان نواندووە. (دانەر).

ئەم حەز و خۆشویستنە هی پادشا نی‌یە، تەنانەت ئەگەر یەکێك بە هەڵپە و لە بەردەم پادشادا سێوەکە بخوات، دەری دەبڕێت کە سێوەکەی خۆش دەوێت نەك پادشا! لەوانەیە پادشا ئەم هەڵسوکەوتەی بەلاوە کارێکی نەشیاو بێت و، بێز لەو خۆویستی‌یە توند و دەروون پەروەری‌یە لەڕادەبەدەرە بکاتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەزەتی ئەو سێوە لەزەتێکی کاتی‌یە و لەنەماندایە، چونکە لەگەڵ تەواوبوونی خواردنی، لەزەتەکەشی تەواو دەبێت و ئازاری نەمانی بەجێ دەهێڵێت.

حەز و خۆشویستنی دووهەمیان هی ڕێزلێنانەکەی پادشایە، کە بە چاوی ڕێزەوە ئاوڕی لێ داویتەوە و بە پێشکەش کردنی سێوەکە ئەمەی دەربڕیوە. وەك بڵێی ئەو سێوە نموونەیەکی ئاوڕلێدانەوە و ڕووتێکردنی پادشایە، یان ستایشێکی بەرجەستەی ئەوە.

جا ئەو کەسەی دیاریی پادشا بە خۆشەویستی و ڕێزەوە وەربگرێت، دەری دەبڕێت کە پادشای خۆش دەوێت، نەك سێوەکە.

دەبێ بیشزانین تام و لەزەتی ئەو سێوە - لەبەر ئەوەی مایە و پیشاندەری ڕێزلێنانەکەی پادشایە - لە هی هەزاران سێوی تر زیاترە، هەست کردنیش بەم لەزەتە زیادەیە، خۆی لە خۆیدا، شوکرانەبژێریی ئەو بەخشینەیە و، ئەم خۆشەویستی‌یەش خۆشەویستی‌یەکی خاوەن ڕێزە و شایانی پادشایە.

بە چەشنی ئەم نموونەیە.. ئەگەر مرۆڤ بێ ئاگایانە حەز و خۆشەویستیی ڕاستەوخۆ بۆ نیعمەت و میوەکان ئاراستە بکات و، تەنها تامی لەزەتە ماددی‌یەکانیان بچێژێت، ئەوا ئەو خۆشەویستی‌یەی هی دەروونە و، لە ڕاستیدا نەفس پەروەری‌یە و، لە ئەنجامیشدا ئەو لەزەتانە لەناودەچن و ئازار بەجێ دەهێڵن.

بەڵام ئەگەر ئەو حەز و خۆشەویستی‌یە ڕوویان لەو لایەنە بێت کە بەخشش پەروەردگار و، میهرەبانی و بەرهەمی چاکەکاریی خوای گەورەن و، ڕێز لە پلەکانی ئەو چاکەکاری‌یە بگرێت و، بە تەواوی تامیان بچێژێت، ئەوا ئەم کارەی، لە ڕاستیدا، شوکرانەبژێری‌یەکی مەعنەوی‌یە و لەزەتێکە هەرگیز دوای خۆی ئازار بەجێ ناهێڵێت.

❑ سەرنجی سێ‌هەم:

ئەو خۆشەویستی‌یەی ڕووی لە ناوە جوانەکانی خوایە، چەند چینێکی هەیە:

کاتی وا هەیە لە ڕێی خۆشویستنی شوێنەوارەکانی جێ دەستی خواوەند لە گەردووندا - وەك زووتر باسمان کرد - خۆشەویستی‌یەکەت ئاراستەی ناوە جوانەکانی خوای گەورە دەکەیت..

کاتی وا هەیە بۆیە ئەو ناوە جوانانەت خۆش دەوێت چونکە ناونیشانی کەماڵاتی بەرزی خوای گەورەن..

کاتی وا هەیە مرۆڤ گەلێ پێویستی بەو ناوانەیە، لەبەر ئەوە تاسەمەندیان دەبێت، چونکە چییەتیی مرۆڤ گشتی‌یە و، پێداویستی‌یەکانیشی بێ سنوورن. واتە لەبەر پێویستیی بەو ناوانە، خۆشی دەوێن.

با بە نموونەیەك ئەمە ڕوون بکەینەوە:

وا دابنێ لەو کاتەدا کە هەست بە کۆڵەواری و دەستەوسانیی خۆت و پێویستیی زۆر دەکەیت کە یەکێك بۆ ڕزگاربوونی خۆشەویستێکت لە خزمان و هەژاران، تەنانەت بۆ فریاگوزاریی بوونەوەرە لاوازە داماوەکانیش، بێت و یارمەتیت بدات، گەر کتوپڕ لەم کاتەدا یەکێك پەیدا ببێت و چاکە و نەوازش لەگەڵ ئەوانەدا بنوێنێت و، بە ئارەزووی دڵی تۆ نیعمەتی خۆی بدات بەوان، ئایا چەندە شادمان دەبیت و، چەندەش دڵت بە ناوی: "المنعم" و "الکریم"ی ئەو دەکرێتەوە و دەگەشێتەوە؟

تەنانـەت چـەندە جێـی ڕێـز و مایـەی سەرسـووڕمانت دەبێـت و بـە خۆشویستنی ئەو دوو ناو و ناونیشانەی ئەو، هەردەم ڕووی خۆشەویستیی ئاراستە دەکەیت؟!

هەر لە ڕووناکیی ئەم نموونەیەوە، بیر لـە تەنـها دوو نـاو بکـەرەوە لـە نێـوان ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا، کە دوو ناوی "الرحمن" و "الرحيم"ن.

کـاتێك بیریـان لـێ دەکەیتـەوە و سـەرنجیان دەدەیـت، دەبینیـت هـەموو ئیمـانداران لـە: بـاوك و باپـیرانی پێشـووت و، گشـت خۆشەویسـت و، کەسـوکار و، برادەرانـت کـە خۆشـت دەوێـن و شـەفەقەتت بەرامبـەریان دەبزوێت و لەتاسەدایت بۆ بینینیان، هەموو ئەوانە، لە دنیادا چەشتنی چـەندین نیعمەتی بەلەزەتیان پێ دەبەخشرێت و، پاشانیش لـە دواڕۆژدا بـە خۆشـترین و بەتامترین نیعمەت بەختەوەر دەکرێن.

تەنانەت خوای گـەورەی "ڕەحـمان" و "ڕەحیـم" بەختـەوەری و نیعمـەتی زیاتریان پێ دەبەخشێت، بەوەی کە بـە یـەکتریان شـاد دەکاتـەوە و، بـە بینینـی جوانیی هەمیشەیی خۆیشی بەهرەمەندیان دەکات.

کەواتـە دەبـێ هـەردوو نـاوی: "الرحمـن" و "الرحيـم" چـەندە شـایانی خۆشویستن بن و، گیـانی مـرۆڤ چـەندە تاسـەمەندیان بێـت؟ بـۆ خـۆت ئەمـە لێك بدەرەوە، بابزانیت چەندە ئەو وتەیەمان ڕاستە کە دەڵێین:

"الحمد لله على رحمانيته ورحيميته"!

پاشـان تـۆ پـەیوەندیت بـە بوونـەوەرانی ڕووی زەویـیەوە هەیـە و، بـە دەردیسەری و بەدبـەختیی ئـەوان ئـازار دەچێژیـت، وەك بڵێـی تێکـڕای گـۆی زەوی خانە و لانەی جوان و ئاوەدانی تۆ بێت.

جـا ئەگـەر بـە وردی سـەرنج بدەیـت، شـەوقێکی زۆر و پێویسـتییەکی توندوتیژ لە ڕۆحی خۆتدا هەسـت پێ دەکـەیت بەرامبـەر نـاوی: "الحکیـم"ی خـوای گـەورە و ناونیشـانی: "المربـي" کـە بـە داناییـەکی تـەواو، بـە

کارگوزاری‌یەکی بێ وێنە و، ڕێکخستنێکی ورد و، پەروەردەکاری‌یەکی میهرەبانانە، ئەو گشت بوونەوەرانە ڕێکدەخات.

پاشان ئەگەر بیر لە هەموو مرۆڤایەتی بکەیتەوە، دەبینیت پەیوەندیت پێیانەوە هەیە و، بۆ بارودۆخی کلۆڵی و بەدبەختیی ئەوان ئازار دەچێژیت و، بە نەمان و مردنیشیان ئازارەکەت پتر زیاد دەکات، لەم کاتەدا دەبینیت "گیانت" تاسەمەندی ناوی: "الوارث، الباعث"ی خوای گەورەیە و، پێویستی بە ناونیشانی: "الباقي، الكريم، المحي، المحسن"ی بەدیهێنەری بەخشندەیە کە هەموو ئەو مرۆڤانە لە تاریکستانی نەبوون ڕزگار دەکات و، لە خانەیەکی دیکەی چاکتر و جوانتر لەوەی دنیایان نیشتەجێیان دەکات.

هەروەها لەبەر ئەوەی چییەتیی مرۆڤ بەرزە و سروشتەکەشی گشتی‌یە، ئەوا هەزار و یەك پێویستیی بە هەزار و یەك ناوی جوانی خوای گەورە و بە چەندەها پلەی جیاجیای هەموو یەکێك لەو ناوانە هەیە.

جا "پێویستی"ی دووچەندانە(مضاعف) بریتی‌یە لە "شەوق".. شەوقی دووچەندانەش بریتی‌یە لە "خۆشەویستی".. خۆشەویستیی دووچەندانەش "عیشق"ە. کەواتە بەپێی کامڵ بوونی ڕۆحی مرۆڤ و بەپێی پلەکانی ئەو ناوانە، پلەکانی خۆشەویستیش دەردەکەون. خۆشەویستیی ئەو ناوانەش لە ئەنجامدا دەبن بە خۆشویستنی زاتی مەزنی خوای گەورە. چونکە ئەو ناوانە تایبەتن بە خوای گەورە و درەوشانەوەکانیەوە.

وا لە نێوان هەزار و یەك ناوی خوای گەورەدا - بۆ نموونە - تەنها یەك پلە لە نێوان هەزار و یەك پلەی ناوی: "العدل، الحكم، الحق، الحكيم"ی خوای گەورە، بەم جۆرەی خوارەوە ڕوون دەکەینەوە:

ئەگەر دەتەوێت ئەو ناوی "الرحمن، الرحيم، الحق"ەی کە لە چوارچێوەی "دانایی و دادگەری"دا و لە نێوان بازنەیەکی فراوانی مەزندا هەیە بیانبینیت، ئەوا بیر لەم نموونەیە بکەرەوە:

سوپایەك چوارسەد هەزار تیرەی جۆراوجۆری سەربازی تێدایە، هەریەكەیان بەپێی حەزی خۆیان، بەرگ و پۆشاك و خواردەمەنی‌یان لەوانی تر جیایە و، هەریەكەیان كام چەكیان بە ئاسانی بۆ بەكاردەهێنرێت ئەوەی هەڵگرتووە و، چ چارەسەری‌یەكیشیان بۆ دەگونجێ بەوە چارەسەر دەكرێت. ئنجا هەرچەند ئاوا لە هەموو شتێكیاندا لە یەكتر جیاوازن، كەچی بەپێی تیپ و لەشكر لە یەكتر جیا نەبوونەتەوە، بەڵكو بە بێ جیاوازی تێكەڵی یەكتر بوون و بە یەكدا ئاڵاون.

جا ئەگەر پادشایەك ببێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی بەزەیی و میهرەبانی و توانست و زانستێكی گشتیی بەهەموو شت ئاگا بێت و، دارای دادگەری‌یەكی بێ وێنە و داناییەكی تەواو بێت، هەریەك لەو سەربازانە چ جۆرە بەرگ و پۆشاك و خۆراك و چارەسەری و چەكێكی بۆ دەگونجێ ئەوەیان پێ بدات، بێ ئەوەی كەسیانی لە بیر بچێت و كارەكەی لێ بئاڵۆزێت و بێ ئەوەش هیچ یاریدەدەرێكی ببێت، بەڵكو بە تەنیا خۆی هەموو ئەمانەیان بەسەردا دابەش بكات..

بەڵێ، ئەگەر پادشایەكی ئاوا ناوازە هەبێت، ئەوا ڕادەی توانایی و میهرەبانی و دادگەریی ئەوت بۆ دەردەكەوێت. چونكە ئاشكرایە گەر تابوورێكی سوپا كە تەنها لە (دە) تیرەی جیاجیا پێكهاتبێت، گەلێ قورس و دژوارە بتوانرێت چەك و تەقەمەنی و بەرگ و پۆشاكی جیاجیایان بۆ دابین بكرێت، بۆیە لە ناچاریدا هەموویان بە یەك چەشن بەرگ و پۆشاك و چەك و تەقەمەنی‌یان دەدرێتێ، هەرچەندەش ڕەگەز و نەتەوەیان جیاواز بێت..

جا ئەگەر دەتەوێ لە ڕوانگەی ئەم نموونەیەوە درەوشانەوەی ناوی خاوێن و جوانی: "الحق" و "الرحمن الرحیم"ی خوای گەورەت لە چوارچێوەی "دادگەری" و "دانایی"دا بۆ دەربكەوێت، ئەوا فەرموو سەیری

"بەهار" بکە و بۆ ئەو خێوەتانە بڕوانە کە بەسەر ڕووی زەویدا هەڵدراون، کە هی چوار سەد هەزار نەتەوەی جۆراوجۆرن و سوپایەکی مەزنیان لە ڕووەك و زیندەوەران پێکهێناوە..

بە وردی سەیریان بکە، دەبینیت هەرچەند ئەم هەموو تیرە و نەتەوانە تێکەڵی یەکترین، کەچی پۆشاکیان لە یەکتر جیاوازە و، خواردەمەنی‌یان لە هی یەکتر ناچێت و، چەکیان جۆراوجۆرە و، ڕێ و شوێنی گوزەرانیان جیاوازە و، مەشق و ڕێنمایی هەریەکەیان لەوی تر جیایە و، تەسریح بوون و پشوودانیشیان لە یەکتر ناچێت. هیچ کامیشیان زمانیان نی‌یە تاکو داوای پێداویستی و دابین کردنی ئارەزووەکانیانی پێ بکەن..

لەگەڵ ئەمانەشدا، هەریەکەیان بە ناوی "الحق و، الرحمن و، الرزاق و، الرحیم و، الکریم"ەوە و لە چوارچێوەی "دانایی و دادگەری"دا و، بە تەرازوویەکی ورد و ڕێکوپێکی‌یەکی بەرز، بەڕێوەدەبرێت و، پەروەردە و چاودێری دەکرێت.

دەسا فەرموو سەیری ئەم درەوشانەوەیە بکە و سەرنجی لێ بدە. ئایا دەگونجێ جگە لە خوای گەورە کەسی تر بتوانێت لەم کارەدا، کە بەو ڕێسا ناوازە و تەرازووە وردە بەڕێوەدەبرێت، خۆی هەڵبقورتێنێت؟

ئایا دەگونجێ هیچ هۆکارێك – هەرچی بێت – لەم سنعەتە قەشەنگ و کارگوزاری‌یە دانایانە و، پەروەردگاری‌یە میهرەبان و بەڕێوەبردنە گشتی‌یەدا دەست وەربدات، جگە لە خوای گەورەی تاکی تەنیای دانای بەتوانا بەسەر هەموو شتێکدا؟

❑ سەرنجی چوارەم:

تۆ دەڵێیت: چەندین جۆری جیاجیای حەز و خۆشەویستی لە دەروونمدا هەن بۆ خواردەمەنیی بەلەزەت و، ژن و، منداڵ و، دایك و، باوك و،

خۆشەویست و، بـرادەرانم و، پیاوچاکـان و، پێغەمبـەرە بـەڕێزەکان، تەنانـەت هەموو شتێکی جوان و، بەهاری ڕەنگین و، دنیام بە گشتی خۆش دەوێت..

ئایـا ئەگـەر ئـەم هـەموو جـۆرە جیاجیایانـەی خۆشەویسـتیم بـەپێی داخوازیی‌یەکانی قورئانی پیرۆز بن، چ ئەنجام و سوودێکیان دەبێت؟

وەڵام:

ڕوونکردنـەوەی ئـەو هـەموو سـوود و ئەنجامانـە پێویسـتی بـە نووسـینی کتێبێکی مەزن دەبێت. لەبەر ئەوە، ئێمە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ تەنـها یـەك دوو دانە لەو ئەنجامانە دەکەین. لە پێشاندا ئەو ئەنجامانـە ڕوون دەکەینـەوە کـە لە دنیادا دێنەدی، پاشان ئەوانەی کە لە دواڕۆژدا دەردەکەون.

ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

زووتر باسمان کرد کە جۆرەکانی خۆشەویسـتی لای بێ ئاگایـان و ئـەهلی دنیا، کە تەنها بۆ دابین کردنـی ئارەزووەکـانی دەروونیانـە، چـەندەها ئـەنجامی بەسوێ و ئازار و بەڵا و دەردی سـەریی هەیـە، لەگـەڵ ئـەو کـەیف و شـادی و حەوانەوە کەم و بچووکەی کە تیایدایە.

بۆ نموونـە: بە بۆنـەی کۆڵەواریی‌یـەوە، "شـەفەقەت"ەکـەیان دەبێـت بـە بەڵایـەکی ئـازاردار.. "خۆشەویسـتی"ش لای ئـەوان، بـەهۆی جودایـی و لێکداپڕانــەوە، دەبێــت بــە کســپەی دەروون و.. "لــەزەت"یــش، بــەهۆی نەمانیەوە، دەبێت بە شەرابێکی ژەهراوی. هیچ کامیشـیان لـە دواڕۆژدا هیـچ سوودێکیان نـابێت، چونکـە هیچیـان لـە پێنـاوی خـوادا نەبوون. خۆ ئەگـەر مرۆڤیـان خستبێتە کـاری حەرامـەوە، ئـەوا لـە دواڕۆژدا ئازار و ئەشـکەنجەی سەختی دەرخوارد دەدەن.

پرسیار: خۆشەویستیی پێغەمبەرە بەڕێزەکان – درووودیان لەسـەر بێـت – و ئەولیا و پیاوچاکان چۆن بێ سوود و قازانج دەردەچێت؟

وەڵام: بە چەشنی سوودوەرنەگرتنی ئەو گاورانەی کە باوەڕیان بە "تثلیث" هەیە لە خۆشویستنی حەزرەتی عیسا - دروودی لەسەر بێت - و، ڕافزی‌یەکانیش لە خۆشویستنی حەزرەتی عەلی، خوای لێ ڕازی بێت!

ئنجا ئەو جۆرە خۆشەویستی‌یانەش کە باست کردن، ئەگەر بەپێی ڕێنمایی قورئانی پیرۆز و لە پێناوی خوای گەورە و خۆشەویستیی "بەخشندەی میهرەبان"دا بێت، ئەوا چەندەها بەرهەمی جوانی لە دنیادا دەبێت، چ جای ئەنجامە خاوێن و جوان و هەمیشەییەکانی ئەودنیا.

ئەنجامەکانی سەر بە دنیایان ئەمانەن:

حەز کردنت لە خواردەمەنی و میوەی بەلەزەت و خۆش، ئەو خواردەمەنی‌یانەت بۆ دەکات بە نیعمەتێکی بێ ئازاری بەخشراوی خوای گەورە و، لەزەتێك لە ناوەندی شوکرانەبژێریدا..

خۆشویستنی نەفسیشت، لەو ڕووەوە کە بەزەییت پێدابێتەوە و، لە پەروەردە و پاکژ کردنیدا خۆت ماندوو بکەیت و، لە ئارەزووی نزم و خراپ دووری بخەیتەوە.. ئەم خۆشویستنە، جڵەوی نەفست دەداتە دەست و، ئیتر ئەو دەروونە تۆ نابەستێتەوە و، لە هەوا و ئارەزووەکانی خۆیدا ناتخاتەکار. بەڵکو تۆ ئەو دەروونە بەرەو ڕێی ڕاست - نەك هەوا و ئارەزوو - دەدەیتەبەر..

خۆشویستنی خێزانەکەشت کە هاوسەری ژیانتە، مادەم لەسەر بناغەی ڕەوشت جوانیی بەشەفەقەتی ئەو دامەزراوە و، لەو ڕووەوە خۆشت دەوێت کە دیاریی میهرەبانیی خوایە.. ئەوا دیارە خۆشەویستی و میهرەبانی‌یەکی ڕاست و بەسۆز و بەزەیی لە ڕوودا دەنوێنیت. ئەویش بەرامبەر بەمە تۆی خۆش دەوێت و ڕێزت لێ دەگرێت. خۆ هەتا تەمەنیشتان بەرەوپێش بڕوات و بەساڵا بچن، ئەم ڕێز و خۆشەویستی‌یە چون یەکەی نێوانیشتان هەر زیاد

دەكات. ئیتر بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە، بۆ خۆتان ژیانێكی شاد و پڕ بەختەوەری بەسەر دەبەن. بەڵام ئەگەر ئەو خۆشەویستی‌یە لەسەر بناغەی جوانیی ڕواڵەتیی بێت، كە خواستی دەروونە، ئەوا بە زوویی نامێنێت و ژیانی ژن و مێردایەتیش بە جارێ تێكدەچێت.

خۆشویستنی دایك و باوكیشت، مادەم لە پێناوی خوادا بێت، پاداشتت لە سەری دەست دەكەوێت. بێ گومان كاتێ كە پیر دەبن، خۆشەویستی و ڕێزیان زیاد دەكەیت و، هەست بە لەزەتێكی ڕۆحیی بێگەرد و حەوانەوەیەكی تەواوی دڵی خۆت دەكەیت كاتێ كە دەبیت بە خزمەتگوزاریان و دەستیان ماچ دەكەیت و بە دڵسۆزی و ئیخلاسەوە ڕێزیان دەگریت. ئیتر كە تۆ لەم هەستە بەرز و هیممەت و لێبڕانەدا دەبیت، لە خوای بەتوانای باڵادەست دەپاڕێیتەوە تەمەنیان درێژ بكات، تاكو پاداشتی زیاترت دەست بكەوێت.. بەڵام ئەو خۆشەویستی و ڕێزەت ئەگەر لەبەر دەستخستنی كەرەسە و شمەكی بێ كەڵكی دنیا و هەڵقوڵاوی ئارەزووی دەروون بێت، ئەوا ئازارێكی گیانیی تاریك بەرهەم دەهێنێت كە لە هەستێكی نزمەوە سەری هەڵداوە، ئەویش نەفرەت كردنە لەو دوو كەسەی هۆی بوون و ژیانتن و، بە قورس زانینیانە بەسەرتەوە كاتێك كە پیر دەبن، ئنجا لە هەموو شتێك خراپتر: ئاواتەخوازیی مردنیان و چاوەڕوانیی نەمانیانە!

خۆشویستنی منداڵەكانیشت، واتە خۆشویستنی ئەوانەی كە خوای گەورە بە ئەمانەت بە تۆی سپاردوون تاكو پەروەردە و چاودێری‌یان بكەیت، خۆشویستنی ئەو هاودەمە خۆشەویست و بەدیهێنراوانەی خوای گەورە، خۆشەویستی‌یەكی پڕ بەختەوەری و كامەرانی‌یە و، لە هەمان كاتیشدا نیعمەتێكی خوای گەورەیە.

جا كە تۆ هەستت بەمە كرد، ئەوا هەرگیز خەم بۆ ئەو موسیبەتانە مەخۆ كە ئەوان دووچاری دەبن و، بە مردنیشیان ئاخ و داخی پەژارە و حەسرەت

هەڵمەکێشە. چونکە - وەك زووتر باسمان کرد - بەدیهێنەری ئەوانە میهرەبانە و بەزەیی پێیاندا دێتەوە و بە دانایی کاروباریان بۆ ڕێکدەخات. کاتێ لەم ڕاستی‌یە تێگەیشتیت، خۆت بە خۆت دەڵێیت: "مردن بۆ ئەوان بەختەوەری‌یە".

ئیتر بەمە لە ئازاری جودایی ڕزگارت دەبێت و، بیر لەوە دەکەیتەوە کە لە خوای میهرەبان بپاڕێیتەوە لە سۆز و میهرەبانیی خۆیت پێ ببەخشێت.

خۆشویستنی هاوڕێ و خزمانیشت، مادەم لە پێناوی خوای گەورەدایە، ئەوا جودایی و مردنیان ڕێ لەوە ناگرێت کە بەردەوام برا و هاوڕێت بن و هەمیشە خۆشت بوێن و تێکەڵی‌یان بکەیت. چونکە ئەو پەیوەندی‌یە گیانی و خۆشەویستی‌یە مەعنەوی‌یە بێگەردە، درێژە دەکێشێت و، بەمەش چێژی بە یەك گەیشتنەوە و بە یەك شادبوون هەر بەردەوام دەبێت.. بەڵام ئەگەر ئەم خۆشەویستی‌یە لەبەر خوای گەورە و لە پێناوی ئەودا نەبێت، ئەوا لەزەتی بە یەك شادبوونی تەنها ڕۆژێك ئازاری جودایی سەد ڕۆژ بەجێ دەهێڵێت[١].

بەرهەمی خۆشەویستیشت بۆ پێغەمبەران - دروودیان لەسەر بێت - هەروەها ئەولیا و پیاوچاکان، لەوەدایە کە: ئەو جیهانی بەرزەخەی گومڕا و بێ ئاگایان بە جیهانێکی تاریکی بێ هاودەمیی دادەنێن، تۆ بە چەند مەنزڵگایەکی ڕووناکی ئەوتۆیان دەبینیت کە ئەو پێغەمبەران و پیاوچاکانە ڕووناکیان کردوونەتەوە. ئیتر تۆ لەوە بێزار نابیت کە بڕۆیت بۆ لایان و ترست لە جیهانی بەرزەخ نابێت، بەڵکو شەوق و تاسەمەندیی ئەو جیهانەی کە بەو زاتانە ئاوەدان بووەتەوە دەبێ بە خولیات، بێ ئەوەی ژیانی دنیاشت لێ تاڵ و لێڵ ببێت..

(١) بە یەك گەیشتنی برایان بۆ ماوەی یەك چرکە لە پێناوی خوادا، بەساڵێکی تەمەن دادەنرێت. بەڵام ساڵێکی بە یەك گەیشتنێك کە لەبەر دنیای فانی بێت، یەك چرکەش ناهێنێت. (دانەر)

بەڵام ئەگەر خۆشویستنی ئەوانەت بە چەشنی ئەو خۆشویستنە بێت کە مەدەنی‌یەکان بۆ مرۆڤە بەناوبانگەکان هەیانە، ئەوا تەنها بیرکردنەوەت لە مەسەلەی نەمانی ئەو مەردە باش و ئەولیا کاملانە و، داڕزانی ئێسك و پێستیان لە گۆڕستانی هەرە مەزنی ڕابوردوودا، سەبارەت بە تۆ دەبێت بە ئازارێکی زیاد لە ئازارەکانی تری ژیانت و، هەر ئەم بیرکردنەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات مردن و نەمانی خۆیشی بە هەمان جۆر ببینێت و، بەوپەڕی دڵەتەپێ و تاڵی و حەسرەتەوە بڵێت: (دەبێ منیش بڕۆمە ئەو گۆڕستانەی کە ئێسك و پێستی ئەو مرۆڤە مەزنانەی بەو جۆرە داڕزاند)..

بەڵام لە ڕوانگەی یەکەمەوە ئەو مەزنانە وا دەبینیت کە دوای ئەوەی پۆشاکی لەشیان لە ڕابوردوودا لەبەر داماڵی، ئێستا لە جیهانی بەرزەخدا - کە هۆڵی پێشوازی کردنە - لە خۆشی و بەختەوەری و حەوانەوەدان. ئیتر بە ڕوانینێکی پڕ لە تاسە و بێ پەژارە و ئازار، تەماشای گۆڕستان دەکەیت.

خۆشەویستیشت بۆ شتە جوان و کاروبارە پاکەکان، مادەم لە پێناوی خوای گەورە و ناسینی بەدیهێنەری مەزنیاندایە و بە ڕادەیەکە هانت دەدات کە بڵێیت: (چەندە جوان بەدی هێنراوە)! ئەم خۆشەویستی‌یە - خۆی لە خۆیدا - بیرکردنەوەیەکی بەلەزەتە، جگە لەوەی کە ڕێ لە بەردەم خۆشەویستی و تاسەمەندیی جوانیدا والا دەکات، تاکو بۆ چەندین پلەی تام و چێژی بڵند و بەرز بڕوانێت و، لەوێ گەنج و سامانە بەنرخەکانی ئەو گەنجینانەت پیشان دەدات، ئیتر مرۆڤ لەوێ بە کەیف و شادی‌یەکی بەرز سەرنجی ئەو گەنجینانە دەدات..

چونکە ئەم خۆشەویستی‌یە، چەندین ئاسۆ لە بەردەم "دڵ"دا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕوانینی دڵ لە سەیرکردنی شوێنەوارەکانی بەدیهێنەری مەزنەوە بگوێزێتەوە بۆ بینینی جوانیی کاروبارە ناوازەکانی ئەو بەدیهێنەرە و، لە جوانیی کاروبارەکانیەوە بۆ جوانیی ناوەکانی و، لە جوانیی ناوەکانیەوە بۆ

جوانیی سیفەتە مەزنەکانی و، لە جوانیی سیفەتە مەزنەکانیەوە بۆ جوانیی زاتی پاك و پیرۆزی بەدیهێنەری ئاراستە بکات.

ئەم خۆشەویستی‌یە بەم ڕێگایە، پەرستنێکی بەلەزەتە و لە هەمان کاتیشدا بیرکردنەوەیەکی بەرزی گەلێ بەتامە.

خۆشەویستیشت بۆ "لاوی" مادەم لەبەر ئەوەیە کە نیعمەتێکی جوانی خوای گەورەیە، ئەوا دیارە لە پەرستنی خوادا بەسەری دەبەیت و، بە نوقم بوون لە گوناه و نەفامیدا ئەو سەردەمەی ژیانت ناکوژیت. چونکە ئەو پەرستنانەی لە تافی لاویدا بە دەستیان دەهێنیت، چەند بەروبوومێکی پێگەیشتووی هەمیشەیین کە ئەو سەردەمە فانی‌یە بەرهەمی هێناون.

جا هەتا لەو قۆناغەی ژیانت دوور بکەویتەوە و بەساڵدا بچیت، پتر بەرهەمی نەبڕاوەی ئەو سەردەمەت دەست دەکەوێت و، وردە وردە لە بەلاکانی دەروونی بەدخواز و گوناهباری‌یەکانی هەڵەشەیی لاوی ڕزگارت دەبێت و، لە دەرگانەی خوای گەورەی بە توانادا ئومێدەواری ئەوە دەبیت کە لە پیریدا بۆ دەستکەوتنی پەرستنی زیاتر پشتگیری و سەرکەوتووت بکات. ئیتر هەرگیز بێزت نایەت وەك ئەو بێ ئاگایانە وابیت کە پەنجا ساڵ لە تەمەنی پیریی خۆیان بە خەم و پەشیمانیی نەمانی لەزەت و خۆشیی پێنج و دە ساڵی لاوی‌یان بەسەر دەبەن، ئەو پەشیمانی و خەم و خەفەتەی کە شاعیرێك بەم دێڕە شیعرە دەری بڕیوە کە دەڵێت:

أَلا ليتَ الشبابَ يعودُ يوماً فأُخْبِرَهُ بِمَا فَعَلَ الْمَشيبُ[1]

خۆشەویستیشت بۆ دیمەنە جوانەکان، بە تایبەت دیمەنەکانی بەهار، لەبەر ئەوەی لە دیدگای سەیرکردنی سنعەتە جوان و ناوەزەکانی خوای

(١) کورد لە واتای ئەم بەیتە شیعرە عەرەبی‌یەدا وتوویەتی:

خۆزگا گەنجی‌یەکەم ئەگەڕا دواوە گلەیی پیریم ئەکرد بەلاوە

گەورەوەیە، ئەوا تەواوبوون و بەسەرچوونی ئەو بەهارە هەرگیز لەزەتی بینین و سەیرکردنی نافەوتێنێت، بەڵکو واتا ڕەنگین و قەشەنگەکانی پشت پەردەی ئەو بەهارەت بۆ بەجێ دەهێڵێت، چونکە وەرزی بەهار، وەك نامەیەکی ڕەنگینی پەروەردگار وایە کە لە ڕووی بوونەوەراندا دەکرێتەوە.

جا هەریەك لە "کات" و "ئەندێشە"ت وەکو فلیمی سینەما وان، ئەو لەزەتی سەیرکردنەت بە هەمیشەیی و بەردەوامی بۆ دەهێڵنەوە و، هەردەم واتاکانی ئەو نامەیەی بەهارت بۆ نوێ دەکەنەوە.

کەواتە خۆشەویستی‌یەکەت "کاتی" و "نغرۆ"ی دەریای خەم و پەژارە نابێت، بەڵکو خۆشەویستی‌یەکی ساف و بێگەرد و بەتام و لەزەت دەبێت.

خۆشویستنی دنیاشت، لەبەر ئەوەی بۆ خوای گەورە و لە پێناوی ئەودایە، ئەوا بوونەوەرە سامناکەکانی ناوی بۆتۆ دەبن بە هاوڕێ و هاودەم.

ئنجا لەبەر ئەوەش دنیات لەو ڕووەوە خۆش دەوێت کە مەزرای دواڕۆژە، ئەوا دەتوانیت لە هەموو شتێکی ناویدا بەرهەمی وای لێ بچنیت کە بشێت بە یەکێك لە بەروبوومەکانی ئاخیرەت دابنرێت، یان شتێکی ئەوتۆی لێ قازانج بکەیت کە ببێت بە سەرمایەیەك بۆ دواڕۆژت. کەواتە گیروگرفتەکانی دنیا تۆ ناترسێنن و، نەمان و لەناوچوونیش بێزارت ناکەن.

بەم جۆرە ماوەی مانەوەت لە دنیادا وەك میوانێکی بەڕێز بەسەر دەبەیت.

بەڵام ئەگەر خۆشەویستیت بۆ دنیا وەك هی بێ ئاگایان وا بێت، مانای وایە - وەك چەندین جار پێمان وتوویت - لەناو خۆشەویستی‌یەکی بکوژی خنکێنەری لەناوچووی بێ سووددا خۆت نوقم دەکەیت، تا لە ئەنجامدا لەناودەچیت!

بەم چەشنە.. تێکۆشاین کە یەك لە سەدانی ئەو سوودە ناسکانە باس بکەین کە دەگەڕێنەوە بۆ خۆشویستنی ئەوانەی باست کردن، کاتێ بە ڕێنمایی

قورئانی پیرۆز خۆشت بوێن. لە هەمان کاتیشدا ئاماژەمان بۆ یەك لە سەدانی ئەو زیانانە کرد کە ئەگەر ئەو خۆشەویستی‌یە بەپێی فەرمانی قورئانی پیرۆز نەبێت.

پاشان.. ئەگەر دەتەوێت ئەنجامەکانی ئەم خۆشەویستی‌یە جۆراوجۆرانە لەودنیا و جیهانی دواڕۆژدا بزانیت، وەك ئەوەی کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئاماژەیان پێ داوە، ئەوا بە کورتی لە نێوان سوودەکانی ئەو خۆشەویستی‌یە جۆراوجۆرە ڕەوایانەدا یەك سوودت بۆ ڕوون دەکەینەوە، ئەمەش لە "نۆ" ئاماژەدا، دوای ئەوەی کە پێشەکی‌یەکی لە پێشدا بۆ باس دەکەین.

پێشەکی

خوای گەورە، بە: خوایەتیی مەزن و، میهرەبانیی جوان و، پەروەردگاریی گەورە و، بەزەیی بەخشندانە و، توانای مەزن و، دانایی نەرمونیانی خۆی، ئەم مرۆڤە بچووکەی بە چەندین هەست و شعووری تابلێی زۆر ئارایشت داوە و، بە ئەندام و ئامێری گەلێ جۆراوجۆری زۆریش ڕازاندوویەتەوە، تاکو هەستی بە چینەکانی بەزەییە فراوانەکەی پێ بکات و، جۆرەکانی نیعمەتە لەژمارەبەدەرەکانی خۆی پێ بچێژێت و، بەشە لەبن نەهاتووەکانی چاکەکاری‌یەکانی خۆی پێ بناسێنێت و، لە ڕێی ئەو ئامێر و ئەندامە زۆرانەوە جۆرە بێ سنوورەکانی درەوشانەوەی هەزار و یەك ناوی خۆی پێ پیشان بدات، ئنجا مرۆڤیش بە باشی ڕێزی شایانیان لێ بگرێت.

هەریەك لەو ئەندام و ئامێرە زۆرانەی مرۆڤ، چەندین کار و فرمانی جۆراوجۆر و پەرستنی جیاجیایان هەیە و، لەزەت و ئازار و پاداشتی هەریەکەشیان لەوانی تر جیاوازە.

بۆ نموونـە: "چـاو" جوانیـی وێنـەکان و موعجیزاتی توانستی قەشـەنگ و جوانی خوای گەورە لـە جیهانی بینراو(عالم الشهادة)دا دەبینێت، ئیـتر لـێرەدا بەو شـوکرانەبژێریـیەی کـە لـە ڕێـی سـەیر کردنی پڕ لـە دەرس و پەندەوە دەری دەبڕێت، کار و فرمانی خۆی بەجێ دەهێنێت.

خۆ لەزەتی بینین و ئازاری نەمانی ئـەو لەزەتـە لـە هیـچ کەسێك شـارراوە نییە، کەواتە پێویست بە پێناساندنی ئەو لـەزەت و ئازارە ناکات.

نموونەیەکی تر: "گوێ" هەست بە نەرمونیانیی میـهرەبانیی خـوای گـەورە دەکات کە لـە جیـهانی شتە "بیسـتراوەکان"دا هـەن، لـە ڕێـی بیستنی هـەموو جۆرە دەنگ و ئاوازە ناسك و خۆشە جیاجیاکانەوە.

کەواتە "گوێ" پەرستن و، ئازار و، پاداشتی تایبەتیی خۆی هەیە.

نموونەیەکی تر: هەستی "بۆنکـردن" کـە هەسـت بـە نـەرمونیانی و جوانیـی میهرەبانیی خوای گەورە دەکات کە لە بۆنی جۆرەهای جـۆری عـەتر و بـۆی خۆشەوە پەیدا دەبێت.

کەواتە ئـەویش لـە چوارچێوەی شـوکرانەبژێریی تایبـەتیی خۆیـدا لـەزەتی تایبەتیی هەیە و، بێ هیچ گومانێك پاداشتی تایبەتیشی هەیە.

نموونەیەکی تر: هەسـتی "چەشـتن" کـە لـە دەمدایـە، کـار و فرمـانی خۆی بەجێ دەهێنێت و شـوکرانەبژێریی مەعنـەویی خـۆی بـە چـەندەها جـۆر ئـەنجام دەدات، لە ڕێی هەست کردنیەوە بە تـام و چێـژ و لـەزەتی هـەموو جۆرەکـانی خواردەمەنی.

بەم چەشنە.. هەریـەك لـە ئـامێر و هەسـت و ئەندامـەکان و، یـەك بـە یـەکی لایەنـە ناسـکە گرنگـەکانی مـرۆڤ وەك: دڵ و گیـان و جگـە لەمانــەش، فەرمانبەریی جیاجیـا و لـەزەتی جۆراوجۆری تایبـەتیی خۆیـان هەیـە، خۆ بێ

هیچ گومانێك ئەو خواوەندەی كە ئەم هەموو ئامێرانەی لەو فەرمانبەری‌یانەدا خستووەتەكار، پاداشتی گونجاوی هەموو یەكێكیان دەداتەوە.

ئەنجامە دنیایی و زۆرەكانی ئەو جۆرە جیاجیایانەی خۆشەویستی - كە باس كران - هەموو مرۆڤێك لە خۆیدا هەستیان پێ دەكات و، بە چەشنێكی بێ گومان و ڕاست، دڵنیایە لەم هەستكردنەی خۆی.

ئەنجامەكانی سەر بە دوارۆژیشیان، "دوازدە" ڕاستیی درەخشانی پەیامی "حەشر" و، "شەش" بنچینەی ڕوونی پەیامی "مەلائیكەت" چەسپاندوویانە.

ڕوونكردنەوەی دووردرێژی ئەم ئەنجامانەش، بە جۆرێكی گومانبڕ و بە دەقی قورئانی پیرۆز چەسپاوە، كە ڕاستترین گوفتار و ڕەوانترین ڕێسایە و گوفتاری خواوەندی پادشای بەدەستەڵاتی بە هەموو شت ئاگایە. چونكە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز، چ بە ڕاستەوخۆ و ڕاشكاوی چ بە ئاماژە و هێما، ئەمەیان چەسپاندووە. لەبەر ئەوە، بە پێویستی نازانین بەڵگەی دوور و درێژ لەم ڕووەوە بهێنینەوە. دەبێ ئەوەش بزانین كە لە چەند "وتە"یەكی تر و لە مەقامی دووهەمی عەرەبیی پەیامی "بەهەشت"دا، كە "وتەی بیست و هەشتەم"ە و، لە پەیامی "مەلائیكەت"دا، كە "وتەی بیست و نۆهەم"ە، بەڵگەی گەلێ زۆر و زەبەندەمان لەسەر هێناوەتەوە.

❖ ئاماژەی یەكەم:

ئەنجامی "دوارۆژ" بۆ خۆشویستنی ڕەوا و هاودەمی شوكرانەبژێری، بۆ خواردەمەنی و میوە خۆش و بەلەزەتەكانی دنیا، ئەو خواردەمەنی و میوە بەلەزەتانەیە كە شایانی بەهەشتی هەمیشەیین، وەك دەقی قورئانی پیرۆز ڕایدەگەیەنێت..

ئەم خۆشەویستی‌یە - لە ڕاستیدا - خۆشەویستی‌یەكی پڕ حەز و تاسەیە بۆ بەهەشت و میوەكانی، بە ڕادەیەك ئەو میوەیەی لەم دنیایەدا دەیخۆیت و

"الحمد لله"ی لەسەر دەکەیت، لە بەهەشتدا دەبێت بە میوەیەکی بەرجەستەی خاوێن و پێشکەشت دەکرێت. کەواتە تۆ لێرە "میوە" دەخۆیت و لەوێیش "الحمد لله" نۆش دەکەیت لە شێوەی میوەیەکی بەرجەستەی بەهەشتدا!

جا لەبەر ئەوەی خواردەمەنی و میوەکان کە لێرە دەیانخۆیت، نیعمەت بەخشین و ئاوڕدانەوەی پەروەردگاریان تێدا دەبینیت و، بەم کارەشت شوکرانەبژێریی مەعنەوییان لەسەر پێشکەش دەکەیت، ئەوا لە بەهەشتدا بۆت دەبن بە خواردەمەنی و میوەی خۆش و پێشکەشت دەکرێن، وەك بە دەقی فەرموودەی پیرۆز و ئاماژەکانی قورئان چەسپاوە و، دانایی و میهرەبانیی فراوانی خوای گەورەش داخوازیەتی.

❖ **ئاماژەی دووهەم:**

خۆشویستنی ڕەوای "نەفس"(دەروون) واتە: خۆشویستنی لە دنیادا لەسەر بناغەی: بینینی کەموکووڕییەکانی نەك چاکییەکانی و، هەوڵدانی پێگەیاندن و چاودێری و پاکژکردنی بە شەفەقەت و میهرەبانی و، هاندانی بۆ ڕێی خێر و چاکە.. ئەنجامی ئەو خۆشەویستییە کە بەم چەشنە بێت، ئەوەیە کە بەدیهێنەری مەزن لەودنیادا چەندین خۆش ویستراوی ئەوتۆی پێ دەبەخشێت کە شایانی ئەو نەفسە و بەهەشت بێت..

چونکە ئەو "نەفس"ەی لە دنیادا لە پێناوی خوای گەورە وازی لە هەوا و ئارەزووی خۆی هێناوە و، ئەندام و ئامێرە جۆراوجۆرەکانیشی بە باشترین و تەواوترین شێوە بەکار هێناوە، خواوەندی بەدیهێنەری بەخشندە لە پاداشتی ئەو خۆشەویستییە ڕەوا و ئاوێتەی خواپەرستییەدا، بە "حور العین" پاداشتی دەداتەوە کە لە حەفتا چەشنی پۆشاکی بەهەشتدا خۆیان دەنوێنن. ئەو بەهەشتەی کە دارای چەندین جۆری جوانی و ناسکی و نەرمونیانییە و، ئەو حۆرییانەش کە خاوەنی حەفتا جۆری جوانین، بە ڕادەیەك کە دەڵێی هەر بۆ

خۆیان بەهەشتێکی بەرجەستەی بچووکن و گیانیان بە بەردا کراوە، تاکو چاوی ئەو "نەفس"ەی پێ بگەشێتەوە کە گوێڕایەڵیی خوای گەورەی کردووە و، ئەو هەستانەشی پێ بسرەوێت کە ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە بوون.. ئەم ئەنجامە هیچ گومانێکی تێدا نییە، چونکە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە دڵنیایی ڕایدەگەیەنن.

پاشان ئەنجامی خۆشەویستیی "لاوی"، واتە ئەنجامی بەکارهێنانی هێز و هەرەتی تافی لاوی لە پەرستن و تەقوادا: لاوییەکی هەمیشەییە لە خانەی مانەوە و نیعمەتی بەردەوامی بەهەشتدا.

❖ ئاماژەی سێهەم:

ئەنجامی دواڕۆژیش بۆ "خۆشەویستیی هاوسەری ژیان" کە لەسەر بناغەی ڕەوشت جوانی و شەفەقەتە نەرمونیانەکەی خۆشت بوێت، ئەو خۆشەویستییەی کە لە سەرپێچی و گوناهباری بیپارێزێت، ئەنجامی ئەم خۆشەویستییە ئەوەیە کە ئەو هاوسەرە باشە لە بەهەشتدا دەبێت بە خۆشەویست و هاوڕێی ڕاست و هاودەمی دڵدەرەوەی مرۆڤ.. هەروەها جوانی و قەشەنگی و ڕازاوەیی ئەو لە بەهەشتدا گەلێ لە هی "حور العین" دڵگیرتر و قەشەنگتر دەبێت و، لەگەڵ مێردەکەیدا بە خۆشی و کامەرانی دەدوێن و ڕووداوەکانی ڕۆژگارانی پێشوویان یاد دەکەنەوە.. خواوەندی میهرەبانی بەخشندە ئاوا بەڵێنی داوە، خۆ مادەم بەڵێنی داوە، دەیباتەسەر.

❖ ئاماژەی چوارەم:

ئەنجامی خۆشەویستیی "دایك و باوك و منداڵ"یش ئەوەیە کە: هەرچەند ئەو خێزانە بەختەوەرە پلەکانی بەهەشتیان لە یەکتر جیاوازە، بەڵام خوای گەورەی بەخشندەی میهرەبان چاکەیان لەگەڵ دەکات و بە یەکتریان شاد دەکاتەوە، ئەوانیش لەگەڵ یەکتر دادەنیشن و گفتوگۆ دەکەن بە چەشنێك

کە شیاوی بەهەشت و خانە و لانەی هەمیشەیی بێت، وەك بە دەقی قورئان ئەمە چەسپاوە.

هەروەها ئەو منالآنەش کە پێش بالغ بوونیان لە دنیا کۆچیان کردووە، خواوەند نیعمەتی یاری و گەمە و گالتەکردن لەگەڵیاندا بە باوك و دایکانیان دەبەخشێت و، ئەو منالآنەیان بۆ دەکات بە منالی هەمیشەیی(ولدان مخلدون) لە جوانترین و خۆشەویستترین شێوەدا کە حەزی پێ بکەن..

بەمەش ئارەزووی گەمە و گالتەکردن لەگەڵ منالدا، کە لە ناخی سروشتی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە، دابین دەبێت. ئیتر تام و لەزەتێکی هەمیشەیی و بەردەوامی لە بەهەشتدا لێ دەچێژن، چونکە ئەو منالە بچووکانەی کە نەگەیشتوونەتە تەمەنێك هیچ تەکلیفێکیان لێ بکرێت، بە نەمری و هەمیشەیی لەگەڵیاندا دەمێننەوە.

زووتر وا گومان دەبرا کە لەبەر ئەوەی لە بەهەشتدا زاوزێ نی‌یە، ئەوا یاری و گالتە و گەپیشی لەگەڵ منالدا تێدا نی‌یە! بەلآم لەبەر ئەوەی کە بەهەشت باشترین لەزەتەکانی دنیای تێدایە، ئەوا دەبێ یاری و گالتە و گەپیشی لەگەڵ منالدا - بە باشترین و جوانترین شکڵ و شێوە - تێدا بێت.

کەواتە مژدەبێت لەو باوك و دایکانەی کە لە دنیادا جگەرگۆشە و کۆرپەکانیان کۆچیان کردووە!

❖ ئاماژەی پێنجەم:

ئەنجامی خۆشەویستیشت بۆ هاوڕێ و خزمە باشەکانت کە بە داخوازیی: "الحب في الله" خۆشت دەوێن، لەوەدایە کە لەودنیادا بەرامبەر یەکتری دادەنیشن و یادداشتەکانی زووتری ڕۆژانی دنیا و یادە جوانەکانتان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە و، کاتێکی خۆش و شاد بەم چەشنە گفتوگۆ و دانیشتنە بەسەر دەبەن، وەك بە دەقی قورئانی پیرۆز چەسپاوە.

❖ ئاماژەی شەشەم:

ئەنجامی خۆشویستنی پێغەمبەران - درووردیان لەسەر بێت - و ئەولیا و پیاوچاکانیش، وەك قورئانی پیرۆز ڕوونی دەکاتەوە، ئەوەیە کە: شەفاعەتی ئەو پێغەمبەرە بەڕێز و ئەولیا و پیاوچاکانەت لە جیهانی بەرزەخ و حەشری مەزندا دەست دەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی کە تۆ بەم خۆشەویستی‌یەت لە ڕێژنەی پلە بەرز و شیاوەکانی ئەوانەوە سوودمەند و بەهرەوەر دەبیت.

بەڵێ، دەقی فەرموودەی پیرۆز ڕایدەگەیەنێت کە: "المرء مع من أحب"[١]. کەواتە مرۆڤ دەتوانێت بە پەیوەندیی خۆشەویستی و شوێنکەوتنی خۆشەویستەکەی، بگات بە بلندترین پلەی ئەو خۆشەویست و هاوەڵەی خۆی.

❖ ئاماژەی حەوتەم:

خۆشویستنی شتە جوانەکان و بەهاریش، واتە بۆڕوانینیان لەو ڕوانگەیەوە کە دەڵێت: (چەندە جوان دروست کراوە) و، ئاراستە کردنی ئەو خۆشەویستی‌یەت بۆ ئەو جوانی‌یانەی وان لە پشتی ئەو شتە جوانەوە، هەرووەها بۆ جوانیی کردار و ڕێکوپێکی‌یان و بۆ جوانیی درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورە کە لە پشتی ئەو کردارانەوەن و، بۆ درەوشانەوەی سیفەتە مەزنەکان کە لە پشتی ئەو ناوە جوانانەوەن... هتد بەم پێیە تا دەڕوات.. ئەنجامی ئەم خۆشویستنە ڕەوایە:

بینینی جوانی‌یەکی ئەوتۆیە کە هەزاران ئەوەندەی ئەو جوانی‌یە بلندەی کە لە بەدیهێنراواندا بینیت بەرز و بالاترە. واتە بینینی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خوای گەورە و جوانیی سیفەتە مەزنەکانیەتی، بە چەشنێك

(١) رواه البخاري، كتاب الأدب.

شیاوی بەهەشت بێت. ئەمەش لە ڕادەیەکی وادایە کە ئیمامی ڕەببانی - خوا لێی ڕازی بێت - فەرموویەتی: (جوانی و نەرمی و ناسکیەکانی بەهەشت، لە ڕاستیدا، وێنە و تیشکدانەوەی ناوە جوانەکانی خوای گەورەن). ئنجا تۆیش فەرموو بیری لێ بکەرەوە!

❖ ئاماژەی هەشتەم:

خۆشەویستیی ڕەوا و شیاوت بۆ دنیا، واتە ئەگەر دنیات لەگەڵ بیرکردنەوەدا لە دوو ڕووە جوانەکەی خۆش بوێت کە بریتین لەوەی "کێڵگەی دواڕۆژە" و "ئاوێنەی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خوای گەورەیە"، ئەنجامی دواڕۆژی ئەم خۆشەویستییە ئەوەیە کە:

لەودنیادا بەهەشتێکی ئەوەندە فراوانت پێ دەبەخشرێت کە جێی هەموو ئەم دنیایەی تێدا دەبێتەوە، بەڵام وەکو ئەم دنیا نییە، واتە لەناو ناچێت، بەڵکو هەمیشەیی و بەردەوامە. ئنجا لە ئاوێنەکانی ئەو بەهەشتەدا درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خوای گەورەشت - کە لە دنیادا هەندێکت لە سێبەرە لاوازەکانی بینی - بە ڕەنگینترین درەخشانی و جوانی پیشان دەدرێن.

پاشان خۆشەویستیی دنیا لەو ڕووەوە کە "کێڵگەی ئەودنیایە" واتە بەو حسابەی کە دنیا شەتڵگایەکی گەلێ بچووکە بۆ چاندنی ئەو تۆوانەی لە دواڕۆژدا بەر دەگرن، ئەنجامی ئەم خۆشویستنەی کە لەم ڕووەوەیە:

میوە و بەروبوومی بەهەشتێکە کە جێی هەموو دنیای تێدا دەبێتەوە، چونکە سەرجەمی ئەو هەست و شعوورانەی کە لە دنیادا بۆ مرۆڤ وەکو تۆوی بچووك وابوون، لەو بەهەشتەدا هەموویان بە تەواوی دەپشکوێن و سەر دەردەهێنن و، تۆوە بچووکەکانی توانا و لێهاتن و ئامادەییە سروشتییەکانی ناخی مرۆڤیش لەوێ وەك گوڵەگەنم دەمیان بە گوڵ دەکەنەوە و هەموو جۆرەکانی لەزەت و کەماڵات لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن..

ئەم ئەنجامە بەپێی داخوازیی میهرەبانیی فراوان و دانایی ڕەهای خوای گەورە، ئەنجامێکی ڕەوا و سەلمێنراوە. جگە لەوەش کە بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ و ئاماژەکانی قورئانی پیرۆزیش چەسپاوە.

جا لەبەر ئەوەی تۆ دنیات لەبەر ئەو ڕووە چەپەڵ و خراپەی خۆش نەویستووە کە سەرچاوەی هەموو تاوانێکە، بەڵکو خۆشەویستی‌یەکەت ئاراستەی دوو ڕووەکەی تری کردووە، واتە ئەو خۆشەویستی‌یەت بۆ دنیا ڕووی لە "ناوە جوانەکانی خوا" و "دواڕۆژ"ە و لە پێناوی ئەم دوو ڕووەیدا پەیوەندیت لەگەڵدا بەستووە و، بە نیازی خواپەرستی ئەو دوو ڕووەی ئەوت ئاوەدان کردووەتەوە، کە ئەمەش لە ڕادەیەکدایە وەك ئەوەی پڕ بە هەموو دنیا خواپەرستیت کردبێت..

ئەوا بزانە ئەو پاداشتەی کە لەم خۆشەویستی‌یەوە دەستت دەکەوێت دەبێ لەم دنیایە گەلێ فراوانتر بێت. ئەمەش شتێکە میهرەبانی و دانایی خوای گەورە داخوازیەتی.

پاشان مادەم ئەم خۆشەویستی‌یەت لەبەر خۆشەویستیی قیامەت بووە و دنیات کردووە بە کێڵگەیەك بۆ دواڕۆژ و، خوای گەورەت لەگەڵدا خۆش ویستووە و، دنیات بە ئاوێنەیەك زانیوە بۆ پیشاندانی ناوە جوانەکانی.. ئەوا بێ هیچ گومانێك دەبێ لە بەرامبەر و لە پاداشتی ئەم خۆشەویستی‌یەدا، خۆش ویستراوێك دابنرێت کە لەم دنیایە فراوانتر بێت. دیارە ئەو پاداشتە جگە لەو بەهەشتەی کە لە ئاسمانەکان و زەوی فراوانترە، هیچی تر نی‌یە.

پرسیار: چ سوودێك هەیە لەو بەهەشتەدا کە بە ئەندازەی دنیا فراوان بێت؟

وەڵام: ئەگەر بتوانیت بە خێرایی ئەندێشە بە هەموو هەرێم و لایەکی گۆی زەویدا بڕۆیت و، پاشان سەر لە زۆربەی ئەستێرەکانی ئاسمان

بدەیت، ئەوا دەڵێت: (هەموو جیهان هی منە). ئەم بڕیارەشت ڕێ لە بوونی مەلائیکەت و خەڵکانی تر و زیندەوەران ناگرێت کە لەم جیهانە فراوانەدا لەگەڵتدان.. بە هەمان جۆر دەتوانیت بڵێیت: (ئەو بەهەشتە هی منە) با پڕیش بێت لە کەسانی تر کە دەچنە ناویەوە.

لە پەیامی "بەهەشت"دا کە وتەی بیست و هەشتەمە، هەروەها لە پەیامی "ئیخلاس"دا ئەو فەرموودەیەمان ڕوون کردووەتەوە کە دەفەرموێ:

(بەهەشتی هەندێ کەس فراوانییەکەی پێنج سەد ساڵە).

❖ ئاماژەی نۆهەم:

ئەنجامی ئیمان بە خوای گەورە و خۆشویستنی:

بینینی جوانیی خاوێن و کەماڵی بەرز و پاکی زاتی مەزنی خوای گەورەیە، وەك بە فەرموودەی "صەحیح" چەسپاوە[1]. سەعاتێکی ئەم بینینە، هەزار هەزار ساڵی نیعمەتەکانی تری بەهەشت دەهێنێت[2]، کە سەعاتێکی ئەو نیعمەتانەی بەهەشتیش هەزار هەزار ساڵی خۆش گوزەرانیی دنیا دەهێنێت. وەك بە یەکدەنگی لای زانایان و ئەهلی کەشف چەسپاوە.

---

(١) عن أبي هريرة رضي الله عنه أن ناساً قالوا: يا رسول الله هل نرى ربنا يوم القيامة؟ فقال رسول الله ﷺ: هل تضارون في رؤية القمر ليلة البدر؟ قالوا: لا يا رسول الله. قال: هل تضارون في الشمس ليس دونها سحاب؟ قالوا : لا. قال: فإنكم ترونه كذا. فەرموودەکە بە درێژی ئیمامی بوخاری و ئیمامی موسلیم ڕیوایەتیان کردووە.

(٢) لە دەقی فەرموودەدا هاتووە کە: "...قال: فيكشف الله تبارك وتعالى تلك الحجب، ويتجلى لهم، فيغشاهم من نوره شيء لولا أنه قضى عليهم أن لا يحترقوا لاحترقوا مما غشيهم من نوره. قال: ثم يقال لهم ارجعوا إلى منازلكم. قال فيرجعون إلى منازلهم وقد خفوا على أزواجهم وخفين عليهم مما غشيهم من نوره تبارك وتعالى. فاذا صاروا إلى منازلهم تراد النور وأمكن حتى يرجعوا إلى صورهم التي كانوا عليها. قال فتقول لهم أزواجهم: لقد خرجتم من عندنا على صورة، ورجعتم على غيرها؟ قال: فيقولون: ذلك بأن الله تبارك وتعالى تجلى لنا فنظرنا منه ما خفينا به عليكم..."(رواه البزار- بڕوانە: الترغيب والترهيب للمنذري ج٤/ص ٥٥٦- پەراوێزی دانەر خۆیەتی. واتای فەرموودەکەی هێناوە، ئێمە دەقەکەیمان هێنا).

بەم نموونەی خوارەوە دەتوانیت ڕادەی ئەو شەوق و تاسەمەندی و ئارەزووە توند و بەتینە لێك بدەیتەوە كە بۆ بینینی ئەو جوانی‌یە خاوێن و كەماڵە بەرز و پاكە لە سروشتی مرۆڤدا قوڵپ دەدات و لە جۆش و خرۆشدایە:

هەموو مرۆڤێك لە هەست و دەروونی خۆیدا حەزێكی بەتینی تێدایە بۆ بینینی حەزرەتی سلێمان - دروودی خوای لەسەر بێت - كە "كەماڵ"ی پێ بەخشرا بوو.. هەروەها هەستیش بە تاسەمەندی‌یەكی گەرموگوڕ دەكات بۆ بینینی حەزرەتی یوسف - دروودی خوای لەسەر بێت - كە بەشێكی "جوانی"ی پێ سپێردرابوو..

ئایا دەبێ حەز و ئارەزوومەندیی مرۆڤ چەندە بێت بۆ بینینی "جوانی"یەكی خاوێن و "كەماڵ"ێكی بەرز و پاك، كە بەهەشتی هەمیشەیی بە هەموو جوانی و نیعمەت و كەمالاتێكیەوە، كە چەندەها جاری لەژمارەبەدەر لە "جوانی" و "كەماڵ"ی دنیا بەرزترە، یەكێكە لە درەوشانەوەكانی ئەو جوانی و كەماڵە؟

اللهم ارزقنا في الدنيا حبَّك وحبَّ ما يقربنا إليك، والإستقامةَ كما أمرت، وفي الآخرة رحمَتَك ورؤيتَك.

﴿سبحانك لا علمَ لنا إلاّ ما علّمْتَنا إنكَ أنتَ العليمُ الحكيمُ﴾.

اللهم صلِّ وسلِّمْ على من أرسلْتَه رحمةً للعالمين، وعلى آلـه وصحبـه أجمعين. آمين.

مەکتووبی حەڤدەهەم:

پرسەی منالێك

باسمه سبحانه

﴿وَإنْ مِنْ شَيءٍ إلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

بۆ برای ئازیزی ئاخیرەتم، بەڕێز: "حافظ خالید"!

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَبَشِّــرِ الصَّابِرِينَ ۞ الَّذينَ إذا أَصابَتْهُمْ مُصيبَةٌ قالُوا إنَّا للهِ وَإنَّا إلَيْهِ راجِعُونَ﴾ (البقرة:١٥٥–١٥٦)

برام!

هەواڵی مردنی منالەکەتان گەلێ ئازاری دام. بەڵام هەموو فەرمانێك بە دەستی خوای گەورەیە. ڕازی بوون بە قەزا و تەسلیم بوون بە قەدەری ئەو، درووشمی موسڵمانێتی‌یە.

لە خوا دەپاڕێمەوە ئارامی‌یەکی ڕەنگینتان پێ ببەخشێت و، منالەکەتان بۆ بکات بە پشتگیر و تکاکار لە ڕۆژی دواییدا.

وا لێرەدا بۆ ئێوە و بۆ هەموو موسڵمانێکی خاوەن تەقوا و لە خوا ترس، پێنج خاڵی وا باس دەکەین کە مزگێنی‌یەکی خۆش و دڵدانەوەیەکی ڕاستەقینەیان تێدا بێت:

● **خاڵی یەکەم:**

واتا و نهێنیی ئایەتی پیرۆزی: ﴿وِلْدانٌ مُخَلَّدُون﴾ بەم جۆرەیە:

منالّی ئیمانداران کە پێش بالّغ بوونیان کۆچی دواییان کردووە، لە بەهەشتدا بە خۆشەویستی دەمێننەوە و هەتاهەتایی دەبن بە شێوەیەك کە شیاوی بەهەشت بێت و، دەبن بەهۆی دڵخۆشی بۆ دایکان و باوکانیان کە ڕۆشتوونەتە بەهەشت و، ناسکترین چێژی هەمیشەیی بۆ ئەو دایك و باوکانە دابین دەکەن کە بریتی‌یە لە خۆشەویستی و دواندنی منالّ.

جا لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی خۆش و بەلەزەت لە بەهەشتدا هەیە، ئەوا ئەو وتەیە ڕاست نی‌یە کە دەڵێ: (لەبەر نەبوونی زاوزێ لە بەهەشتدا، خۆش ویستنی منالّیشی تێدا نی‌یە و، گەمە و گاڵتەش لەگەڵیاندا لەوێ دەست ناکەوێت)..

نەخێر.. ئەم وتەیە ڕاست نی‌یە. چونکە خۆشەویستیی منالاّن - کە دەسکەوتێکی گەورەیە - و گەمە و گاڵتە کردن لەگەڵیاندا، بە ملیۆنەها ساڵ لە بەهەشتدا، بەوپەڕی ڕێکوپێکی و دوور لە هەموو تاریکی و لێڵی‌یەك بەردەوام دەبێت، لە بریی ئەو دە ساڵە کورت و پڕ ئەشکەنجە و ئازارەی کە لە دنیادا لەگەڵیان دەبرێتە سەر.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە ڕستەی: ﴿وِلْدانٌ مُخَلَّدُون﴾ هەموو ئەم واتایانەمان پێ ڕادەگەیەنێت و، ئەمەش دەبێتە مزگێنی‌یەکی گرنگ بۆ باوەڕداران و بەختیاری‌یەکە بۆ دواڕۆژیان.

● **خاڵی دووهەم:**

سەردەمێك پیاوێك لە بەندیخانەدا بوو. ماوەیەکی زۆری نەخایاند کوڕە خۆشەویستەکەشیان خستە لای! ئیتر جگە لە ئازاری تایبەتیی خۆی، ئازاری

کوڕەکەشی و نەتوانینی داپین کردنی حەوانەوەی، ئـەوەندەی تر ئازارەکـەی ئەوی زیاد کردبوو..

فەرمانڕەواکەش، لەبەر ئەوەی زۆر میهرەبان بوو، مرۆڤێکـی نـارد بـۆ لای ئەم پیاوە کە پێی بڵێت:

(هەرچەند ئەم منالە کوڕی تۆیە، بەڵام لـە هـەمان کـاتدا یەکێکـە لـە دانیشـتووانی وڵاتەکـەم و گەلەکـەم. وا ئێسـتا دەیبـەم بـۆ لای خـۆم و لـە کۆشکێکی گەورەی ڕەنگین و ڕازاوەدا پەروەردەی دەکەم).

باوکە بەندکراوەکەش کە ئەمەی بیست، دەستی دایە گریـان و ئـاخ و ئۆف کردن و خەفەت خواردن.. پاشان وتی:

(نـەخێر، ناتاندەمـێ.. چونکـە ئـەم کـوڕە هـۆی دڵنەواییمـە لـەم بەندیخانەیەدا)!

هاوەڵەکانی بەندیخانەی پێیان وت:

(برادەر! هیـچ پێویسـت بـە خـەم خـواردن ناکـات و خەفـەتیش دادی تـۆ نادات. ئەگەر تۆ خەمی کوڕەکەتـە، ئـەوا ئـەو بـۆ کۆشـکێکی بـەرینی ڕازاوە دەڕوات لە بریی مانەوەی لەم بەندیخانە تەنگ و نالەبار و ڕزیوەدا. خۆ ئەگـەر خەمی خۆشتە و بە دوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆتـدا دەگـەڕێیت، ئـەوا بـاش بزانە کـە ئەگـەر کوڕەکـەت لـێرەدا بـۆ مەبەستی دڵدانـەوە و خـەمڕەوێنیی تـۆ بمێنێتەوە - کـە ئەمـەش سـوودێکی کاتییـە و لەوانەیشـە هـەرگیز نەیەتـەدی - تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبێت.

بەڵام ئەگەر بڕواتـە ئـەو کۆشـکەی پادشـا، دەبێـت بـە هـۆی دەسـتکەوتنی هەزاران سوود بۆتۆ، چونکە مانـەوەی ئـەو لـەوێ، دەبێتـە تکاکـارت و هـۆی جووڵاندنی بـەزەیی فـەرمانڕەوا سـەبارەت بـە تـۆ، ئیـتر ڕۆژێـك دێتـە پێـش کـە فەرمانڕەوا حەز بکات لەگەڵ کوڕەکەتدا بە یەکتر شاد ببنەوە. خۆ گومانیشی

تێدا نی‌یە کوڕەکەت نانێرێتەوە بەندیخانە بۆ لای تۆ، بەڵکو تۆ دەردەکات و دەتباتە ناو ئەو کۆشکە و، لەوێ بە دیتنی شاد و بەختەوەر دەبیت.. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی پادشا بیت و باوەڕت پێی هەبێت).

ئێستاش برای ئازیزم!

دەبێ باوەڕدارانی هاووێنەی تۆ لە ڕۆشنایی ئەم نموونەیەوە بیر بکەنەوە کاتێ منالێکیان کۆچی دوایی دەکات. واتە دەبێ بەم جۆرە بیر بکەنەوە:

(ئەم منالە بێ گوناه و پاکە.. بەدیهێنەریشی تابلێی خاوەنی بەزەیی و میهرەبانە.. میهرەبانی و چاودێریی ئەو خواوەندە گەورە و میهرەبانەش بردیەوە بۆ لای خۆی لە بریی ئەو دڵسۆزی‌یە کورت و پەروەردە کەموکووڕەی من و، لە بەندیخانەی ئێش و ئازار و بەڵای دنیا دەربازی کرد و ناردی بۆ بەهەشتە گەورە و ڕازاوەکەی خۆی.. خۆزگەم بە خۆی! چەندە بەختیارە! یاخوا پیرۆز و نۆشی گیانی بێت! کێ دەزانێت گەر لێرە بمایەتەوە چیی دەکرد؟ هەڵسوکەوتی لەم دنیایەدا چۆن دەبوو؟ هەر لەبەر ئەوەشە کە خەفەتی بۆ ناخۆم و بە بەختەوەری دەزانم.

ماوەتەوە بیرێك لە سوودی تایبەتیی خۆم بکەمەوە.

بەڵێ، ئەگەر بمایە، ئەوپەڕی ئەو سوودەی کە لێیەوە دەستم دەکەوت هێندە دەبوو کە دەیتوانی بۆ ماوەی دە ساڵێك خۆشەویستی‌یەکی ئاوێتەی ئازاری دنیام بۆ دابین بکات. دوای ئەوەش ئەگەر کوڕێکی باش و دڵسۆز و لە کاروباری دنیادا لێهاتوو بوایە، لەوانەیە هەندێ یارمەتی و هاوکاریی لەگەڵمدا بکردایە.

بەڵام بە مردنەکەی خۆشەویستی‌یەکی بێگەردی دەیان ملیۆن ساڵی بەهەشتی هەمیشەیی بۆ دەستەبەر کردم و، بوو بە تکاکارم لە لای خواوەندی میهرەبان، تاکو منیش بڕۆمە بەهەشتی هەمیشەیی خانەی بەختیاری. کەواتە

ئەگەر بەرژەوەندیی خۆیشم لێك بدەمەوە، دەبێ هیچ خەفەتێك نەخۆم، چونکە هەر شتێك کە خوا ویستی لەسەر بوونی هەبێت، هەر دەبێ ببێت. لە لایەکی تریشەوە: ئەگەر کەسێك سوودێکی گومان لێکراوی خێرای لە دەست دەرچوو بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەزار سوودی بێ گومانی داهاتووی ماوەیەك درەنگی بۆ بەجێ مابێت، هەرگیز خەفەت و ئازار دەرنابڕێت و نائومێدی سەری تێ ناکات).

● حاڵی سێهەم:

ئەم منداڵەی کە کۆچی دوایی کردووە، بەندە و بەدیهاتووی خوایەکی میهرەبان و خاوەن بەزەیی بوو، هەروەك هاوڕێ و برادەرێك بوو خوای گەورە لە لای دایك و باوکی داینابوو، تاکو لە ژێر چاودێریی ئەواندا بمێنێتەوە. هەروەها خواوەند ئەو دایك و باوکەی کردبوو بە دوو خزمەتکاری دڵسۆزی ئەو منداڵە.

پاداشتی پێشەکی و زووی ئەو خزمەتەیشی پێ بەخشیبوون، کە ئەو بەزەیی و شەفەقەتە بەتام و چێژەی باوك و دایکە بەرامبەر منداڵەکانیان. وا ئێستاش هەر ئەو بەدیهێنەرە خاوەن سۆز و بەزەییە کە - لە هەزاردا نۆسەد و نەوەد و نۆ بەشی ئەو منداڵە هی ئەوە - گەر میهرەبانی و دانستەکەی خواستیان وا بوو منداڵەکە ببەنەوە و کار و ئەرکەکانی ئەستۆی کۆتایی پێ بهێنن، ئایا دەبێ مرۆڤی موسڵمان و ئەهلی ئیمان بگرین و نائومێدی دەربېڕن؟ یان ئایا دەگونجێ دەست بکەن بە شین و هاوار و گریان، کە ئەمەش - لە ڕاستیدا - دەبێتە سکاڵا کردن لە خاوەنی هەزار بەشەکە لە بەرامبەر بەشێکی ساکاری بچووکەوە؟

ئەم چەشنە ڕەفتارە تەنها لە بێ ئاگا و گومڕایانەوە دەوەشێتەوە، نەك ئیمانداران!

● خاڵی چوارەم:

ئەگەر دنیا هەتاهەتایی بوایە..

ئەگەر مرۆڤ تیایدا هەمیشەیی بوایە..

یان:

ئەگەر "جودایی" ئەبەدی بوایە..

ئەو کاتە نائومێدی و خەفەت و ئازار واتایەکی تێدا دەبوو.

بەڵام مادەم دنیا میوانخانەیەکی سەرەڕێیە، ئەوا ئەو منالە کۆچ کردووە بۆ هەر لایەك بڕوات، ئێمەش و ئێوەش - هەمووومان - بێ گومان دەڕۆین بۆ ئەوێ. ئەم مردنەش تەنها بۆ ئەو نییە، بەڵکو ڕاستە شەقامێکە بۆ هەموان. هەر کەسێك لەم سەرزەوییەدایە دەبێ ڕۆژێك پیایدا بڕوات.

جا لەبەر ئەوەی جودایی هەمیشەیی نییە، ئەوا لە ڕۆژانی داهاتوو، چ لە بەرزەخ و چ لە بەهەشتدا، بە یەکتر شاد دەبنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە پێویستە مرۆڤ لە هەڵوێستێکی وادا بڵێت:

(ئەمە فەرمانی خوایە و.. هەر ئەو بەخشیویەتی و هەر ئەویش بردوویەتیەوە).

هاودەم لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێ کاڵای ئارامگرتن و شوکرانەبژێری بپۆشین و بڵێین:

"الحمد لله على كل حال".

● خاڵی پێنجەم:

میهرەبانی(شەفەقەت) ناسکترین و جوانترین و شیرینترین و پاکترینی درەوشانەوەکانی میهرەبانیی خواوەندە و، ئیکسیرێکی نوورانییە و، لە عیشق گەلێ کاریگەرترە و، کورتترین و زووترین ڕێگا و هۆی گەیشتنیشە بە خواوەندی گەورە.

بەڵێ، هەروەك عیشقی مەجازی و عیشقی دنیایی - دوای بڕینی چەند قۆناغێکی سەخت - مرۆڤ دەگەیەننە "عیشقی حەقیقی" و، لەوێوە خاوەنەکەی بە خوای باڵادەست دەگات، میهرەبانی و شەفەقەتیش بە هەمان جۆرە؛ دڵی مرۆڤ بە خوای خۆیەوە پەیوەست دەکات، تاکو لە کورتترین ڕێگا و بە جوانترین شێوە و بە بێ هیچ سەختی و گیروگرفتێکیش، بە خوای خۆی شەرەفمەند ببێت.

بێ گومان دایك و باوك - یان هەر کامێکیان - منالەکەیان خۆش دەوێت و پارچەیەکە لە جگەریان. جا هەرکاتێك منالْ لە باوکی دەسێنرێتەوە، گەر ئەو باوکە بەختەوەر و ئیماندار بێت، ڕوو لە دنیا وەردەچەرخێنێت و بەخشندەی ڕاستەقینە دەبینێتەوە و دەڵێت:

(مادەم دنیا دەبڕێتەوە، ئەوا شایانی دڵ پێوە بەستن نی‌یە. خۆ ئەو منالە بۆ هەر لایەك بڕوات، مرۆڤ هەست دەکات کە جۆرە پەیوەندی‌یەکی تایبەتیی لەگەڵدا هەیە).

بەم جۆرە سوودێکی مەعنەویی بەرز و گرنگی دەست دەکەوێت.

ئەم مزگێنی و مژدانەش تەنها بۆ ئیماندارانن. چونکە بێ ئاگا و گومڕایان لە مزگێنی و بەختەوەریی ئەم پێنج "ڕاستی"یە بێ بەشن.

دەتوانن ئەو بارە دەروونی‌یە ئازاربەخش و بەسۆیەی ئەوانتان بۆ دەربکەوێت کاتێ کە هەریەك لەوان بەم جۆرە بیر دەکاتەوە و دەبینێت:

تاقانەیەکی هەیە و زۆریشی خۆش دەوێت، کەچی ئێستا لە سەرەمەرگدا دەیبینێتەوە و، بیر لە سبەینێی ئەو ماڵەی دەکاتەوە لە بریی جێگا و پێخەفی نەرمی ماڵەوەی لەناو خاکدا ڕاکشاوە. هێندەش بە هەڵەدا چووە کە - بە ئەندێشەی خۆی - پێی وایە مردن "نەبوون" و "جودایی"یەکی هەمیشەییە و، لە لایەکی تریشەوە وا تێدەگات کە مرۆڤ بە هەتاهەتایی لە دنیادا

دەمێنێتەوە. ئنجا بە هیچ جۆرێکیش سۆز و بەزەیی خواوەندی میهرەبان و، نیعمەت و بەهەشتە ڕازاوەکەی ئەوی بە دڵدا نایەت!

تۆش دەتوانیت ئەمە بکەیت بە تەرازوویەك و ئەو خەفەت و ئازار و نائومێدی‌یەی ئەوانی پێ هەڵبسەنگێنیت، کە تەنانەت تروسکاییەکیش ڕووناکیی تێدا بەدی ناکەیت، با بۆ خۆت بزانیت تا چ ڕادەیەك تاریك و پڕ لە نائومێدی‌یە.

کەچی لە هەمان کاتدا ئیمان و ئیسلام - کە هۆی بەختەوەریی هەردوو دنیان - بە مرۆڤی باوەڕدار دەڵێن:

ئەم منداڵەی کە ئێستا لە ئازاری سەرەمەرگدایە، دوای دەرباز کردنی لەم دنیا کەم نرخ و فانی‌یە، بەدیهێنەری میهرەبانی دەینێرێت بۆ بەهەشتی بەرینی خۆی و، دەیکات بە تکاکارت لە ڕۆژی دواییدا. پاش ئەوەش دەبێت بە منداڵێکی خۆشەویستی هەمیشەییت.

کەواتە، مەشڵەژێ و هەرگیز خەفەت مەخۆ، چونکە ئەم جودایی و لێکدابڕانەی نێوانتان بۆ ماوەیەکی کاتی و کەم خایەنە. دەسا بۆ خۆت ئارام بگرە و، بڵێ:

"الحكم لله".

﴿إِنَّا للهِ وَإِنَّا إِلَيهِ راجِعُون﴾.

الباقي هو الباقي

سەعیدی نوورسی

لە بارەی ﴿وِلْدَانٌ مُخَلَّدُون﴾ەوە

باسمه سبحانه

ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئایەتی پیرۆزی: ﴿وِلْدَانٌ مُخَلَّدُون﴾ کە لە پەیامی: "پرسەی منالێك"دا باس کراوە، جیایە لەوەی کە بەشێك لە تەفسیرە کۆنەکان دەڵێن:

لە بەهەشتدا هەموو مرۆڤێك هەر لە بچووکترین منالەوە تا گەورەترین پیر، لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا دەبن.

حەقیقەتی ئەمە - والله أعلم - ئەمەی خوارەوەیە:

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە ڕاشکاوی دەستەواژەی: ﴿ولـــدان﴾ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش وا دەگەیەنێت:

ئەو منالە بچووکانەی پێش بالغ بوونیان مردوون و، بۆ بەجێهێنانی فەرزەکانی شەرع زۆریان لێ نەکراوە و، خۆیشیان لە ڕووی سوننەت و تەطەووعەوە ئەو فەرزانەیان ئەنجام نەداوە.. ئەو منالانە، لە بەهەشتدا هەر بە منالی و خۆشویستراوی و بە هەمیشەیی دەمێننەوە، بە چەشنێك شیاوی بەهەشت بێت.

بەلام ئەوانەی گەیشتوونەتە تەمەنی حەوت ساڵی و، دایك و باوکیان - لەبەر فێرکردن و ڕاهێنان - بۆ جێبەجێ کردنی فەرزەکان هانیان داون و،

لە دە ساڵیدا زۆریان لێ کردوون، وەك شەرع داوای کردووە، ئەوانیش لە حەوت ساڵی‌یەوە تا باڵغ بوون فەرزەکانیان - لەو ڕووەوە کە بۆ ئەوان سوننەتە، نەك فەرز - بەجێ‌هێناوە و، وەکو گەورەکان بەڕۆژوو بوون..

ئەوانە، بە چەشنی مرۆڤە گەورە ئایینداره‌کان پاداشت دەدرێنەوە و، لە بەهەشتدا - وەك ئەوان - لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا دەبن.

هەندێ تەفسیر ئەمەیان کردووە بە گشتی بۆ هەموو منداڵێك و، بێ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستی‌یە، لەو گومانەدان کە حوکمی ئەم ئایەتە گشتی بێت، کەچی تایبەتی‌یە.

سەعیدی نوورسی

لالانەوەیەك!

ئەی ئەو خۆشەویستانەم کە گوێ لەم یادخەرەوانە ڕادەگرن!
بزانن:
من هەندێ جار لالانەوەکانی دڵی خۆم دەنووسم کە بۆ پەروەردگاریان دەکەم، هەرچەند دەبوو بشارراناییەتەوە و نەنووسرانایە. چونکە لە میهرەبانیی خوای گەورە ئومێدەوارم کە کاتێ مردن زمانمی بێ دەنگ کرد، گوفتاری نووسینەکەمم لە بریی زمانم لێ وەربگرێت.
بەڵێ، تۆبەی زمانم لەم تەمەنە کورتەمدا هەموو گوناهە زۆرەکانم ناگرێتەوە و فریایان ناکەوێت. لەبەر ئەوە، دەمکردنەوەی نووسینە چەسپاو و بەردەوامەکەم دەتوانێت هەموو ئەو گوناهانە بەسەر بکات و بیانگرێتەوە!
ئەوەبوو سیازدە ساڵ پێش ئێستا و، لە کاتی شڵەژانێکی مەزنی باری ڕۆحی و گۆڕانی پێکەنینی "سەعیدی کۆن" بۆ گریانی "سەعیدی نوێ" بە بەرەبەیانی پیری لە خەوی شەوگاری لاوی بێداربوومەوە و، ئەم موناجات و لالانەوەیەم بە عەرەبی نووسی، کە ئەمە واتای هەندێکیەتی:
ئەی پەروەردگاری میهرەبان و خواوەندی بەخشندەم!
بەهۆی ئەوەی کردەوەی خراپم هەڵبژارد، تەمەن و لاویم لەدەست دەرچوو، ئەو بەرهەمانەشیان کە لە دەستمدا ماون، تەنها گوناهە پڕ ئێش و ئازارەکانیانە کە مرۆڤ ڕسوا و شەرمەزار دەکەن و زیانی پێ دەگەیەنن و لە

ڕێ لایدەدەن و، چەند وەسوەسەیەکن مرۆڤ بێزار و دەستەپاچە و کۆڵەوار دەکەن.

خۆ منیش بە بینین بۆم دەرکەوتووە کە بەوپەڕی پەلە و خێرایی و بێ هیچ لادان و ویستێکی خۆم و، بە چەشنی باوك و، باپیران و، خۆشەویستان و، خزمان و، هاوڕێیانم، لە دەرگای گۆڕ نزیك بوومەتەوە، کە خانەی تەنیاییە لە ڕێگای هەمیشەییدا، بۆ لێکدابڕانی هەتاهەتایی لەم خانەیەی کە بە دڵنیایی دەزانم خانەیەکی فانی و تیاچووە و، وەك بینراوە هەردەم لە ئاوابوون و کۆچکردندایە، بە تایبەت بۆ یەکێکی وەك منی خاوەن نەفسی بەدخوازی غەددار و فێڵباز.

دەسا ئەی پەروەردگاری میهرەبان و بەخشندەم!

بەم نزیکانە، دەبینم کفنەکەمم پۆشیوە و ڕۆشتوومەتە تابووتەکەم و ماڵئاواییم لە خۆشەویستانم کردووە و، ڕووەو دەرگای گۆڕەکەم کەوتوومەتە ڕێ. وا لە دەرگانەی میهرەبانیی تۆدا دەلالێمەوە و هاوار دەکەم:

الأمان.. الأمان.. یا حنان یا منان!

لە خەجاڵەتیی گوێڕایەڵی نەکردنت ڕزگارم بکە.

ئاخ.. وا کفنەکەم بە ئەستۆمەوەیە و لەسەر قەبرەکەم ڕاوەستاوم و سەرم بۆ دەرگانەی بەزەییت بەرز دەکەمەوە و، هانات بۆ دەهێنم و دەڵێم:

الأمان.. الأمان.. یا رحمن یا حنان!

لە قورسیی باری گوناھ ڕزگارم بکە.

ئاخ وا من بە کفنەکەم پێچراومەتەوە و، لە گۆڕەکەمدا نیشتەجێ بووم و ڕەوانەکەران بەجێیان هێشتووم و، چاوەڕێی لێبوردن و میهرەبانیتم و، بە چاو دەبینم کە جگە لای تۆ هیچ پەنا و دالدەیەك نییە و، هاوار دەکەم:

الأمـــان.. الأمـــان.. لەدەست تەنگیی جێگا و بێ هاودەمیی ئەنجامی تاوانباری و، لە دەست ناشیرینیی ڕووی گوناهەکان..

یارحمن.. یاحنان.. یامنان.. یادیان!

لە هاوەڵێتیی گوناهـ و تاوان ڕزگارم بکە.

ئەی خوای گەورەم!

تەنها میهرەبانی و بەزەیی تۆ داڵدە و پەنامە، سکاڵای خەم و پەژارەشم هەر تەنها بۆ لای تۆیە.

ئەی بەدیهێنەری بەخشندە و پەروەردگاری میهرەبان و گەورەم!

ئەم سەعیدە بەندە و بەدیهێنراوەی خۆت، کە هەم لاسار، هەم کۆڵەوار، هەم بێ دەستەڵات، هەم بێ ئاگا، هەم نەزان، هەم بیمار، هەم زەلیل، هەم خراپکار، هەم بەساڵاچوو، هەم بەدبەخت و، هەم لە گەورەی خۆی هەڵهاتوو.. وا دوای چل ساڵی هەڵهاتن، گەڕاوەتەوە و هانا و پەنای بۆ میهرەبانیی تۆ هێناوە و، دان بە تاوان و گوناهەکانیدا دەنێت و، گرفتاری چەندین وەهم و نەخۆشی بووە و، لێت دەپاڕێتەوە..

جا ئەگەر وەری بگریت و لێی خۆش ببیت و بەزەییت پێیدا بێتەوە، ئەوا تۆ ئەهل و شایانی ئەوەیت و لە هەموو میهرەبانێك میهرەبانتریت. دەنا پەنا بۆ چ دەرگایەکی جگە لە دەرگای تۆ ببات؟ لە کاتێکدا کە تەنها تۆ پەروەردگاری مەبەست و حەقی پەرستراویت؟

لا إله إلاّ أنت وحدك لا شريك لك.

آخر الكلام في الدنيا وأول الكلام في الآخرة وفي القبر:

أشهد أن لا إله إلاّ الله، وأشهد أنّ محمداً رسول الله، صلى الله تعالى عليه وسلم.

پێویستیی فێرەت

برا ئازیزە بەوەفاکانم!

"منالە خاوێن و بێ تاوانەکان" لە پێشەکیی هەموو ئەوانەوەن کە دەبن بە قوتابیی ڕاستەقینەی پەیامەکانی نوور، بەپێی داخوازی سروشتیان و، ڕووداوەکانی سەردەم. چونکە ئەو منالە ئەگەر هەر لە کاتی منالێدا وانەیەکی ئیمانیی بەهێز وەرنەگرێت، گەلێ دژوارە دوایی پایەکانی ئیمان و ئیسلام لە ڕۆحیدا جێگیر ببێت، تەنانەت کارێکی یەکجار قورس و پڕ گیروگرفت دەبێت، بە چەشنی ئەوەی داوا لە ناموسڵمانێك بکرێت ئیسلام وەربگرێت! بەڵکو زیاتر لەوەش بەلایەوە نامۆ دەبێت! بە تایبەت ئەگەر دایك و باوکی خۆی بە تەقوا و ئاییندارییەوە نەدیبێت و، مێشکیشی تەنها بە زانستە دنیاییەکان ئاخنرابێت و گۆش کرابێت..

لەم حاڵەتەدا، ئەم منالە لە بریی ئەوەی چاکە لەگەڵ دایك و باوکیدا بکات، بە ئەرکێکی قورسیان دەزانێت و چاوەڕوانی مردنیان دەبێت! لە قیامەتیشدا شەفاعەتکاریان نابێت، بەڵکو سکاڵایان لەدەست دەکات و دەڵێت:

(بۆچی ئیمانتان نەپاراستم و لەسەر ئیسلامەتی پەروەردەتان نەکردم)؟!

جا لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییە:

بەختەوەرترین منالْ ئەوانەن کە ڕۆشتوونەتە ناو بازنەی پەیامەکانی نوورەوە. چونکە ئەوان بەرامبەر باوکان و دایکانیان باش و خزمەتگوزاری بێ وەی و ئەمین دەبن بۆیان و، ڕێزی شایانیان دەگرن و، دوای مردنی

باوکان و دایکانیان، بە کردەوە چاکەکانی خۆیان، چاکە لە دەفتەری کردەوەکانی ئەو دایك و باوکانەدا تۆمار دەکەن و، لە قیامەتیشدا - هەر کەس بەپێی پلەی خۆی - شەفاعەتیان بۆ دەکەن.

بەشی دووهەمی قوتابیانی نوور: ئەو ئافرەتانەن کە لە سروشتی خۆیاندا هەست بە پێویستی دەکەن بۆ پەیامەکانی نوور. بە تایبەت ئەوانەی کە کەمێك لە دنیا دوورە پەرێزن. تەنانەت ئەوانەی دەستیان لێ داتەکاندووە، چونکە گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرزی تەمەن.

پەیامەکانی نوور بۆ ئەوانە خۆراکێکی مەعنەوییە، چونکە یەکێك لە بناغەکانی پەیامەکانی نوور "شەفەقەت"ە، کە یەکێکە لە جیلوەکانی ناوی: "الرحیم"ی خوای گەورە و، لە هەمان کاتیشدا هەوێن و کاکڵە و گەوهەری تایبەتیی ڕەگداکوتاوی ناو سروشتی ئافرەتە و، تایبەتمەندیی سەرەکییانە.

بەشی سێهەم: ئەو نەخۆش و پیرانەن کە بە وێنەی پێویستییان بە نان و دەرمان، پێویستیان بە پەیامەکانی نوورە، با بە شێوەیەکی ناسروشتیش بێت. چونکە پەیامەکانی نوور بە وێنەی ڕووناکیی خۆری ناوجەرگەی ئاسمان ژیانی هەمیشەییان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ماهییەتی ژیانی فانیی دنیایان پێش چاو دەخات. جا ئەو کەسانەی کە بەهۆی "نەخۆشی" یا "پیری"یەوە ئازار بە ژیانیان گەیشتووە و ئەوانەش کە مردن بە ئیعدامی هەمیشەیی دادەنێن، بەهۆی بێ ئاگایی و گومڕایی دەوروبەریان، هەموو ئەوانە پێویستیان بەو دڵنەوایی و دڵدانەوە و نووری ئومێدە هەیە کە لە پەیامەکانی نووردایە. بە ڕادەیەك کە "نەخۆشی" و "پیری"یان هێندە لەلا شیرین دەکات کە فەزڵی بەسەر "تەندروستی" و "لاوی"دا بدەن!

سەعیدی نوورسی

پوختەیەک لە ژیانی دانەر

* ناوی "بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی"یە.

* لە نێوان چیا بڵندەکان و لە گوندی "نوورس"ی سەر بە پارێزگای "بەدلیس"ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە.

* لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.

* "صۆفی میرزا"ی باوکی بە خواپەرستی و پیاوچاکی بەناوبانگ بووە و، هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی منداڵەکانی نەداوە.. خاتوو "نووریە"ی دایکیشی بە پاك و خاوێنی و دەستنوێژەوە نەبووبێت شیری بە منداڵەکانی نەداوە!

* دایکی لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و، باوکیشی لە ساڵەکانی بیستی سەدەی پێشوودا کۆچی دواییان کردووە و، لە گۆڕستانی گوندی نوورس نێژراون.

* چوارەم منداڵی خانەوادەکەیانە کە یەك لە دوای یەك ئەمانەن: (دوڕڕییە، خانم، عەبدوڵڵا، سەعید، محەممەد، عەبدولمەجید، مەرجان).

* لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بڕوانامەی زانایی لە زانستە ئیسلامییەکاندا بەدەست هێناوە.

* بە هەوڵ و تەقالای خۆی شارەزایی لە زانستەکانی ڕۆژگاردا، وەك: کیمیا فیزیا، بایۆلۆجی، جیۆلۆجی، بیرکاری، گەردوونناسی، جوگرافیا، هتد.. پەیدا کردووە.

★ لەبەر زیرەکیی ناوازە و لە ڕادەبەدەری، نازناوی (سەعیدی مەشهوور) پاشان (بەدیعوززەمان)ی لە لایەن زانایانەوە پێ دراوە.
★ یەکەم کەسە هەوڵی داوە بۆ دامەزراندنی زانکۆ لە کوردستاندا و، کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و، خوێندنی وانەی زانستەکانی سەردەم شان بە شانی زانستە ئاینییەکان.
★ گەورەترین کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمە و مەزنترین زانایە کە لە دوای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەناو نەتەوەی کورددا هاتووەتە دنیاوە و، ناوبانگی جیهانیی بۆ دروست بووە و، لە ڕووبەرێکی فراوانی سەر زەویدا سوود لە بەرهەمەکانی وەردەگیرێت.
★ تاکە کەسایەتی بووە کە هەموو زەبر و زەنگێکی مستەفا کەمال و دامودەزگا چەوسێنەرەکانی و سی و پێنج ساڵی بەندی و زیندانی تاکە کەسی و ڕەهەندەیی و دەست بەسەری و دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خەباتی ڕەوای خۆی کۆڵی پێ بدەن. تەنانەت ئەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.
★ زیاتر لە سەد و سی کتێب و نامیلکەی لە ژێر ناونیشانی (سەرجەمی پەیامەکانی نوور)دا نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە.
★ وەرگێڕانی سەرجەمی پەیامەکانی نوور بۆ (زمانی عەرەبی) لە لایەن مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی)یەوە تەواو بووە و، لە دە دانە بەرگی قەشەنگدا و لە هەردوو شاری ئەستەمبووڵ و قاهیرە چەند چاپێکی یەك لە دوای یەکیان تا ئێستا لێ بڵاوکراوەتەوە.
★ بەشێکی زۆریشیان لە لایەن خوشکی نۆموسڵمان: ماری وێڵد (شوکران واحیدە)وە کراون بە (زمانی ئینگلیزی) و، تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەیان بە چاپی جوان و مۆدێرن بەو زمانە لێ بڵاو کراوەتەوە.

*بە (زمانی کوردی)ش تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەی بە شێوەیەکی نایاب لێ چاپکراوە، جگە لە سی کتێب و نامیلکەی سەربەخۆ.

* ئەم پەیامانە بۆ چل و حەوت زمانی نەتەوەکانی جیهان وەرگێڕراون، کە تا ئێستا کاری وەرگێڕان تیایاندا بەردەوامە، وەك زمانەکانی:

ئەڵمانی، فەرەنسی، ڕووسی، ئۆردی، فارسی، ئیتالی، کۆجاراتی، مەلایا، ڕۆمانی، چینی، بولگاری، پورتوگالی، ئەلبانی، بۆسنی، ئیسپانی، مەقەدۆنی.. هەروەها گەلێ زمانی تریش.

* تا ئێستا زیاتر لە پازدە کۆنگرەی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیری لە ئاستی جیهاندا لەسەر کراوە و، دەیان کتێب و، سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و، چەندین بەڵگەنامەی زانکۆییشی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە، کە هەندێکیان لە کوردستاندا بووە.

* دواهەمین کۆنگرەی جیهانی لەسەر مامۆستا بەدیعوززەمان لە شاری ئەستەمبوڵ لە بەرواری (٣-٥/١٠/٢٠١٠ز)دا ساز کرا و، چەندین کەسایەتیی زانستی لە (چل و چوار) وڵاتەوە بەشدارییان تێدا کرد کە توێژەرانی (سی وسێ) وڵات لەوانە سەد و پێنج دانە توێژینەوەی زانستییان پێشکەش کرد.

* لە کوردستانی باشووریشدا، هەتا ئێستا سێ سیمینار تایبەت کراوە بە مامۆستا نوورسی و پەیامەکانی، لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، سۆران). هەروەك تا ئێستا سێ مزگەوت بە ناویەوە ناونراوە لە شارەکانی (سلێمانی، سۆران، کەرکووك).

* * *

پێرستی بابەتەکان

بابەت | **لاپەڕە**

پۆزش

ئەو باسەی کە لە لاپەڕە (٧٤-١٢٠)ی ئەم کتێبەدایە بە ناونیشانی: (هۆ و نهێنیی بەدبەختیی گومڕایان و بەختەوەریی ئیمانداران) مامۆستا سەعیدی نوورسی لە هەردوو (ڕابەری لاوان) و (ڕابەری خوشکان)دا داینـاوە. ئێمە لـە چـاپی یەکـەمی هـەردوو کیاندا، لەبەر گرانیی چـاپ، تەنها لە (ڕابەری خوشکان)دا بڵاومان کردەوە. ئێستاش لەم چاپە نوێیانەدا، لەبەر هەمان هۆکار، تەنـها لـەم ڕابـەرەدا دامـان نایـەوە. تکایـە خوێنەرانی کتێبی (ڕابەری لاوان)یش بفەرموون لە (ڕابەری خوشکان)دا بیخوێننەوە.

پێویستە ئەوەش بخەینە ڕوو کـە هـەموو تـاك و خـێزانێکی ئیمـاندار پێویسـتی بـە باسـەکانی هـەردوو ڕابەرەکـە دەبێـت و، هـەردوو کیان تەواوکەری یەکترین.

(پەیامەكانی نوور) بە زمانی كوردی

به پشتیوانیی خوای گەورە لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا ئەم كتێبانەی خوارەوەمان بە كوردی بڵاوكردووەتەوە:

یەكەم: لە شێوەی كتێب و نامیلكەی سەربەخۆدا

١ - پەیامی بیماران (چاپی سێهەم)

٢ - پەیامی پیران (چاپی دووهەم)

٣ - وتە بچووكەكان (چاپی سێهەم)

٤ - سروشت هونەرە یان هونەرمەند؟! (چاپی دووهەم)

٥ - مەلائیكەت و ژیانی دوارۆژ (چاپی دووهەم)

٦ - پەیامی ڕەمەزان (چاپی هەشتەم)

٧ - حیكمەتی خۆپەنادان لە شەیتان (چاپی دووهەم)

تێبینی: ئەم پەیامە لەگەڵ كتێبی ژمارە (٢١)یشدا بڵاوكراوەتەوە.

٨ - پەیامی ئیخلاس و برایەتی (چاپی سێهەم)

٩ - زللەی میهرەبانی (چاپی سێهەم)

١٠ - چارەسەری وەسوەسە (چاپی شەشەم)

١١- مرۆڤ و ئیمان (چاپی چوارەم)

١٢ - بەری درەختی ئیمان (چاپی دووهەم)

١٣ - موعجیزاتی ئەحمەدی (چاپی چوارەم)

١٤ - ئیجتیهاد لەم سەردەمەدا (چاپی دووهەم)

١٥ - پەنجەرەكان

١٦ - پەیامی حەشر (چاپی دووهەم)

١٧ - (من) خودیی مرۆڤ و بزووتنی گەردیلەكان لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا (چاپی دووهەم)

١٨ – ڕابەری لاوان (چاپی سێهەم)
١٩ – ڕابەری خوشکان (چاپی سێهەم)
٢٠ – ڕابەری خزمەتگوزارانی قورئان (چاپی دووهەم)
٢١ – ڕاستی‌یەکانی ئیمان
٢٢ – ڕاستیی تەوحید
٢٣ – شوکرانەبژێری (چاپی دووهەم)
٢٤ – بینینەکانی گەشتیارێك
٢٥ – میعراجی پێغەمبەر ﷺ (چاپی دووهەم)
٢٦ – موعجیزاتی قورئانی
٢٧ – لاوێتیی قورئان
٢٨ – سوننەتی پێغەمبەر ﷺ پلیکانە و ڕێبازە (چاپی دووهەم)
٢٩ – نوورەکانی حەقیقەت
٣٠ – موناجات

ئەو کتێبانەی لە بازاڕدا نەماون، بە پشتیوانیی خوای گەورە، چاپ دەکرێنەوە.

دووهەم: لە شێوەی کۆمەڵە پەیام و بەرگی گەورەدا:

١ – (وتەکان)
٢ – (مەکتووبات)
٣ – (بریسکەکان)
٤ – (تیشکەکان)
٥ – (پاشبەندەکان)

خوا یار بێ بەرگەکانی تریش بە دەستەوەن کە یەك لە دوای یەك بە کوردی چاپ بکرێن.

* * *

مرشد الأخَوات

من كليات رسائل النور التي ألفها:

الأستاذ بديع الزمان سعيد النورسي

ترجمها من التركية إلى العربية: **الأستاذ إحسان قاسم الصالحي**

نقلها من العربية إلى الكردية: **فاروق رسول يحيـــى**

الطبعة الثالثة (المنقحة)

١٤٣٣هـ/٢٠١١م

* * *

A GUIDE FOR WOMEN

From the Risale-i Nur Collection


By:

Bediuzzaman Said Nursi

Translated from Arabic into Kurdish by:

Farooq Rasool Yahya

2011



خوشکی بەڕێز و کچی ئازیزم!

ئەگەر دەتەوێت بزانیت:

- سۆز و شەفەقەتی ئافرەت داخوازی چییە؟
- چ جۆرە تام و چێژێك ڕەوایە و، سەروزیادی مرۆڤە؟
- "ئیمان" چۆن فێنکی بە "دڵ" و حەوانەوە بە "گیان"ی ئادەمیزاد دەبەخشێت؟
- "پۆشتەیی" چەندە خواستێکی سروشتیی ئافرەتانە؟
- "خۆشەویستی" چۆن لە هەردوو دنیادا سوودبەخش دەبێت؟
- چۆن "ئافرەتان" پێشەنگی پێشوازین لە پەیامەکانی نوور؟

ئەگەر حەزت لە زانینی ئەمانە و بابەتەکانی هاوشێوەیانە،
ئەوا فەرموو بە شێنەیی ئەم (ڕابەر)ە بخوێنەرەوە.

نرخی (٢٥٠٠) دینارە